# بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی



ستران عەبدوڵڵا

بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی

ستران عەبدوڵڵا

2011



ئایا دونیاکەمان بەو شێوە بوو کە ئەم گۆشەیە وێنای کردووەو بەو شێوەیە دەبێت کە پێشبینی کردووە، ئەمە خوێنەر دەتوانێت هەڵیبسەنگێنێ و دەمودەورانیش دەتوانن لە مەنگەنەی واقیعی بدەن.

بەڵام ئەگەر هیوا بخوازم هیوام وایە ئەوی لە( نها )دا پێشبینیم کردووە لە خێرو خۆشی سا خوا بەدی بێت و ئەوی بە چاویلکەی رەشەوە لێم روانیووە خوایە فیشەکی سەرچیغ و لە نیشتنەوەشدا چروك بێت تا زیانی بۆ هیچ بنیادەمێك نەبێت.

**ستران عەبدوڵڵا**

# بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

چاپی یەكەم 2011

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتوورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی 2010 ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەلایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

- ناوی كتێب: **بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی**
- ناوی نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**
- نۆرەی چاپ: **چاپی یەكەم**
- تیراژ: **(1000) دانە**
- ژمارەی سپاردن: ( 1991 ) **بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكانی ساڵی** 2011.
- ژمارەی زنجیرە: 410
- چاپ: **دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**
- **لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران. ساڵی 2011**

***وێنەی سەر بەرگی كتێبەكە تابلۆیەكە گوزارشت لە خوێن و فرمێسكی ڕژاوی (كۆمۆنەی پاریس) دەكات. لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.**

## پێشەکی ناوێت

بۆ کورتە نووسین پێشەکی نەگەرەکە. چونکە گۆشەی (نها) وەك گۆشەیەکی رۆژانە لە ماوەی نزیکەی چوار مانگدا، خۆی لەبەردەم خوێنەراندا هەڵکردبوو، زادەی گفتوگۆ و ئاوێنەی رووداوەکانی سەرەتای ساڵی (2011) تا سەرەتای نیوەی دووەمی هەمان ساڵ بوو، ئەوی بە بەهاری عەرەبی ناسراو پریشکی گەیشتە کوردستانیش. (نها) چاوێکی گومان و چاوێکی هیوای گەش بوو بۆ دەرکەوتەکانی بەهار و نیشانەکانی پایز، هەر دەبێ هەموو دیاردەیەکی گشتی بەوشێوەیە بێت کە دوو دیوی هەبێت. دیوێك سەلبی و دیوێك ئیجابی. زیاتر لەوەش ئەمڕۆ ئەم باهۆزی گۆڕانکارییە



گەورەیەی رۆژهەڵاتی ناڤین، جگە لە کاریگەرییە سیاسییە راستەوخۆکانی، بمانەوێ و نەمانەوێ، بۆتە کەرەستەو دەسکەلا بەدەست چالاکان و دەستەبژێری کوردستانیشەوە، کە هەر کەسەو بۆ لای خۆی و بەمەبەستی خۆی دەرکەوتەکانی بەکار دێنێ و شیکردنەوەکانی بەو ئاڕاستەیە دەبات کە تەرجەمەیەکی کوردی شێواوی لێ هەڵهێنجێنێ. بۆ ئەمە جۆرێك لەبەرەنگاری فیکری رۆژانە پێویست بوو. ئیدیعا دەکەم لە (نها)دا هەوڵمدا ئەو بەرەنگارییەش بکەم. زیاتر ناڵێم خۆتان گۆشەکە بدوێنن.

**نووسەر**

(1)

# رۆژی دواتر

هەر کێ حەزی لەچارەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان نییە باسی نموونەی راپەرینەکەی میسرت بۆ دەکات، بۆ وەزن و قافیە تونسیشی تێدەخەن کە سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان گوتبووی تا شۆڕشیان نەکرد هیچم لەسەر نەدەزانین. ئەوەی حەزی لێیە دەسەڵاتی کوردستان سەرنگوم بێت چاوی لەمیسرە، بەڵام میسرێک کەزەمەنی تەجرەبەکەی تا شەوی وازهێنانی حوسنی موبارەکە، ئیتر کەس باسی میسری دوای موبارەکمان بۆ ناکات؟ چونکە ئەم (برایان)ەی لای خۆمان تا ئەوکاتە ئیشیان بەئەزموونی میسرە کەبۆ خۆیان دەست بدات، میسری دوای راپەرینی گەنجانی فەیسبوک چۆنەو چۆن کارەکانی رایی دەکات؟ ئەمە کێشەی ئەوان نییە.

ئەمریکییەکان کۆڵێک پارەیان لەوەدا خەرجکرد داخۆ رۆژی دوای رزگاری عیراق چۆن دەبێت؟ ئەمەش بایەخی قۆناغی دواتر دەردەخات.

ئەوانەی سیاسەتی ((هەڵوەشاندنەوەو بروخێ)) رەچاو دەکەن حەز ناکەن لەسەر قۆناغی دوای هەڵوەشاندنەوەو رووخان



پرسیاریان لێ بکەین، لەسەر ئەو سیاسەتەی لەمیسرو لەتونس دەگوزەرێت بیاندوێنین، سیاسەتێک کەحیمایەکانی یوسف قەرزاوی پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر وائیل غونیەم نەکا وتار بدات، نەکا لەبەردەرکی سەرای قاهیرە، کە بەزمانی شیرینی کوردی (ساحەی تەحریر)ی پێدەڵێن، خەونێکی گەنجانە بگێڕێتەوە.

پرسیار لەپرەنسیپی (ئەی رۆژی دواتر چی دەقەومێت)؟ پرسیارێکە ئەژنۆشکێن، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی خەونی رووخانیان لا ئاسانترە تا واقیعی بونیاتنانەوە.

مەنسوری حیکمەت، باوکی رۆحی کۆمۆنیستەکانی کوردستان، شتێکی بەو مانایە هەیە کە((لێم مەپرسن دوای رووخان چی دەکەین، بۆ لەخەڵکی ترتان نەپرسی؟))

سەرکردایەتی مایک بەدەستی خۆپیشاندانەکان نایانەوێ کەس لێیان بپرسێ ئەرێ ئێوە ئەمڕۆ مایک بۆ خۆتان قۆرخ دەکەن ئەی سبەینێ کە دەستتان رۆیشت چیتر قۆرخ دەکەن؟ کام قەرزاوی کوردستان پاڵ بە وائیل غونیەمێکی فەیسبوکەوە دەنێت کە نەخەڵەتابێت باوەڕ بەئازادی ئەم (برایان)ە بکات.

گەنجان تا ئەوکاتە سەروەرن کەهێرشبەرن، وەختێک رۆژی دواتر دێت دەبێ بەرزە پێ هەڵسن لەبەردەم ئەوانەی لەپشتەوە رووداوەکان ئاڕاستە دەکەن.

(2)

# با خۆمان بین

چونکە برایانی ئۆپۆزسیۆن خەم و خولیایان دووبارەکردنەوەی نموونەکەی میسرو تونس و یەمەن، یانی نموونەی پایتەختە عەرەبییەکانە، ئەوا گەلێک لە نموونەکەی قەزافی دەترسن، مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی شتێکی وای گوت گوایە نابێ دەسەڵاتی کوردستان کە بینی رەفتاری دەسەڵاتی لیبیا سەر دەگرێت لە کوردستان دووبارەی بکاتەوە.

نموونەکە روون و ئاشکرایە: هەر کەس لەدیدی خۆیەوە سەیری مۆدێلەکانی بەردەستی دەکات، چونکە خۆیان ئیلهامیان لە مۆدێلی دەرەوە وەرگرتووە وا دەزانن دەسەڵاتی کوردستانیش دامەزراوەیەکی مۆنیتەری داناوە داخۆ لە لیبیا یان مەدەغشر، چۆن رەفتار لەگەڵ خۆپیشاندەراندا دەکەن؟

نامەوێ وای دەربخەم کوردستان دورگەیەکی دابڕاوە لەکاریگەری رووداوو دەرهاویشتەکانی ناوچەکەو جیهان. شتی وا جاران نەدەبوو، کەڕادیۆی شرۆشەق بەدونیای دەرەوەی گرێدەداین، نها چۆن دەبێت کە لەسەد لاوە بەسەد داوەوە پەیوەستی (فەیسبوک تا تویتەر)ین. بەڵام کاریگەرییەکە وابێ هیچ



هەق و حیسابێک بۆ فاکتەری ناوخۆیی و ململانێکانی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردستان نەکەین، بەڕاستی جێی پەژارەو دڵنەواییە. ئێمە وا وابەستەی فەرهەنگی و سیاسی بین کە لە سەحرای میسر باران باری لەکوردستانی شاخاوی چەتری بۆ هەڵدەین کارێکی خراپە، وەک ئەوەی لەگەڵ بارانی مۆسکۆدا کردمان.

کوردستان کوردستانە نەک شوێنێکی تر. وا بڕیار بوو دوای دوو دەیە لەحوکمی خۆماڵی ململانێ و شەڕە سیاسییەکانی مەفتەنی ئێمە وەڵامدەرەوەی ریزبەندی و هاوسەنگی هێزو پێویستییەکانی قۆناغی نوێی رزگاری بێت.

بەس بەداخەوە ئێستا لێرە ئۆپۆزسیۆن کۆپییەکی زەقی مۆدێلەکانی تر دەهێنێ، گرتە لەدوای گرتە(یان زەنگە زەنگە) چاوی لێدەکات و چاوەڕێی دووپات بوونەوەیتی. ئەگەر گرتەیەکی لەوەی وڵاتەکانی تر نەچوو ئەوا کاسێتەکە بۆ سەرەتا هەڵدەکاتەوە داخۆ بزانێ لەکوێ پساوە تا لەوێ گرێی بداتەوە.

برادەرێکی مۆدێلخوازی بیانی زۆری مەراق بوو بزانێ مام جەلال لە فلان باسدا چاو لە ماندێلا یان عەرەفات دەکات، رای منی پرسی، گوتم: هیچیان! مام جەلال چاو لەمام جەلال دەکات.

نهاش دەڵێم با نە لە خۆپیشاندانکردندا چاو لە تونس و میسر بکەین و نە لە بەرپەرچدانەوەشدا قەزافی بین، با هەر چی دەکەین وەک خۆمان و بۆ خۆمان و بە خۆمانی بکەین، هەڵقوڵاوی پێویستییەکانی خۆمان بێت. وابزانم خەڵکی تریش هەر وا دەکات.

(3)

## مەلای دراماتیکی

کێ دەڵێ لەوڵاتی ئێمە وەرچەرخان روونادات، یان وەکو درامانووسەکان دەڵێن پەرەسەندنی دراماتیکی. ئەوەتا لەدوو مانگدا مەلای سیاسی لەپێشێلکاری ئازادییەوە کارەکتەری خۆی دەگۆڕێ و لەبەردەرکی سەرا دەبێتە ئازادیخواز. چەند هەفتە بەری خۆپیشاندانەکان مەلا دەمکوتکەرەکان لەکتێب و هونەرەجوانەکان راستبوونەوە. هەنووکە ناوێری تیلەبازی لەگەڵ یەکێکیان بکەیت دەستەو دامێنی ئۆپۆزسیۆن دەبێت فریامکەون ئازادی لەخەتەردایە!

قوڕبەسەر ئازادی کە مەلای ئوسوڵی بیکاتە کەرەستەی فرۆشتنی کاڵای سیاسی. پەندە ئیفرەنجییەکە لەنموونەیەکی واوە سەریهەڵداوە: (ئەی ئازادی چەند تاوانت بەناوەوە دەکرێ)، وا هەرزان بویت نەیارەکانیشت بەنرخی هەرزان بتکڕن. جاران خەڵک لەڕێی تۆدا شەهید دەبوون، ئەمڕۆ لەبازاڕی سەودای گەرما مەلا نوێژی سیاسی بەناوی تۆوە بەرپا دەکات.

کێ خەتابارە لەم گۆڕانە دراماتیکییە؟ (برایان)ی ئۆپۆزسیۆن قسە لەسەر هەر شتێک دەکەن دەڵێن سیناریۆی دەسەڵاتە لەکاتێکدا یەکەمین کەس باسی سیناریۆی کرد سەرۆکی گۆڕان بوو کە



لەجێی (پلان A و پلان B) گوتی سیناریۆی خۆمان هەیە. دەڵێی مەبەستی پیلان A و پیلان Bبێت وەڵڵاهوئەعلەم، بەو هۆنینەوە درامییە هەر خۆیان دەرەقەتی تەفسیرکردنی دێن و دەتوانن لەشەو و رۆژێکدا مەلاکان لەقەدەغەکاری ئازادییەوە بکەن بەوتاربێژی (مەیدانی ئازادی).

رۆشنبیران دەورانێکیان لەململانێ لەگەڵ مەلای جیهادی بەسەر برد تا ئەو ئەندازەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کەوتە نێوانەوە نەوەک ئاشتی کۆمەڵایەتی بشەمزێ. ئەوانەیان کەدۆستی گۆڕانن مودەتێکیان لەنیشاندانی مۆدێلە رۆژئاواییەکانی دیموکراسی و عەلمانی بەسەر برد. ئێستا لەهەڵپەی (دەیگۆڕین)دا تەنزیر بۆ دەرکەوتنی مەلای جیهادخواز دەکەن.

خوا خۆی کارسازی کارانەو دەزانێ ناو لەپی داهاتوو چی تێدایە؟ ئەگەر رۆژێ بۆ عیبرەت ویستی سایەی مەلای جیهادمان پێ نیشان بدا کتێب نامێنێ پەندی لێوەرگرین و هونەرە جوانەکانیش قەدەغە دەکرێت تا دراما لەسەر پەشیمانی ئەو رووناکبیرانە ببینین کەبۆ گۆڕان چوون و کوردەواریشیان لەگەڵ خۆیاندا تووشی دۆڕان کرد.

(4)

## هاوپەیمانێتی لەگەڵ مەرگ دۆستیدا

وتەزای (جا ئیسلامییەکانیش رۆڵەی ئەم وڵاتەن) قۆناغێکی ئینتیقالییە بەرەو قبوڵکردنی حوکمی ئوسولی و هەڵقوڕاندنی جامێک کە ئەگەر ژەهریشی تێدابێت گوناهی خۆمانەو نابێ گلەیی لە بەختی خۆمان بکەن.

ئەم وتەزایە دەستوپەنجە نەرمکردنێکی هەرزانە لەگەڵ ئیسلامی ئوسوڵی و تەنزیرکردنە بۆ هاوپەیمانێتی دوور مەودای نێوان دیموکراسی و توندڕەوی.

کەس لاری نییە لەوەی ئیسلامییەکانیش رۆڵەی ئەم گەلەن و ئەسڵەن مەسەلەی ئینتیما بۆ نیشتمان بابەتێکی جێی گومان نییە تا پێویست بەجەخت لەسەرکردنەوە بکات.

قسە لەسەر ئینتیمای کەس نییە، بەڵکو قسە لەسەر خاوەندارێتییە، ئیسلامی سیاسی ئەو کاتە مەترسی نییە کە ئینتیمای بۆ ئەو گەل و نیشتمانە هەبێت، بەڵکو ئەو کاتە هەڕەشەیە کە خاوەندارێتییەکی رەها لەم گەل و نیشتمانە بکات و ئەوەی بۆ خۆی قبوڵە بۆ خەڵکی تری قبوڵ نەبێت.



قسە لەسەر بەشداری ئیسلامییەکان نییە لە حوکمڕانی و پرۆسەی سیاسیدا ، چونکە ئەوە رێگای پادشاییە بۆ لە قاودانی مەترسی توندڕەوییەکەیان، بەڵکو قسە لەسەر تەنزیری هەرزانە بۆ رەوایی بەخشین بە مەیلی خاوەندارێتی رەهای گەل و نیشتمان کە سەراپای پرۆژەی ئیسلامی سیاسی داگیرکردووە.

وەختێک رووناکبیرانی ژیاندۆست دێن ئەشهەدوومابیلا بۆ ئیسلامییەکان دەکەن بێ ئەوەی چکۆلەترین تەنازولیان پێ بسەلمێنن و لەقۆناغی خۆ بەموقەدەس زانییەوە بیانگوازنەوە بۆ قۆناغی هێزگەلێکی سەرزەمینی کە دەشێ هەڵەو چاکە بکەن و نەیارە سیاسییەکانیان وەک بێ دین و غەیرە دین تەکفیر نەکەن، ئەمە مانای وایە ئەم رووناکبیرانە وەک فاوست رۆحی خۆیان فرۆشتووە بە شەیتان و تەپڵ و زیکرو بوخریان پێویستە تا دێنەوە سەر خۆیان.

وتەزای جا ئیسلامییەکانیش رۆڵەی ئەم وڵاتەن دوا وشەی قۆناغی ئینتیقالییە بەرەو قبوڵکردنی حوکمی مەرگدۆستی و پێچانەوەی تایتڵی جارانە کە تەنانەت بە حزبە دیموکراتخوازو نەتەوەییەکانی کوردستانیشیان دەوت: مەرگدۆستن! بۆیە رەخنەمان لێتان هەیە.

لە حاڵی وتەزای وادا کە کاروانی ژیاندۆستی لەگۆڕستانی توندڕەوی و تەکفیردا دەنێژێ ، هەر دەبێ بڵێین: مەرگدۆستی وەک ئەوەی حزبەکانی خۆمان ناگۆڕینەوە بەسەد ژیاندۆستی لای هاوپەیمانی ناپیرۆز لەگەڵ توندڕەوی ئیسلامی لە وێنە جیاجیاکانیدا .

(5)

## سووتاندنی قۆناغەکان

باوەڕم بە تیۆری سووتاندنی قۆناغەکان نییە، بە لانی کەمەوە تەجرەبەی (گەشەی ناسەرمایەداری) کە دەستەواژەیەکی دێرینی مارکسستە لینینیستەکانە، ئەم راستییەی سەلماند، ئەوی قۆناغەکان بسووتێنێ قۆناغەکان دەیسووتێنن، پەلە بکەیت لە سوورکردنەوەی تاوەی هێلکە و ڕۆن دەستت دەسووتێ و دەستگریش فریای هاوارت ناکەوێت.

بەڵام چی دەڵێی کورد ئارەزووی لە سووتاندنی قۆناغەکانە و پەلەیەتی باز بە سەر گەشەی سروشتی خۆیدا بدات.

بە ڕای من پۆڵ بریمەر حاکمی مەدەنی عیراق لە ساڵی (2004)دا، لە هیچ شرۆڤەو وەسفێکیدا موەفەق نەبوو تەنها لەوەدا کە گوتبووی کورد ئەوەندە پەلەیەتی چاوەڕێ ناکات چایەکە کەمێک ساردبێتەوە، فووی تێدەکات یان بە ژێرپیاڵە دەیخوات، تەنانەت ئەو وەسفەشی لە شوێنێکی خراپدا بەکارهێنا، چونکە ئەو خۆشی پەلەی بوو، هەرچەندە مارکسستی نەبوو، بەڵام وەک مارکسستێکی سۆڤێتی بڕوای بە سووتاندنی قۆناغەکان هەبوو، پەلەی بوو دۆخەکە تەسلیمی حکومەتی عەللاوی بکات، بۆیە بە پەلە



هاتوو و بە پەلەش چوو. تا ئێستاش ئەمریکایی و عیراقییەکان باجی هەڵەکانی دەدەنەوە.

بریمەر رۆیی و وەک خشتەبەندیش کراوە لە کۆتایی ساڵدا سوپای ئەمریکاش دەگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی، بەڵام خووی سووتاندنی قۆناغەکان لە کوردستان وەکو خۆیەتی، ئێستا پەلە کاری وا پەیدابوون چاوەڕێ ناکەن چایەکە دەم بداو لە پیاڵە بخرێت، چای لیپتۆن دەخۆن کە لوتکەی سووتاندنی قۆناغەکانی چا لێنانە، بەڵام لوتکەی سووتاندنی چێژ وەرگرتنیشە لە چای راستەقینە.

لەکوردستان هەن پەلەیانە لە سیاسەتدا زووبەزوو بگەنە قۆناغی حوسنی موبارەک تا هەنجەتیان هەبێ بۆ لابردنی حوکمڕانی ئێستا، ئەمانە لەژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا لە کۆنەپەرستترین کەسەکانن، لە سیاسەتدا نیولیبراڵ و لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا دەجال و لە پلەی بەرزی فەرهەنگیدا رووت و رەجاڵن.

کوردستان لای ئەمانە وەک میسرە لە ئیستحقاقی گۆڕانکاریی سیاسیدا، بەڵام ناخوازن کوردستان لە فەرهەنگ و دابی کۆمەڵایەتی و ژیاندۆستیدا بگاتە شانوشەوکەتی میسر کە وڵاتێکی رۆژهەڵاتییە و هەنجەتی ئەوەی بە سەردا جێبەجێ نابێ کە بڵێن ناگەینە ئاستی، چونکە رۆژئاواییە.

کۆپیخوازانی تەجرەبەی میسرو تونس فۆکسیان هەر لەسەر دۆسێی سیاسی ئەو دوو وڵاتەیە، بەڵام کەیفیان بە گەشەی ژیان لەو دوو مەڵبەندە رۆژهەڵاتییە نایەت.

حەزیان لە سووتاندنی قۆناغەکەیە: بێ ئەوەی بە ڕۆژگاری سوعاد حوسنیدا بڕۆن حەز دەکەن بگەنە شەوگاری حوسنی موبارەک.



(6)

## جەمسەرگیری

من لەگەڵ یەکێتی و پارتییەکانی تردا سەیری کەناڵەکانی ئۆپۆزسیۆن ناکەم، گۆڕانەکان و یەکگرتوو و کۆمەڵەکانیش سەیری کەناڵەکانی حزبە حوکمڕانەکان ناکەن.

بەمجۆرە کەسمان سەیری ئەویتر ناکەین، باشە کەناڵەکانمان دەیانەوێ کاریگەری لەسەر کێ دابنێن؟

دەزانم ئەمە دانپیانانێکی سەیرەو لەگەڵ گیانی دیموکراسی و ئیدارەی ململانێدا ناگونجێ.

دیموکراسی لەو رووەوە کە سەیرکردنی کەناڵی نەیارەکان بۆ هەردوولامان یەکسانە بە گوێگرتن لە ڕەخنەو تێڕوانینەکانی یەکتری و هەڵکردن لەگەڵ ئەو رەخنەو تێڕوانینانە، ئیدارەی ململانێش بەمانای ئەوەی ئەگەر سەیری کەناڵی نەیارەکان نەکەیت چۆن دەتوانی بەرپەرچیان بدەیتەوەو قسە لە قسەکانیان بکەیت؟

ئەمە قاعیدەیەکە ئیستسنا(هەڵاوێردکردن)ی تێدایە، یانی هەردوولامان جار بەجار بە دزەی چاو سەیری یەکتری دەکەین، بەڵام وەک دەڵێت هەڵاوێردکردن بۆ جێگیرکردنی قاعیدەکەو تەئکیدکردنەوەیەتی.

لێرە دوو پرسیار دێتە پێشەوە:

-کەناڵەکان روویان لەکێیە؟

-حزبەکانی حوکمڕان و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەکوێ بە یەک بگەن؟

با لە پرسیاری دووەمەوە دەستپێبکەین:

هەردوولا لە کوێ بەیەک بگەن و چ شوێنێک ببێتە سەکۆی گوێگرتن لە یەکتری؟

میدیا ئەهلییەکان کە لە شێنەییدا شتێکی تێدا دەهێڵنەوە تا بڵێن ئەهلین و لە تەنگژەی وەکو ئەوەی ئێستاو لەدەمی دوو هەڵبژاردنی پێشوودا کەوتنە باوەشی گۆڕانەوە، ئایا ئەوێ دەتوانێ سەکۆیەکی بێ لایەن بێ و ئیدارە دەرەکانی خەڵکانێکی دادگەرو بە ویژدان بن، ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێی مایکی بەردەرکی سەرا ئازادەو بۆ هەموو دەنگ و رەنگێکی جیاواز لەکایەدایە!

بۆ پرسیاری یەکەم:

کەناڵەکان روویان لەکێیە کە کەس کاغەزی ئەویتر نەخوێنێتەوە، دەبێ بڵێین روویان لە:

-زۆرینەی بێدەنگی خەڵکە کە کۆنترۆڵی تیڤیان بەدەستەو دەمێک سەیری ئۆپۆزسیۆن و دەمێکیش سەیری حوکمڕانان دەکەن. ئەمانە دوودڵن و لەوانەیە ئاڕاستەی میدیا کار لە هەڵوێستیان بکات.



-کەمینەی دوو دڵ لەدۆستەکانی هەردوولا. بۆ ئەوەی دوودڵ نەبن ئەم بەرە هەوڵدەدا لای خۆی گلی بداتەوەو ئەو بەرەیەش دەیەوێت بیهێنێتەوە ریزی خۆی.

هەتا ئەم تەنگژە میدیاییە هەبێت، ئەم تەنگژە سیاسییە درێژە دەکێشێ. چونکە ئەوی میدیاکە رەنگدەرەوەی جەمسەرگیرییە سیاسییەکەیە.

(7)

# فایلەکە لەتوپەت دەکەن

دوا راپۆرتی گروپی تەنگژەی نێودەوڵەتی لەسەر کەرکوک وەک یەکەم راپۆرتێتی: کێشەکە بەسڕینەوەی کێشەکە چارەسەر بکەن و ببڕێتەوە، هیچ مەدەنە کوردو با دۆخەکە بۆ سەد ساڵی تر وا بمێنێتەوە، بەڵکو گروپەکە کەرەستەی سەد راپۆرتی تری بۆ بلوێ. ئەم رێگایە ئاسانە بۆ ئەوانەی تاقەتی چارەسەری هیچ کێشەیەکیان نییە، وەک ئەوە وایە بێژن مەسەلەی کورد، بەو شێوە چارە بکەن کەدۆسێکەی لەتوپەت بکەن و فڕێیبدەنە رووباری دیجلەو فوراتەوە.

زەمانێک بوو شۆڕشی گەورەی عەرەب هاوتەریبی ناوی لۆرانسی عەرەب بوو، نەوتی عیراق بەزیکری رێژەی کۆبلکیانەوە رەنگکرابوو، عیراقی حەفتاکان مارکەی ناونیشانی عەدنان قەیسی بوو، لەم زەمانەدا باسوخواسی کەرکوک بێ ناوی گروپی تەنگژەی نێودەوڵەتی دەقێکی ناتەواوە. ئەگەر مەبەستی کاک هیلتەرمان لەم هەموو چوون و نەچوونەی دۆسێی ناوچە دابڕاوەکان ئەم هاوتەرییبیە بێت، ئەوا ئاواتی



وان هاتەدی. لێ دیار نییە ئاواتی کەرکوکییەکان بەمجۆرە نەخشەڕێگایە چۆن دێتەدی؟

نەخشەڕێگای هیلتەرمانی لایەنگری بەهێزەکانەو داوا لەزوڵملێکراو دەکات دەستبەرداری مافی رەوای خۆی بێت، بۆ نموونە لەدوا راپۆرتدا کەدێتەسەر سەرژمێریی دانیشتووان لەخانەی نەتەوەدا بێ سڵەمینەوە داوا دەکات خانەکە لاببرێت کەکێشەی لەسەرە.

راستە ئەم پێشنیازە وادێتە بەرچاو کەکێشەکە چارەسەر دەکات، بەڵام چارەسەری تەراویلکەیە، چونکە کێشەکە بە(چارەسەرکردنی) یەکلایی ناکاتەوە، بەڵکو بە(لەناوبردنی) یەکلایی دەکاتەوە.

لابردنی خانەی نەتەوە داوای هلیتەرمان و داوای عەرەب و تورکمانەکانیشە. کەچی هێشتنەوەی هەم دەستووریی و هەم داوای کوردیشە. بەمجۆرە پێشنیازی گروپەکە دەچێتە باوەشی عەرەب و تورکمانەوەو لەگەڵ ویستی کورددا ناکۆکە لەکاتێکدا ئەوەی کورد داوای دەکات لەگەڵ دەستوورو یاسای وڵاتدا گونجاوەو لەدژی بەرژەوەندیی عەرەب و تورکمانیش نییە مەگەر بەرژەوەندیی ئەم دوانە خۆی لەزیانگەیاندن بەکوردو بەدەستوورو بەسەرژمێرییەکی وردو زانستیدا خۆی ببینێتەوە؟

(8)

## تۆڵە لێرە دەکەنەوە

لە قورئاندا هاتووە (ولا تزر وازرة وزر أخرى) تەفسیری ئەمە لای موجتەهیدین و لای ئیماندارانیش ئەوەیە تاوانی هیچ کەسێک لە ئەستۆی کەسێکی تر نییە، مرۆڤ و کۆمەڵگاکان هەر یەکەیان بایی خۆیان کەموکوڕی و زەنبیان هەیە کە پێویست نەکات بە زەنب و کەموکوڕی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانی تریش خۆیان باربکەن یان باربکرێن. هەر لەناو فەزایەکی ئیمانداری وا دایە کە کورد ئیدیۆمی (هەر کەس دەچێتە قەبری خۆیەوە) بەکار دێنێت، بەمانا کەس تاوانی کەسی تر هەڵناگرێ و هەر کەسەو بەرپرسە لەتاوانی خۆی. باشە یەکگرتوو و کۆمەڵ و گۆڕانی هاوپەیمانیشیان بۆ عەمەل بەم ئایەتەو بەو تەفسیری ئایەتە ناکەن لە کاتێکدا فەزایەکی سیاسی ئەوتۆیان دروستکردووە کە هێما دینییەکان ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەگێڕێت تا خەڵک بگەنە ئەو قەناعەتەی ئەم سیستمەی کوردستان تەکفیر بکەن.

هەر سێ هێزەکەی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لە سەر تاوانی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتە عەرەبییەکان و بەتایبەتیش



میسر سزا دەدەن! تاوانی ئەوانیش لەسەر شانی کوردستان بار دەکەن.

لەوێ دەوڵەتی دیکتاتۆری و لێرە هەرێمێک کە لە قۆناغی پەڕینەوەدایە بۆ دیموکراسییەکی جێگیر، لەوێ ئۆپۆزسیۆن چەند دەیە ململانێی لەگەڵ دەسەڵات دەکرد کەچی نەیتوانی ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر لە پەرلەمان، تا دواجار لە پەرلەمانی میسر کرایە دەرەوە ، لێرە ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ دەرکەوت بەهێز و تواناوە دەرکەوت، لە میسر حوکمی نائاسایی و تەواری چەندین ساڵە بەرپایەو ئیسلامییەکان لێیان قەدەغە بوو حزبیان هەبێ. لە کوردستان ئیسلامییەکان بە شل و توندیانەوە دانپیانراوو ڕێزلێگیراو و بودجە پێدراویشن، کەچی بەو هەموو جیاوازیەشەوە چونکە لەوێ ئیسلامییەکان لە موبارەک تەوەللا بوون بۆیە ئەمان لێرە دەستیان دایە خۆگۆشەگیرکردن و خۆدابڕین لە دەسەڵات، چونکە وەک کابرای پشدەر کە وایدەبینی پۆلیس هەر پۆلیسە لە بەغدا بێت یان پشدەر، دەسەڵات هەر دەسەڵاتە لە میسر تاوانی کردووەو لەئیخوانی هەڵپێچابوو با لێرە تۆڵەی لێبکەینەوە! وانەی میسر بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی کوردستان ئەوە نییە شۆڕش هەیەو دەبێ چاوی لێبکرێت، بەڵکو ئەوەیە مادام لە میسر موبارەک بەو ئاسانییە ڕێی بۆ ئیخوان خۆشکرد با ئێمەش وابکەین تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی کوردستان وەکو موبارەکیش لەحوکمدا نەچەقیبێت.

(9)

# یەک هەنگاو و سەد قسە

یەک کرداری چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەد وتاری داکۆکی و هاتنە دەنگی ئێمە دێنێ، یەک کرداری یەکێتی و پارتی وەک دوو پێکهێنەری سەرەکی حکومەتی هەرێم لەبواری چاکسازی و نوێکردنەوەو جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لیستی کوردستانی لەهەڵبژاردنی 2009/7/25دا سەد قسەی پشتیوانی و فاسیلی تەلەفزیۆنی و هاتنە دەنگی میدیای هەردوو حزب دێنێ، داکۆکی ئێمە لەڕێرەوی گشتی حوکمڕانی کوردستانی و پرۆسەی دیموکراسی و گەشەی شێنەیی و نۆرماڵی تەجرەبەکەیە، بەڵام جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگای چاکسازی و بەرنامەی حوکمڕانی هەر بەحکومەتی هەرێم، هەر بە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و پشتیوانی یەکێتی و پارتی دەکرێت.

ژ بەر هەندێ بڕیاری حکومەتی هەرێم بۆ گێڕانەوەی موڵک و ماڵی دەوڵەت لەبیناو دامودەزگا حکومییەکان و بەتەنگەوە هاتنی یەکێتی و پارتی بۆ ئەم بڕیارە هەنگاوی کردەیی گەورەن لەڕێی چاکسازیدا.



با حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتیش لەم ئازایەتی و بڕیاردانەی خۆیان نەترسن، پەشیمان نەبنەوەو چاوەڕێی پاداشت یان بەتەنگەوەهاتنی ئۆپۆزسیۆن نەبن، ئەمە لەم دۆخە جەمسەرگیرییەدا زۆر زەحمەتە، زەحمەتە لەم گرژییە سیاسییەدا ئۆپۆزسیۆن ئەشهەدو مابیلا بۆ هیچ هەنگاوێکی حکومەت بکەن، بەپێچەوانەوە لەوانەیە بڵێن لەژێر گوشاری ئێمەدا وایانکرد، با وابڵێن، قەیدی چییە ئەگەر یەکێتی و پارتی وەک دوو حزبی حوکمڕان، حکومەتی هەرێم وەک حکومەتێکی هەڵبژێردراو داوایەک بسەلمێنن کە لەبەرنامەی لیستەکەی خۆشیاندا هاتووەو بەشێکی 17 خاڵەکەی پەرلەمانیشە. ئەم حکومەتە لەگۆشتوخوێن دروستکراوەو هەستی هەیە، دڵی لەبەرد نییەو گوێی لەئاستی گوشارو پێشنیازدا دانەخستووە، خۆ ئێمە ئۆپۆزسیۆنی گۆڕانخواز نین بچین بەقینداو گوێ لەهیچ پێشنیازێک نەگرین.

شانازییە بۆ حکومەتی هەرێم داخوازییەکی ڕاستەقینە جێبەجێ بکات با تەنانەت ئەم هێزو ئەو هێز بۆ مۆزایەدە پێشنیازیان کردبێ.

چاوەڕێی پاداشتی ئەوان مەبن، میللەت خۆی پاداشت و سەنەدە.

(10)

# مەکتەبی سیاسیش چۆڵ بکەین

جاری پێشوو لەسەر تەسلیمکردنەوەی بارەگاکان قسەم کرد، لەسەر کاریگەری یەک کرداری وا لەچاو سەد وتاری وا. ئەمڕۆ درێژەی پێدەدەم:

بەڕای من کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی مەکتەبی سیاسییەکەشی چۆڵ بکات و ئەو بینا حکومییە تەسلیمی پەروەردە بکاتەوە.

لە نەوەدەکاندا مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچوالان بوو، ئەمە هیچ ڕێگر نەبوو لەوەی یەکێتی لەناو دڵی جەماوەری سلێمانی و کوردستاندا بێت، بۆ ئەوانەی لەساڵی 2011 تەمەنیان بۆتە هەژدە ساڵ و لە هەڵبژاردنی داهاتووی پارێزگاکاندا دەنگ دەدەن، خراپ نییە ئەو راستییە بێژین کە ئەوی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچوالانەوە هێنایە ناو سلێمانی، سەرۆکی ئێستای حزبی گۆڕان بوو.

ساڵی 2005 بەڕێز نەوشیروان مستەفا بە زۆری زۆردار مەکتەبی سیاسی هێنایە ناو جەرگەی شارەوە وەک یەکێک لە هێماکانی گوایە ریفۆرم و چاکسازی لە ڕوانگەی خۆیەوە، بۆیە ئێستا بردنەوەی مەکتەبی سیاسی بۆ شوێنی خۆی، بۆ قەڵاچوالان،



هەم پێدانەوەی بینایەکی جوان و شایستەیە بۆ خوێندنگە یان پەیمانگە یان کۆلێژێکی مامۆستایان و هەم پێچانەوەی قۆناغی زۆرداری نەوشیروان مستەفایە کە قۆناغی تێکەڵکردنی حزب و حکومەتە وەک دوانەیەکی سیامی.

چوونەوەی مەکتەبی سیاسی بۆ قەڵاچوالان پێدانەوەی موڵکی حکومەتە بە حکومەت و لە هەمانکاتدا چوونە دەرەوەی بارەگایەکی حزبییە بۆ دەرەوەی شارو بەشداریکردنیشە لە کەمکردنەوەی دیاردەیەکی حزبایەتی زەق . یەکێتی سلێمانی و مەڵبەندی سلێمانی و چەند کۆمیتەیەکی بەسە لە کاتی بانگەوازو چالاکی حزبیدا ئامادەو سازبن بۆ داکۆکی لە حزبەکەیان و روونکردنەوەی سیاسەت و روانینەکانی وەک لە 3/7دا بینیمان.

ئەم هەنگاوانە رەمزین، بەڵام کاریگەریی گەورە لەسەر خەڵک بەجێدێڵن و نیەتی یەکێتی بۆ چاکسازی و دەستکاری سیستمی حزبایەتی دەردەخات بە جۆرێک کە حزبێکی کەم تەکلیف و زۆر ئەکتیڤ بێت. چونکە مام وتەنی چاکسازی هەر بە خۆمان دەکرێت. پێموایە بڕیاری دیکەشمان پێویست دەبێت بۆ پوختکردنەوە و تەرشیقکردنەوەی خۆمان.

هەموو گۆڕانکارییەکی واش ژانی بەدواوە دەبێ، بەڵام ئەو ژانە کاتی و ژانی ئیرادە وەرگرتنە بۆ قۆناغێکی نوێ.

(11)

# خەتای خۆمانە

خەتــای خۆمــانە کە هەنــدێک خەڵــک بەم حــزبە تێکۆشــەرە، دیموکراتخوازو خــاوەن ســەبری شۆڕشــگێڕییە دەڵێــت بەعــسی و جەلــلادو دیکتــاتۆر. خەتــای ســەرکردایەتی و کادرەکــانە کە کــۆنە تیرۆریــست و تــازە رۆژنــامەنووس مــوزایەدەی ئــازادی بەســەر کــادری یەکێتییــەوە دەکـــەن.بێــدەنگی ئــێمە مەســجێکی هەڵەی ناردووە.

هـــــــەندێک بە شــەڕی کـــــــۆنە قــین و بە تەکـــــنەلۆژیای نوێوە دەیەوێت ئەوی بەتوندوتیژی و پیلانگێڕی پێی نەکرا ئەمڕۆ بەهــات و هــاواری (ئــازادی، ئــازادی) جێبەجێــی بکــات، ئەوی لە مەنتیقــی گفتـــــوگــــــۆدا پێــی نەکــرا دەیەوێــت بەتــۆمەتی بەعـــسیبوون و گەنـــدەڵبوون، نـــاوو نـــاتۆرەی جـــــــەللادو دەستماچکەرو پێڵاوماچکەر تێی بهێنێتەوەو کەمێک مایە بــۆ خــۆی پەیدا بکاتەوە.

شێتگیری ئەوەن کە نەیانتوانی یەکێــتی پەلکێــشی پەرچەکــردار بــکەن، بــۆیە رۆژێــک بە قەزافــی و رۆژێکــی تــر بە بەعــسمان دەچووێنن. بێ ئاگا لەوەی ئەمجــۆرە تۆمەتبــارکردنە بــێ فاکــت و



بەڵگەیە خووی نزیکی فاشیستەکانە، چــونکە تەشــهیر و ئیرهــابی فیکری بەرهەمی دابونەریتی فاشیستەکانە.

خەتــای خۆمــانە کەوامــان پــێ دەکەن و پــێ دەڵــێن، ئەمــڕۆ یەکێتییەکان چەند جۆرین:

-جۆرێــک هێنــدە باوەڕمــان بەخۆمــانە وا دەزانــین هەڵمەتــی عەوامفریوی نەیارەکانمان کار لە کەس ناکات.

-جــۆرێکی تــریش ئەرکەکەمــان بــۆ خەڵکــی تــر جێهێــشتووەو پاساوی بێ هیمەتی خۆمان بەوە دەدەینەوە (للكعبة رب يحمية).

هەڤاڵان! دەبێ لەسەر حزبەکەمان بێینە جــواب، چــونکە دەهێنــێ بەردی بۆ هەڵبگرین بە شانان.

داکۆکی لە یەکێتی بەشێکی چاکسازییە. ئەگەر یەکێتــی نەمێنــێ چاکــسازی لەچیــدا دەکەیــن؟ راســتییەکەی ئەگەر یەکێتــی نەبــێ ئەوانەی هێرشیش دەکەنە سەر یەکێتی و تۆمەت و پەلاماری دەدەن ناتوانن لەمەیدانەکەدا بمێننەوە. دەبێ لەبەر خۆمان و لەبەر ئەوانەی نەیاریشمانن لەسەر یەکێتی بێینە دەنگ!

دیموکراسی روونکردنەوەی راستییەکان بۆ ئێمەشە. ئەگەر بــۆ نەیارەکانمان رەوا بێت بوختان بــۆ یەکێتــی بــکەن، ئەوا بــۆ ئــێمە سەد جار رەوایە راستییەکان بڵێین.

ئەگەر قەرارە دیموکراســی وا فــراوان بێــت جێــی درۆی تێــدا بێتەوە خۆ شایانترە راستیش لەو گۆڕەپانە فراوانە دا جێ بگرێت.

(12)

# بەرپرسیارێتی هەڵناگرن

یەکەمجارە لە مێژوودا شتی وا بقەومێت کە ئازادیخوازان نەوێرن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن. لە هەموو چیرۆکەکانی ئازادیدا، ئازادیخوازان بەرپرسیارترین کەسەکانن، بوێرترین گروپن کە شان دەدەنە بەر بەرپرسیارێتی و بەتایبەتیش بەرپرسیارێتی گشتی، چونکە ئەمە دەرفەتێکە بۆ دەرخستنی دەربەستی و بەتەنگەوەهاتن بەرامبەر بەخەڵک و خاوەندارێتی لەکێشەکانیان.

یەکەمجارە کە (ئازادیخواز)ی سەرا و هەڵسوڕێنەرانیان لە ئۆپۆزسیۆن بچووکترین بەرپرسیارێتی بەرامبەر شەئنی گشتی هەڵناگرن. یەکەم رۆژی خۆپیشاندانەکان لە2/17 رێکخەرانی خۆپیشاندان خۆیان لەدەرەنجامەکەی نەکردە خاوەن کە توندوتیژی لێکەوتەوە، نەوشیروان مستەفا کە بەلاغەکەی (1/29)ی فەزاسازی بۆ توندوتیژی کرد، لە (2/17)دا بێبەرییوونی خۆی راگەیاند و خۆپیشاندەرەکانی بە ئاژاوەگێڕ دانا و لەترسا وتی ئامادەم هاوکاری دەزگا فەرمییەکان بکەم. کەچی وەک چۆن خۆی لە خاوەندارێتی خۆپیشاندانەکە بێبەری کرد ئاوەهاش خۆی لەو بەڵێنە شاردەوە کە هاوکاری (دەزگا فەرمییەکان) بکاو دواتریش



راگەیاندنە (سەربەخۆ)کەی گوزارشتی (ئاژاوەگێڕ)ی نا بە تەوێڵی راگەیاندنی دەسەڵاتەوە.

هەینی (تورە)ش کە دیسانەوە دەستەیەک خۆپیشاندانەکەیان بە لاڕێدا بردو لەجێی شەڕی گەندەڵی کردیانە شەڕی بەردە فڕکێ و تاک قەنەفە لەبازاڕ سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکان خۆیان لەو کەسانە بێبەری کردو دایانە پاڵ سیناریۆی دەسەڵات گوایە خەڵکی خۆی خزاندۆتە ناو خۆپیشاندانەکانەوەو بەردبارانی پۆلیسی خۆی دەکات. لەکاتێکدا ئەمانە بەڵگەی ئەوەن ئەم سەرکردایەتییە کاتییە ناتوانێ بەرپرسیارێتی چالاکییەکانی هەڵبگرێ و خاوەندارێتی لەو تەعبیئە نەفسی و سیاسییە بکات کە رۆژانە خۆپیشاندەرانی پێ جۆش دەدات و لەژیان و لەکوردستان نائومێدیان دەکات و هەینی تورەیان بۆ سازدەدات کەچی دەرەنجامی تووڕەبوونەکەشیان دەخاتە ئەستۆی سیناریۆوە و دەشیەوێت حکومەت لەسەر شێوانی بازاڕ نەیەتە جواب.

لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەبووە ئەوانەی شان دەدەنە بەر کۆبوونەوەی بەرفراوان لە شوێنە گشتییەکان ئامادە نەبن دەرەنجامیی کردارو رەفتاریان بگرنەئەستۆ.

ئەگەر بەڕاست ئازادیخوازن و بەشێک نین لەسیناریۆی ئۆپۆزسیۆنی کودەتاچی دەبێ بەرپرسیارێتی خۆیان نیشانبدەن تا خەڵک متمانەیان پێبکات.

(13)

## هاواریان لێ هەڵدەستێت

ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان تا سەر ئێسقان پەیڕەوی لەسیاسەتی دوو فاقی دەکات، نەک دووفاقی بگرە ئەگەر بەرهەمێکی خستبێتە سەر سیاسەت ئەوا چەند فاقێتییە.

ڕەخنە لەهەر دیاردەیەک دەگرن، واتە خۆیان کردوویانەو لێبوونەتەوە ئینجا هاتوونەتە سەر ئەوەی لەخەڵکی تری قەدەغە بکەن.

هەژدە ساڵ لەم وڵاتە حاکم بوون و بەشێکی ئەو کەموکوڕیانەی ئێستا کردوویانەتە دەسکەلای شەڕی سیاسییان، خۆیان یان بەشدارن تییدا یان ئاسانکارییان بۆ کردووە، یان چاویان لێ پۆشیووە بێ ئەوەی باس لەم فەرهەنگە تازەیە بکەن کەدەمێکە لەوڵاتان هەیە، بەڵام ئەوان ئەمڕۆ بەمەسڵەحەتیان زانی لەچەکمەجە دەربیێنن: مەبەستم فەرهەنگی حوکمی یاساو دادپەروەرییە.

ئەم فەرهەنگە جوانە، ناونیشانە بۆ حوکمڕانییەکی ژیرانە کەدیموکراسی دابین دەکات، هەم لەپێکهاتەی حوکمڕانی و هەم لەدابەشکردنی سامان و موقەدەراتی وڵاتدا، بەڵام پرسیار ئەوەیە سەرکردایەتیی گۆڕان تازە لەم سێ ساڵە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم



چەمکە جوانانەی حوکمڕانی پەیداکردووە یاخود ئەم فەرهەنگە چەند سەدەیەکە لەڕۆژئاوا بڵاوبۆتەوەو چەند دەیەیە کێشە لەڕۆژهەڵات خەبات بۆ چەسپاندنی دەکرێت، بەس ئەوانە ئەمڕۆ تووشی بە(ئاگاهاتنەوەی ویژدانی) هاتوون؟

نەخێر! ئەوانە بۆیە ئێستا دەم لەباسوخواسی وا دەدەن، چونکە ئیشیان پێیەتی و بەشێکی ماکیاج و ماسکی تازەیانە، یان وەکو لەکوردەواری دەڵێن: تڕوتفاقی ئیشەکە وا دەخوازێت.

وەختێک مەسڵەحەتیان بوو حزب و حکومەت پێکەوە نووسابن درێغییان نەدەکردو باسێکیان لەیاساو دادپەروەری نەبوو. وەختێک جیابوونەوە کەوتە بیریان کەلتووری حوکمڕانی شتی جوانیشی تێدایەو پێویستە جێبەجێ ببن. تەنانەت لەسەر حکومەتیش ناوەستن تا بەشێک لەچەوتییەکانی دەستچنی ئەوان چارەسەر بکات و موزایەدەی ئەوەی بەسەردا دەکەن کەدەبێ ئەمڕۆ نەک سبەی ئەوە بکات کەهەژدە ساڵ خۆیان پێچەوانەکەیان دەکرد.

ئەگەر دەخوازن بزانن چەند ئیزدواجین لەم خیتابە تازەیەشیان ئەو چەمکانە بەسەر خۆیاندا پراکتیزە بکەن بزانە هاواریان لێ هەڵناسێت؟

(14)

## یاسا ... یاسا

باشترین ڕێگا بۆ ڕێزگرتن لەیاسا، جێبەجێکردنێتی. یاساکان با جوان و ڕێکوپێکیش بن تا جێبەجێنەکرێت کەس ناڵێت ئەشەهەدوومابیلا جوان و بەقیافەتن. یاساکان با کەموکوڕی و کەلێنیان تێدا بێت تا جێبەجێ نەکرێت ئەو کەموکوڕی و خەوشانە دەرناکەون و ئەنگێزەی دەستکاری و چاکسازییان گەڵاڵە نابێت و نابنە پڕۆژە بۆ دەستکاری و چاکسازی تیایاندا. نابێ یاسا ببێتە بەشێک لەسەفسەتەو گفتوگۆی دەستەبژێرەکان، یان ببێتە دەسکەلا بەدەست ئەوانەی حەزیان لەیاسایە تا ئەو کاتەی خۆیان ناگرێتەوە و تا ئەو کاتەی دەستەواژەی بێوەیی نێو وەقائیعی کوردستان و وەقائیعی عیراقین. یاسا کەرەستەی نمایشی دەستەبژێری سیاسی و تیفتیفەی دەستی ئەو کارەکتەرو ئەو حزبی سیاسی نییە، بەڵکو یاسا دەسکەلای کۆمەڵگەو دەوڵەتە بۆ پاراستنی گرێبەستی کۆمەلایەتی و گرێبەستی حوکمڕانی.

یاسا یان بۆ جێبەجێکردنە یان دەستی لێنەدرێ و لەسەر ڕەفەکان تۆزی لێ بنیشێت. هەیبەتی کۆمەڵگاو دەوڵەتیش لەمەدایە تا چەند یاسا جێبەجێدەکرێت، ئەوەی بەدوای ڕێزی یاساوەیە



لەکرداردا بەدوایدا بگەڕێت. دەبێ یاسا جێبەجێ بکرێت ئینجا قسەی تر بکرێت. نەک یاسا پێشێڵ بکرێت و بیانووی جۆراوجۆری وەک یاساکە خراپەو کەلێنی تێدایە ببێتە ڕێگە خۆشکەر بۆ پشێوی و دوای ئەوە بوترێ: قسەی تری لێدەکەین.

قسەی تر نییەو قسە قسەی یاسایەو نزیکەی بیست ساڵە یاسا داڕێژەری کوردستانی پیازی پاک نەکردووە تا خەتی ڕاست و چەپ بەسەر هەر هەوڵێک بۆ جێبەجێکردنی یاسادا بهێنێت.

با یاسا جێبەجێ بکەین بزانین وڵاتەکەمان بۆ کوێ دەڕوات؟ بزانین چاکی یاساکان و کەلێنەکانی لەکوێن؟

با یاسا خۆی لەسەر ئەو دەسەڵاتدارو ئەو کارەکتەری ئۆپۆزسیۆن پەک نەخات. با یاسا نەچێتە جەدەلی بێ کۆتاییەوە، لەپراکتیزەدا جەدەل کۆتایی پێبهێنێ.

(15)

## باشووری سودان

زۆر باشە! ئەوا ئیتر دوای دوو مانگ، خۆپیشاندان لەسەر ریتمی میسری تەواو بوو، کاتی خۆیەتی بپرسین ئەی شوێنی نموونەی سودانی لەکوێ ئەکەنەوە؟ کەی دەپەرژێنە سەر باسکردنی نموونەی دیموکراسییەک کە باشووری سودانی لەڕاپرسییەکی گشتیدا لەخەرتووم جیاکردەوە؟

وڵاتێک هەیە ناوی سودانە، هەر بەتەنیشت وڵاتی میسرەوەیە کەدوو مانگ لەکوردستان هەوڵدرا چاو لەشێوەی خۆپیشاندانەکانی بکرێ، ئەویش بەشێکە لەو مەملەکەتەی پێیدەوترێ جیهانی عەرەبی و چەندین جیهانی پەنهانی کپکراوی هەیە. ئەم سودانە دوو هەفتە پێش دیموکراسییەکەی مەیدانی تەحریر لەمیسر گۆڕەپانی نەبەردییەکی دیموکراسی بوو لەجۆرێکی تر. دیموکراسی بۆ نەتەوەو گروپەکان. ڕاپەڕینەکەی میسر بۆ مافی تاکەکان و ئەوەی سودان بۆ مافی نەتەوەیی باشوورییەکان بوو کەدوای خەباتێکی دوورودرێژی میللی توانی سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێت و لەسایەی حوکمی عروبەو ئوسولیزم نەجاتی بێت.



کەی دەرفەتی تێفکرینمان لەنموونەی جنوبی سودان دەبێت و کام گۆڕەپان دەکەینە شانۆی بانگەواز بۆ مۆدێلی راپرسی وا؟ ئەوەی لەباشووری سودان روویدا شایانترە کوردستان لەدەرس و پەندەکانی رابمێنێ.

بەر لەسێ مانگ ناسیونالیزمی پاوانخوازی عەرەبی ناچار بوو کەبێتە پای قبوڵکردنی مافی چارەنووسی میللەتێکی زوڵملێکراو. هەفتەیەک بەر لەخۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی تەحریر لەقاهیرە بووم، کێت دەبینی باسوخواسی جیابوونەوەی سودان و دیموکراتیزەکردنی میسری دەهێنایە گۆڕێ، کەگەڕامەوە لەمیسر بەرپابوو، بەڵام لەکوردستان باس هەر باسی ئەوەی میسر بوو، نەک سودان.

لەجێی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن رەخنەی خۆی لەدەسەڵات بگەیەنێتە پرسی نموونەی باشووری سودان، تەنها لە(تەنگژەی) حوکمڕانیدا قەتیسی کرد.

چونکە ئۆپۆزسیۆنی کوردستان (گۆڕان)ی هەیە کەخەبات بۆ چوارچێوەی شارەوانییەک دەکا، کۆمەڵ و یەکگرتووشی هەیە کەحەز ناکەن کەس تانە لەعومەر بەشیری دۆستە ئیسلامییەکەیان بدات.

(16)

# ڕەزیان سووتان

پیرۆزباییەکی گەرم لە بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەکەم، لە هەموو عەلمانییەکانی ناو حزبی گۆڕان، لە بەشێک لە هەڤاڵەکانی دێرینمان کە ئێستا لە حزبی گۆڕان کار دەکەن ، پیرۆزباییەکی گەرم لەڕووناکبیرانی دۆستی گۆڕان دەکەم کە (توانییان کوردستان لەخوتووخۆڕایی تەسلیمی ئیسلامی سیاسی بکەن لەو کاتەی پێیان وایە ئەوان ئیسلامیی سیاسییان کردۆتە دەسکەلای ئامانجە تەکتیکییەکانیان و لەولاوە لەپشکی ستراتیژیی کۆمەڵی کوردەواریی دەخۆن یانی دیلان وتەنی: (نەک شوشە شکا، وا ڕەز ئەسووتێ)

پیرۆزباییان لێ دەکەم کە لە داخی ئەوەی خۆیان نەیانتوانی دەست بەسەر موقەدەراتی حکومڕانیدا بگرن و لە دەست یەکێتی و پارتی دەربێنن کارێکیان کرد وڵاتەکەمانیان لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەشی بزاوتی ئیسلامیی سیاسی کرد و هیچیشیان لە بەرامبەردا وەرنەگرت مەگەر هەقی ئۆخەی کردن کە توانیان ئەزێت بە یەکێتی و پارتی بگەیەنن، کە توانیان یەدەگێکی سیاسی بۆ شەپۆلی ئیسلامیی ئوسوڵی دابین بکەن تا ئەگەر سبەی دۆخەکە لە



هەر هەلومەرجێکدا شێوا ئەوان بتوانن هەموو دەستکەوتەکانی ڕەوتی دیموکراسی و عەلمانی لە کوردستان بپێچنەوە و بمانگێڕنەوە بۆ خاڵی سفر. ئەمەشیان لە سەودایەکی هەرزاندا کرد کە کەمترین گرنتی و بەڵێننامەشیان لێ چنگ نەکەوت، نە بۆ خۆیان و نە بۆ دیموکراسیی و عەلمانییەکان کە هیچ نەبێ بۆ مسۆگەری ئایندەیەکی تر ئیسلامییەکان ناچار بکەن دەست و پەنجە لەگەڵ دیموکراسی و ئازادییەکاندا نەرم بکەن.

دەستخۆشیتان لێدەکەم کە کوردستانتان بەم دەردە برد کە سەد ساڵی تر دەردی چارە نەبێت ، چونکە ئیسلامی سیاسی لە هەر مەملەکەتێک گەشەی کرد ئیتر نە مەملەکەت دەوری دەمێنێ و نە ئیسلامەتی و نە دیموکراسی و بێگومان نە گۆڕان و یەکێتیش.

سەیرکەن! رق چی لە مرۆڤ دەکات، ناچارە بۆ داگیرساندنی جگەرەیەک سەر بە ماڵی نەیارەکانیدا بکات کە بەناوی داگیرسانی تاڵێ شقارتەوە دارستانێک دەسووتێنن.

(17)

# بەلاغی ریئاسی

لەنێوان هەموو ئەو بەلاغانەی لەسەر ئەم رەوشە دەرچوون، بەلاغێک بەناوی (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) سەرنجراکێشترینیانە. میرزانووسی ئەم بەیاننامەیەو ئەو (سەرۆکایەتییە)ی لەپشت ئەم بەلاغەوەن شایانی ئەوەن خەڵاتی رێزلێنان بۆ ئەدەبیاتی گاڵتەوگەپی سیاسی وەربگرن، لە هیچ شوێنێکی دنیادا شتی وا نەقەوماوە سەرۆکایەتییەکی هەڵبژێردراو کە نوێنەرایەتی قانوونی خەڵکی پارێزگایەک بکات ئاوەها بەیاننامەی پێچەوانەی ئەرکی دیموکراتی و قانوونی خۆی دەربکات.

ئەم بەلاغە سەیر و عەجیبە لەبەلاغی ئەنجومەنی ئینقلاب یان ئەفسەرانی ئازادیخواز دەچێت تا بەیاننامەی دەزگایەکی لۆکاڵی کە بەپێی قانوون بۆ خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنی پارێزگایەک هەڵبژێردراوە.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وادەزانێت بە ئەلقابگەلشیرین و قەبەی وەک (رئاسە مجلس) ئەسڵی بنەچەی خۆی دەشارێتەوە، زۆرینەی ئەنجومەنەکە لیستی یەکێتییە کە



ئەندامە گۆڕانخوازەکانی هەڵگەڕاونەتەوەو بەشوێن پێی پارێزگاری پێشوودا دوای گردەکە کەوتوون، ئەمانە وا دەزانن خەڵک نازانێت لەبنەچەدا بەدەنگی لایەنگرانی یەکێتی دەسەڵاتیان پەیداکردووەو ئێستاش لەبەر چاوەڕوانی هەڵبژاردنی داهاتووی پارێزگاکان و ئەو بۆشاییە یاساییەی بۆتە کەلێنێک و ئەوان دزەیان لێوەی کردووە، لە سەر کار ماون، ئەم ئەنجومەنە ماوە بەسەرچووە خۆی لێ گۆڕاوەو وادەزانێت ئێستاش خەڵک بە هەمان گەنجێتی جاران و بەچاوی سەرۆکایەتی دەزگایەکی خزمەتگوزار سەیریان دەکات.

(سەرۆکایەتی ئەنجومەن) کە خزمەتی سلێمانی تەنها لەخزمەتی گردێکدا قەتیس کرد، لە جێی ئەوەی هیچ نەبێ داوای هێورکردنەوەی بارودۆخی شارەکە بکات، بەناوی ئازادی و مافی خۆپیشاندانەوە تەمجیدی گرژی و بەلاڕێدا بردنی خۆپیشاندان دەکات و هەموو تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتێک کە بە پێی یاسا دەبێت خۆی بەشێک بێت لێی چ وەک هەرەمی بەرپرسیارێتی و چ وەک ئەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی، وەکو دەسەڵاتی خۆشی، بەهەڵبژاردن و بەیاسا هاتوون، بەڵام ئەم سەرۆکایەتییەی ئەم خولەی پارێزگا دەزانێ لە نزیکترین دەرفەتدا خۆری ئاوا دەبێت بۆیە هەر لەئێستاوە بە زمانی ئەنجومەنی کۆمپانیای گردەکەوە قسە دەکات بۆیە باسی دەموچاو گۆڕان و دەسەڵات گرژی دەکات.

(18)

## مامۆستای مانگر

نیوەنجی ژمارەی ئەو مامۆستایانەی مانیان گرتووە لە خوێندنگەکان ناکاتە ڕێژەی 1%ی تاقمی وانەبێژ.

بەڵام هەقە ناوی ئەو مامۆستایانە لە تۆماری خۆپەرستیدا تۆمار بکرێت و بۆ نەوەکانی داهاتووش بمێنێتەوە، بۆ منداڵان و چیرۆکی ژیانی داهاتوومان. تا بزانن و لەبیریان بێت چەند مامۆستایەک هەبوون فەوزایان بەسەر پەروەردە، سیاسەتی ڕۆژیان بەسەر زانست و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتیان بەسەر بەرژەوەندیی رۆڵەکانمان زاڵکرد. با لە بیرمان بێت ئەوانە دوای هەوای سەرکردە پیرەکانی ئۆپۆزسیۆنێکی تەنگنەزەر کەوتن تا ئەوەی دوای ئومێدی چاوی گەشی منداڵانی کوردستان بکەون. ئەم مانگرتنە بەم ڕێژە کەمە هیچ تەفسیرێک هەڵناگرێ کە کەرتی بەرفراوانی مامۆستایان پێیان شەرمە وەکو ئەو کەمە خۆپەرستە بن. چونکە ئەگەر پەیامی سیاسییە شێوەی تر زۆرە ئەو کەمە لە مامۆستایان نامەی خۆیانی پێ بنێرن.

ئەگەر ئازادی سیاسییە زەمان و زەمینی دیکە فراوانە بۆ پیادەی ئەو مافە. ئەگەر ئەوە بۆ کودەتایە کودەتا چەند ڕۆژ و چەند



دەبابەیەکی گەرەکە، ئەگەر بە شێوەی جاران بکرێت، چەند خۆپیشاندان و چەند هوتافێکی ئاگرینی گەرەکە، ئەگەر بە شێوە میسرییەکەی ئێستا بکرێت. جا ئەگەر شێوەی جارانە مامۆستای خوێندنگەی ناوێ. خۆ شێوە میسرییەکەش دوو مانگ لە سەرا تاقیکرایەوە. خێرە ئەوەی بە و ماوە نەکرابێت بە مانگرتنی دوو ڕۆژ لە پڕێکدا دێتەدی؟

ئەگەر ئەو مامۆستایانە بە راستیانە و بۆ خۆپەرستی و حزب پەرستیان نییە بۆ لە کاتی خوێندنگە دەخۆن؟ بۆ دوای دەوام لە وەختی ژن و منداڵ و پیاسەی ئێوارانی خۆیان ناخۆن؟ بۆ دەبێت لە کاتی پیرۆزی کار و لە ئەرکی پیرۆزی پەروەردەکردنی منداڵان و لەسەر حسابی زانست و خوێندەواری ئەم ویستە دابین بێت؟

پیرۆزترین بیر و باوەڕەکان، لە ئازادی تا ئایدیۆلۆژی، لە دیموکراسی تا دادپەروەری، یەک فلسی قەڵب ناهێنن ئەگەر مرۆڤ ئەم ئەرکە لەسەر حسابی خەڵکی تر، لەسەر حسابی ئەمانەتی وەزیفی و بە تایبەتیش وەزیفەی پیرۆزی پەروەردە کردنی نەوەی دواڕۆژ جێبەجێبکات. ئەگەر ڕاست دەکەن لەکاتی خەو و ئیسراحەتی خۆتان، بۆ ئەم چالاکییە سیاسییانە بگرنەوە.

(19)

## ئۆپۆزسیۆن و رووناکبیرەکانی

کێشەی ئۆپۆزسیۆن و رووناکبیرەکانی ئەوەیە تەنگژەکە لە شوێنێکە و ئەوان تەقە لە شوێنێکی تر دەکەن. (گۆڕان) لە گۆڕەپانی سیاسییدا هیچی پێ نەکراوە و وا دەزانێ گرفتەکە لە ڕاگەیاندنی یەکێتیدایە.

ئۆپۆزسیۆن ناتوانێ بەو هەموو رووناکبیرە ڕەوانبێژانەوە پاساوێکی ماقووڵ بۆ نیازی رووخانی دەسەڵاتی سیاسی بهێنێتەوە، بۆیە، لە داخا، پەلاماری میدیای حزب و کارانی دەدا و بەو شێوەیە خۆڵ دەکاتە چاوی خەڵکەوە. ئۆپۆزسیۆنی گۆڕانخواز بە داوای سەری دەسەڵاتی سیاسی دەستی پێکرد و نها بە داوای سەری سەرۆکی زانکۆ و سەری بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و چەند کادیرێکی کەلانە خۆری وەک بەندە و هاوکارانمان لە ڕاگەیاندنی یەکێتی گیرساوەتەوە. بێ ئاگا لەوەی ئەوان لە مەیدانەکەدا دۆڕان نەک لەسەر پەڕەی (ڕۆژنامە)کان و لە ستۆدیۆکانی KNN دا.

کێشەی ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان ئەوەیە وادەزانێ پێگەی لە ناو خەڵکدا وەک دەسپێکیانە، تا ڕاگەیاندنی یەکێتی و (دژەتیرۆر)



سەرقاڵبن بە سیناریۆ لە دژی کادرەکانی ئەوان. وەک بڵێی ئەوان لە کوردستان پۆستی نهێنی و، (پۆست) رەفتارەکانی ئاشکرایان مەدح و سەنای کادرانی یەکێتیان کردبێ. وەک بڵێی (KNN) کەناڵی ناشناڵ جوگرافیک و لێدانی پارچەیەک سەمفۆنیا بێت نەک کەناڵی سێ کوچکەی تەکفیر و تەخوین و تەوهین. وەک ئەوەی پێشتر قسووریان هەبووبێ و ئەو هەموو ساڵە لەسەر حزبی جمهوری ئەمریکایان نووسیبێ.

کێشەی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە ئینقلابەکەی کەشف بوو کە دوو ساڵە باسی دەکەین و لەم دوو مانگەدا بۆ یار و نەیاریش سەرەتاتکێیەکەی دەرکەوت، ئەم مەیلە بە سەد دروشمی ئازادیخوازی و پارچە پەخشانی ئەدەبی و ملیۆنان دێڕی مانفێستی ئەم و ئەو، پاساو نادرێت.

کێشەی ئۆپۆزسیۆن ئەمەیە، ڕووناکبیرە سەربەخۆکانی، ڕۆژنامەنووسە سەربەگۆبەنەکانی تازە دەبنە کادر، تازە دەچن بۆ حەج کە خەڵک لە حەج هاتەوە. حەجی خێر بێ و ژمارەی کادێر لە کوردستان هەر زیاد و بەبەرەکەت بێت!

ئێمە وامان زانی ئەوان کادر کەمەندکێشی لای رووناکبیری دەکەن، کەچی وا خۆیان دەبنە کادر، ئەمما کادرێکی ناشی کە زۆری گەرەکە تا پێدەگا.

(20)

## چوارده هەزار

لەوەتەی عیراق لەچنگی سەدام دەربازکراوە، چواردە هەزار کەس بزربوون، کەس نازانێ لەکوێن و چارەنووسیان بەچی گەیشتووە؟ مەگەر حەوت کەسیان نەبێت کە بەوتەی نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراق لەلیژنەی بەدواداچوونی چارەنووسی ونبووەکان، لەتوبی عەدلی تەرمەکانیان دۆزراونەتەوە.

نوێنەرەکەی وەزارەت ئاماژەیەکی سەرنجراکێش دەدات لەسەر ئەوەی بزربوو کێیە؟ ((بزربوو ئەو کەسەیە کە لەئۆپەراسیۆنێکی جەنگی، یان تەقینەوە یان پەلامارێکی تیرۆریستی بزربووبێت)).

بەو پێناسەیەش بێت ئەم چواردەهەزار کەسە لەدۆخێکی ئاسایی نا توندوتیژیدا دزراون رفێنەران بە بەرنامە، نەک بەکاردانەوە، ئەمەیان کردووە.

چواردەهەزار کەس لەهەشت ساڵدا، ئەمە جگە لەچەندین چواردەهەزاری تر لەجەنگەکانی عیراق لەوەتەی لاپەڕەی بەعس پێچراوەتەوە. هەر لەجەنگی تایفەگەریی تا جەنگی تیرۆرو نیزام و هەموو وردە جەنگەکانی نێوان هێزەکانیش کەیان لەترسا، یان



لەبەرچەکرداردا، لەیەکیان کوشتووە. هەڵبەت ئەمەش لەعیراقە ئەسڵییەکەیە نەک لەکوردستان.

ئەوانە کێن کە بەرپرسن لەونبوونی هاونیشتمان کەدەبێ پرۆسەی رزگاری بۆ ئەوان و دوو چواردە ملیۆنی تر هاتبێتە کایەوە؟

خەتای ئەمریکا یان عیراقییەکان خۆیانە کەقەدری ئازادیی نازانن و بەهەمان ریتمی جارانی مێژووی ئەم مەملەکەتە لەیەکتری دەکوژن و بزر دەکەن؟

عیراقییەکان چەند ملیۆن قوربانیاندا لەدەیەکانی حوکمی بەعسدا تا بەر لەهەشت ساڵ گەشتنە رۆژی رزگاری؟ ئایا عیراقییەکان هەموو لەتاوانی چواردەهەزار ونبوو بەشدارن، بەمانای ئەوەی هەریەکەو براوخۆشکی ئەویتری رفاندبێت یان ئەوە دەستەبژێری ئاشکراو دەستە نهێنییەکانی ململانێکارانە لەکوڵانە تەسکەکاندا زەفەر بەئاسایی ترین مافی هاوولاتی دەبەن؟ ژمارەکە کەمە ئەگەر تەنها ئەوەندە تێداچووبن، بەڵام کە ئەمە تەنها بزربووی دۆخێکی بەریەکنەکەوتن بن، دەبێ باعیسەکەی چی بێت؟

دەبێ هۆکارەکەی ئەوەنەبێت کەڕزگاری عیراق دیاری بوو نەک بەرهەمی ڕاستەوخۆی کۆششی عیراقییەکان، یانی ئەوەی کە فوئاد عەجمی ناوی نا (دیاری بێگانە)؟

(21)

## شەڕی ڕاگەیاندن

ئەم هەفتەیە قسەی زۆر لەسەر شەڕی ڕاگەیاندن کرا. سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەستپێشخەرییەکی کرد بەتەوقیتی ڕاگرتنی شەڕیشەوە.

کاک محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی گۆڕان بەپەلە ڕایگەیاند کە ئەوان شەڕی ڕاگەیاندنیان نەکردووە تا ڕایگرن، بەڵام ئەگەر هیچ قسەیەکی شەڕی ڕاگەیاندن نەبێت ئەمەی بەسە. چونکە بەم لێدوانە وتەبێژی گۆڕان نایسەلمێنێت خۆیان هیچیان کردبێت. بەوەشدا کە کێشەیەک هەیە و سەندیکا لەسەری هاتۆتە جواب و نێوەندی دیکەش سەرنجیان داوە کەوابێ ئەو شتەی کاکە حەمە نەیکردووە، دەبێ خەڵکی تر کردبێتیان؟

باشە ئەگەر ئەوەی گۆڕان شەڕ نەبێت، دەبێ هی کێ و کامە شەڕی ڕاگەیاندن بێت؟ ئەمەش دەمانباتە سەر ئەوەی بپرسین کێ دەتوانێ پێناسەیەکی (شەڕی ڕاگەیاندن و زمانی زبر)مان بۆ بکات تا لەسەر ڕاگرتنی ڕێکبکەوین؟

ئەگەر هەر لایەنە ئەوەی خۆی پێ زوبدەی ماتاعی حیکمەت بێ و ڕەخنەی ئەوی دیکەی پێ هەجووی شێخ ڕەزایی بێت، ئەوا



ناگەینە دەرەنجامێکی پێویست کە بۆ هێورکردنەوەی میدیایی دەست بدات، وەک سەرەتایەک بۆ هێورکردنەوەی سیاسی. چونکە باعیسی شەڕی ڕاگەیاندنەکە شەڕی ساسیە لە سەر حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات، ئەسڵی مەسەلەکە سیاسەتە و نێوەندی ڕۆژنامەنووسیش بوونەتە بەشێک لە جەمسەرگیرییە سیاسییەکە.

ئێستا زەمانی وتەزای سیاسەت درێژەکێشانی شەڕ و شەڕی ڕاگەیاندنیش درێژەکێشانی شەڕی سیاسییە، بۆیە بەشێکی چارەسەر لای کارەکتەرە سیاسییەکانە کە ئەم ململانێیە لەسەر بنەمای دەستوور و دیموکراسی بگێرسێننەوە، چونکە ململانێ هەر دەمێنێت و شەڕەکەی ئێستا لەسەر ڕێوشوێنی دۆزینەوەی کەناڵە بۆ ئیدارەی ململانێکە، نەک لە ناوچوونی. بەم پێیە ڕەخنەو ململانێی میدیایش هەر دەمێنێ بە مەرجێ ڕێوشوێنی ئوسوڵی بدۆزرێتەوە بۆ ئیدارەدانی.

لەم ستوونەدا پێشنیازی (مائیدە موستەدیرە) دەکەم لە نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە نوێنەرانی میدیای حزبەکانی حوکمڕان و میدیای حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەروەها میدیا (ئەهلییەکانیش) بەشداری تێدابکەن، بۆ ئەوەی ڕاگەیەندراوێکی بنەما ئیمزابکرێت، چونکە لای ئێمە ئەهلییەکانیش بەشێکن لە کۆششی میدیایی ئۆپۆزسیۆن.

ئایا سەندیکا دەتوانێت دەستپێشخەری ئەم مێزگردە بکات؟

(22)

## لێدوانەکانی بەڕێز نەوشیروان

بەگوێرەی دوو ئاخاوتنی بەڕێز نەوشیروان مستەفا بێت کە لە (GK-TV) پەخش کراوە، سەرۆکی گۆڕان بە گوێرەی ناونیشانی وەزیفی خۆی و هەندێک جاریش بەگوێرەی ڕازیبوون، یان ڕازی نەبوونی لە پێگەی خۆی، لێدوانی داوە.

ساڵی 2000 لە دۆخەکە ناڕازییە، بۆیە وەک لە سیپارەی لە (نێوان مام جەلال و مندا) دەردەکەوێت کۆڵێک گلەیی و ڕەخنەی لە حکومەتی هەرێم و یەکێتی هەیە.

ساڵێک دوای ئەوە، هەر بەگوێرەی قسەکانی خۆی کە لە گەلی کوردستان بڵاوبۆتەوە، بە جلی کوردییەوە ستایشی دە ساڵ لە تەجروبەی کوردی دەکات. ئەوی ئەو لە وەسفی حکومەتدا گوتویەتی وتەبێژی حکومەت ناتوانێ وای بهۆنێتەوە. ئەوی ئەو لە ستایشی یەکێتیدا گوتویەتی سەد سەروتاری کوردستانی نوێ ڕەوانبێژی وای بەدەستەوە نەداوە. ساڵی 2004 ماسکی ریفۆڕم دەبەستێ و بەپێی ئەوە کۆمەڵێک ڕەخنە لە کۆی سیستمی وڵات دەگرێت کە هیچی تێدا نەهێشتۆتەوە. ئەمەش لە کاسێتەکەی KNNدا دەردەکەوێت. بەڵام پێدەچێت دوای ئەوە وەزعەکەی بە دڵ



بێت: ئۆپەراسیۆنی (ریفۆڕم)، یان ڕاستترە بڵێین مانۆڕی ریفۆڕم، پلەی جێگری سکرتێری گشتی بۆ دابین دەکات. بۆیە دونیا دەبێتە شامی شەریف و شانامەیەک بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژی بە ڕادان دەدات (ئەمەش لە کاسێتی یەکەمی گەلی کوردستان دەردەکەوێت کەلە کۆبوونەوەی هاوبەشی یەکێتی و پارتی دا هانی کادرەکانی هەردوولا دەدات بینە پاسەوانی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکە.) پاش چەند ساڵ ئاکامی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکانی بە دڵ نابێت، ئیتر پێویستە پاسەوانانی ڕێککەوتننامەکە ئەو دەوروبەرە چۆڵ بکەن، چونکە بەڕێز نەوشیروان مستەفا پەلاماری دەدات.

بە گوێرەی کاسێتێکی پێشووتریش کە وەسفی وەزعی کورد دەکات لە بەغدا، نوێنەرانی کورد لەوێ شتی زۆر باشیان کردووە، ئەمە چونکە پێگەی خۆی باش بووە لە کایەکەدا.

ئێستا ئەوە پێنج ساڵە هێرشی توند لە دژی کۆی ئەزموونەکە دەستی پێ کردووە، چونکە ئەنجامەکانی بە دڵی ئەو نییە. نها حزبی گۆڕان دەڵێن بیست ساڵە هیچ نەکراوە. لە کاتێکدا بەپێی وەسفی بەراوردی دە ساڵە بێت کوردستان سویسرایەکە بۆ خۆی. بە گوێرەی زائید و ناقسی مەدح و زەمەکانی بێت، لە کۆی بیست ساڵ چەند ساڵێک شتی باش هەر کراوە.

جا ئەگەر ئەتانەوێت ئەم بیست ساڵە وەک بەهەشتی سەر زەمین وێنا بکرێت، ئەم مەملەکەتە تەسلیمی بەڕێز نەوشیروان بکەن. ئیتر ئەو کاتە سیحری ڕەخنەکانی بەتاڵ دەبێتەوە!

(23)

# بن لادنیش تەواو

مردنی ئوسامە بن لادن حزورێتی بەشێوەیەکی تر. نەک بەمانای حزوری بیروباوەڕەکانی کەوەک توندڕەوەکان دەڵێن (بن لادن ڕۆی، هەزاری تر جێی دەگرێتەوە)، بەڵکو بەمانای ئەوەی دەساڵی دوای ڕووداوەکانی 11–ی سێپتێمبەر کۆمەڵێک گۆڕانکاری هاتوونەتە ئاراوە کەشەڕی دژی تیرۆری کەمێک کاڵکردبۆوە، یان ڕاستتر بیڵێم لە بیری زۆر کەس نەمابوو.

ئیلتیزاماتی دیکەی بۆ دەوڵەتەکان هێنایە پێشەوە .دەشێ بڵێین ئوسامە بن لادن بەشێوەیەکی سەرەکی لەخەیاڵی قاعیدەولایەنگرانی، لەخەیاڵی قوربانیانی یانزەی سێپتێمبەرو سەرۆک بۆش و سەرۆک ئۆبامادا مابۆوە. بۆ باقی خەڵکی تر بن لادن کەوتبووە نێوەڕاستی لیستی زنجیرەی بایەخپێدانەکانەوە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی شەڕی دژە تیرۆرەوە لە هەندێک بواردا درزی تێکەوت لەوانەش عیراق، ئەفغانستان و پاکستان. بەڵام لەهەندێک بواری تریشدا جۆرێک لەجەمسەرگیری سێ تەوەری دروستکرد، جەمسەرگیرییەکی عەرەبی _ئیسلامی (بەحکومەت و میللەتە سەرکوتکراوە داماوەکانییەوە)،



جەمسەرگیرییەکی چینی _ روسی و جەمسەرگیرییەکی ئەوروپایی کەلەسەر زۆرشت لەگەڵ ئەمریکای بوش کەوتە قینەوە.ئەم دۆخی چەقبەستنە وای کرد درامای بن لادن و شەڕی تیرۆر زۆر بخایەنێت بەجۆرێک زۆر جەنگاوەر چەکی دانا، چونکە پێشتر پێی وابوو جەنگی جیهانیی تیرۆر شەڕێکی کورت خایەنە.زۆری تریش بەشەڕی بۆش و ئەمریکایان زانی و ئامادەنەبوون لەگەڵ دونیای عەرەبی تێکی بدەن کاتەکانی خۆیان بکەنە قوربانیی و ململانێی ئەمریکا لەگەڵ قاعیدە.

لەوهەلومەرجەدابوو ئیسلامی ڕادیکاڵی گورزی بەرکەوت وئەوەی مانەوە خۆیان خزاندە ناو سیاسەتی نەرمونیانی کۆمەڵگاکانەوە. بەشێکیان بێ ئەوەی لە ڕادیکالیزم تۆبەبکەن ئێستارۆڵی کارەکتەری (ئازادیخواز)و چاکسازیخواز دەگێڕن.

ئێستا ئیتر بن لادن کوژراو لەگەڵیشیا زامەکانی هێنایەوە سوێ. زامی بۆش کەخۆی نەیتوانی بن لادن پەت بکا و غەریمەکەی ئەم کارەی کرد. زامی کەناڵی جەزیرە و دونیای ڕادیکاڵی عەرەب کەلەبەر ململانێکانی لەگەڵ چینی حوکمڕانی، زۆرانبازی لەگەڵ ئەمریکا خستە دۆخی متبوونەوە.

تاقە زامێک سارێژبووە زامی قوربانییەکانە، ئەوانەی یانزەی سێپتێمبەر و ئەوانەی لەخێڵی حەمە قوربانی دەستی زەرقاوی بوون.

هەندێک بەمردنی بن لادن ئیحراج دەبن، دوێنێ لەکوێی سەنگەرەکان بوون و ئەمڕۆش لەکوێ؟

(24)

## کۆمەڵی ئیسلامی لەنمایشی قوربانیدا

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەدوای وێنەی قوربانیدا وێڵە، حزبێک کە بەشێک بووە لە بەرەی توندوتیژی و بەخەباتی دەستە جەمعی کوردستانی و دەرسو دەوری زەمانە کەمێک دەست و پەنجەی لەگەڵ هێمنایەتیدا نەرم کردووە، ئەمڕۆ کارەکتەری نەرمو نیانی خۆی لێ بووە بە ڕاست و ئەم رۆڵەی وا چڕکردۆتەوە بەدوای ئەوەوەیە کاغەزێکی چنگ بکەوێت کە بیسەلمێنێت (قوربانییە)، بیسەلمێنێت ئەو ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراتییە و (دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری) هەیە کە هەڕەشەی لێ دەکات. لە پێناو نمایشکردنی ئەم رۆڵەشدا هەندێک جار تێدەکەوێت.

کۆمەڵی ئیسلامی واچۆتە پێستی ئەم ڕۆڵە (قوربانییە)ی خۆیەوە کە لە سەر هۆنینەوەی ناڕاست، لە ڕاپۆرتی گۆڤارێکدا، باوەڕی بە خۆی کردووە کە هەڕەشەی تیرۆری لە سەرە.

بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە کۆمەڵ بەیانێکی دەرکردووە کە بۆ تەوزیفی سیاسی هەڵڵای ئیعلامی دەست دەدات، بەڵام لە



بەردەم یاسا و لە بەڵگەی پەسەندکراو و لە کەشی دوای نیشتنەوەی گرژی سیاسییدا پارە ناکات. فەرموون بەیانەکەی کۆمەڵ چۆن وەسفی حاڵەتەکە دەکات:

(ئێمە ڕایدەگەیەنین ئەگەر هەردوو حزب بەرنامەی وایان هەبێت (کە بە دووریشی ئەزانین) ئەوا دیارە بڕیاریان داوە کوردستان بۆ سەردەمی ئیغتیالات و تیرۆرکردن بگەڕێننەوە کە هیچ لایەکیان سوودمەند نەبوون لێی).

تەماشای ئەم بڕگانە بکەن: (ئەگەر)، واتە لەوانەیە (نەگەر) بێت، ئینجا دەشڵێت (کە بە دووریشی ئەزانین.) کەوایە ئەم هەڵڵایەی لە پای چی کە کۆمەڵ بە گەڕانەوە بۆ زەمەنی ئیغتیالات و تیرۆر ((واتە ئەو زەمەنەی تێیدا سەرکردایەتی کۆمەڵ گاندی ئاسا خەباتێکی ڕۆحییان دەکرد )) وەسفی دەکات؟ ئەگەر ئەمە نمایشکردنی ڕۆڵی قوربانی نییە لە پێناو خستنەگەڕێکی سیاسی و بۆ شێواندنی کەشی سیاسی و بەشێک نییە لە بەرنامەی تەسعیدی ئیعلامی، خێرە کۆمەڵ بەیاننامە لە سەر ئەو هۆنینەوە ڕاپۆرتییە دەکات کە خۆی بە دووری دەزانێ و یەکێتی و پارتیش بۆ بەدرۆ خستنەوەی ڕێی ئوسوڵی دادگایان گرتۆتە بەر؟ ئەی ئەگەر ئەو ڕێگا ئوسوڵییە نەگرنەبەر چۆن بەرپەرچی شێوانی ژینگەی سیاسی وڵات بدەنەوە؟

(25)

# ئۆپۆزسیۆن باقی دەوێتەوە

ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئینقلابچی داوای دەکات لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەبووە: پاداشتکردنی خراپەکاری، پاداشتکردنی ویستێکی ئینقلابی لە ساتەوەختێکی هەستیاری مێژوویی کوردستاندا.

ئۆپۆزسیۆنی وڵاتی ئێمە و بەتایبەتیش ئۆپۆزسیۆنی حزبی گۆڕان چاوەڕێیەتی حزبە حوکمڕانەکانی کوردستان، خەڵکی کوردستان و دڵسۆزانی ئەم تەجرەبە سیاسییەی بیست ساڵە پێکەوە دەنرێت، لە پای ئەوەی ویستویانە دۆخەکە تێکوپێک بدەن پاداشت بکرێن، دەستخۆشییان لێ بکرێت و تێچووی ئەو خەرجی و ئارەقەی لە هیلاکی (خۆنیشاندان) و سازکردنی میتینگی نا یاسایی و پەلاماری دامودەزگاکانی وڵات و داگیرکردنی شوێنە گشتییەکان، وەربگرنەوە. وەک بڵێی ئەمانەیان بۆ کوردستان و بۆ ئیسراحەت و خۆشگوزەرانی خەڵک کردبێت نەک بۆ دەسەڵات و پاوانخوازی خۆیان.

ئەوەی ئەوان داوای دەکەن لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەقەوماوە، کتێبەکانی سیاسەت و وانەکانی مێژوو شتێکی وانادەن بە دەستەوە



کە ئەوی لاساری سیاسیی کردووە و یاسای گەمەکەی پێشێلکردووە دەستخۆشانەی لێ بکرێت و گوڵی ئۆفسایدی بۆ حسێب بکرێت.

لەم وڵاتە دیموکراسی هەیە، هەڵبژاردن و کۆمسیۆن و ئاهەنگی بردنەوە و دۆڕان، چەپڵە و دانپیانانی ئاکامەکانی هەڵبژاردن هەبووە و هەیە، ئەوی لە هەموو ئەمانە هەڵگەڕابێتەوە ئەگەر سزا نەدرێت نابێ چاوەڕێی پاداشت و ئافەرین بکات.

ئۆپۆزسیۆن هێشتاش نایەوێت بیسەلمێنێ ئەوەی ئەوان کردیان ئینقلاب بوو نەک مانۆڕی سیاسیی، پیلانگێڕان بوو نەک جوڵەیەکی سیاسیی کە دەشێ ڕەتبکرێتەوە، یان قبوڵبکرێت و لە چوارچێوەی ئیجتهادی سیاسییدا مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت .

بەو حاڵەوە کە ئەو ئینقلابە شکستیخواردووە و دەستەکەشیان کەشف بووە، نها ئۆپۆزسیۆن دەیەوێ لە سەر شکستی ئینقلابەکەشی هەقدەستی خۆی وەربگرێت.

لە ڕاستیدا ئەوەی ڕێگە دەگرێت لە گفتوگۆی پێنج قۆڵی ئەو مەرج و ئەو شەرتی ئەملا یان ئەولا نییە، ئەوەی ڕێدەگرێت لە گفتوگۆ چاوەڕوانی بێ هودەی ئۆپۆزسیۆنە بەوەی لە سەر ئینقلاب پاداشت بکرێت، لەسەر شکستی ئینقلابەکەشی هەقدەست وەربگرێت.

(26)

## وانەی فەلەستین بۆ کوردستان

لەمیسرو یەمەن و ولاّتانی دیکە کەدۆخەکەیان بۆ گۆڕانکاریی ریشەیی لەسیستم و لەدەستوور لەبارە دروشمەکە بەمشێوەیە بوو: (میللەت دەیەوێت رژێم بڕوخێنێت).

لەولاّتانی وەکو عیراق و هەر ولاّتێکی دیکە کەخەڵکەکە هیوای بەسیستمە سیاسییەکە ماوە دروشمەکە بەمشێوەیە بوو: (میللەت دەیەوێت رژێم چاک بکات) یاخود (میللەت دەیەوێت ریفۆرم لەسیستمدا بکات).

لەعیراق بەشی زۆری دروشمەکان بۆ چاکسازی لەئیدارەو خزمەتگوزارییەکان بوو، لەکوردستانیش کە لەخانەی عیراق حیساب دەکرێت، دروشمەکە لەسەرەتادا بۆ چاکسازیی سیاسیی و ئیداری بوو کە لەژێر هەمان تایتڵی (میللەت دەیەوێت ریفۆرم لەسیستمەکەدا بکات) جێدەگرێت و ریتمێکی هێوری هەبوو، بەلاّم تەماعی زۆری ئۆپۆزسیۆنی پاوانخواز دروشمەکەی لەو داخوازییە واقیعییەوە گۆڕی بۆ (رووخانی دەسەلاّتی سیاسی لەکوردستان)، ئەوەبوو لەشانۆگەرییەکی هەرزاندا ئۆپۆزسیۆن نمایشی لابردنی یەک بەیەکی بەرپرسانی هەرێمی لەبەردەرکی سەرا سازکردو



هەموو دەسەلاّتی هەڵبژێردراوی خستە دەنگدانی میللیگەراییەوە (یان راستتر بڵێین خستە بەر هۆیهای جەماوەری خۆیەوە لەجوغزی سەرادا).

دروشمەکە لەفەلەستین لەسەروبەندی رێککەوتنی نیشتمانی فەتح و حەماسدا پەیامێکی سەرنجراکێش دەدا بەدەستەوە: (میللەت دەیەوێت کۆتایی بەدابەشبوون بێنێت)، ئەمەش ئاماژەیەکە کەفەلەستینییەکان بەژیرییەوە ئەولەویاتەکانی خۆیان هەڵبژاردووە، یەکگرتنەوەی غەزەو بەری رۆژئاواو یەکخستنەوەی سەرۆکایەتی دەسەلاّت و سەرۆکایەتیی حکومەت، چونکە هەر ئەم نەخشەرێگایە دەتوانێت فەلەستین ئامادە بکات بۆ:

-رووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و چارەسەری مەسەلەی دەوڵەتی فەلەستین.

-یەکخستنەوەی دامودەزگای حوکمڕانی و هەنگاونان بۆ چاکسازیی سیاسی تا رادەی:

-گەیشتن بەهەڵبژاردنی گشتی و جێگیرکردنی گەمەی دیموکراسی و ئاوەدانکردنەوەی ولاّتەکە.

-جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە فەلەستینێکی سەربەخۆی دیموکرات و گەشەکردوو دەکاتە خەلاّتی خەباتی فەلەستینییەکان.

فەتح و حەماس بۆ گەیشتن بەم ئاواتە رێککەوتنیان کردو بەمەش توانیان بەتەنگ دروشمی دڵخوازی فەلەستینییەکانەوە بێن (میللەت دەیەوێت کۆتایی بەدابەشبوون بێنێت).

وانەی فەلەستین دەڵێ دروشمی واقیعی دەستکەوتی زیاترە تا دروشمی خەیاڵاوی ئەمەش وانەیەکە لەخزمەت حوکمڕانی و ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و شەقامی کوردییە بەهەموو کۆڵان و ئاڕاستەکانییەوە.



(27)

## هەڕەشەکە، تەحەدداشە

(چاکسازیی بەیەکێتی و پارتی، بەهێزە گەورەکان دەکرێت)، بۆیە ئێستا باشترین دەرفەتە تا چاکسازیی بکرێت و دواخستن و پەکخستنی چاکسازیی لەناوبانگ و ڕێژەو و بەشی رازیبوونی خەڵک لەیەکێتی و پارتی دەخوات، ڕووداوەکانی دوو مانگی رابردوو زیاتر لەهەر فاکتەرێکی تر ئەم مەسجەیان گەیاندە هەردوولا.

لەدوو مانگی رابردوودا بەسوودوەرگرتن لەشپرزەیی دۆخی ئیقلیمی، ئۆپۆزسیۆنی کودەتاچی گەورەترین ئۆپەراسیۆنی سیاسی و ئیعلامی لەدژی حوکمڕانی کوردستان بەرپاکرد کەدەشێ دوور لەمانا دینییەکەی ناوی، (هەڵمەتێکی خاچپەرستانە)ی لێ بنێین.

کێ ئەم کودەتایەی پەکخست، رەنگە راستەوخۆ دوو وەڵامی ئامادە هەبێت:

پشوودرێژی دیموکراسییانەی حوکمڕانی لەدوو مانگەکەو ئیجرائاتی یاسایی یەکلاکەرەوەی دوو هەفتەی دوای ئەوە.

ئەمە راستە وەک کاردانەوەی دەستبەجێ، بەڵام لەڕاستیدا فاکتەری یەکلاکەرەوە کەخۆی لەخۆیدا فاکتەرێکی نەرم و نیانە،

فاکتەری زۆرینەی جەماوەرە کەعادەتەن ناوی (زۆرینەی بێدەنگ)ی لێدەنرێت.

زۆرینەی بێدەنگ دوای ئۆپەراسیۆنی ئۆپۆزسیۆن نەکەوت و بەمەش ئەو ئۆپەراسیۆنەی لەهەر قولاییەکی جەماوەری بێبەشکردو تەنها لەجوغزی کودەتاو خواستی پاوانخوازیدا قەتیسی کرد.

ئەم جەماوەرە زۆرینەیە دوای ئینقلاب نەکەوت، بەڵام دوای داخوازی چاکسازیی راستەقینە دەکەوێت، ئەگەر یەکێتی و حوکمڕان بیکەن ئەوا پێشوازی لێدەکەن و ئەگەر ئەوان نەیکەن ئەوا لەشوێنی تردا بەدوای دەگەڕێن.

ئەو جەماوەرە کەئینقلابێکی پەکخست و لێنەگەڕا ئۆپۆزسیۆنی پاوانخوازی گۆڕان سەر بگرێت هەقی بەسەر یەکێتییەوە هەیە چاکسازیی بۆ بکات بۆئەوەی لەوێستگەیەکی دیکەی وەک ئەوەی دوو مانگی رابردوودا نەکەوێتە بەردەم دۆخی دوودڵی و راڕاییەوە.

ئەو جەماوەرە هەقی بەسەر یەکێتییەوە هەیە چاکسازیی چەند مانگی رابردووی حکومەتی هەرێم بکات بەسیاسەتێکی بەردەوام و لەسەر هیچ کەسێک و هیچ شتێک پەکی نەخات، یەکێتی و حکومەتی هەرێم و تەجرەبەی حوکمڕانی زۆر لەوە گەورەترن بکرێنە قوربانی هەر کەسێک و هەر بەرژەوەندییەکی تەسک کەناچنە رووباری بەرژەوەندیی گشتی جەماوەری کوردستان و سەرمایەگوزاریی لەناوبانگی یەکێتیدا.

ئەوەی قەوما، هەڕەشە بوو، بەڵام دەشکرێ تەحەددایەکی ئیجابی بێت بۆ چاکسازیی.



(28)

## مستەر نەخێر

ئەگەر کێرڤی لێدوانەکانی بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم چاودێری بکەین و ئینجا ناوێک لەو کێرڤە بنێین ئەوا ناوی بەڕێز تۆفیق دەبێتە مستەر نەخێر.

مستەر نەخێر هەموو لێدوانێکی رەتکردنەوە و حاشاکردن و قبوڵنەکردنە. لەسەر هەرشتێک گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت بە نەخێر و ناکرێ و نابێ جواب دەداتەوە. ئەگەر لە نێوان نەخێر و نەخێرێکی گەورەدا موخەیەر بکرێت، نەخێرە گەورەکە و ئەگەر لە نێوان بەڵێ بەسەرچاو و بەڵێیەکی رووتدا موخەیەر بکرێت بە کزییەوە (بەڵێ) رووتەکە هەڵدەبژێرێت (**و ذلک أضعف الایمان**).

مستەر نەخێر لە هەندێک دەرکەوتنی تەلەفزیۆنییدا بە فیعلی گوزارشتی لە سیاسەتی گرژی حزبی گۆڕان دەکرد، بەڵام ئەوەندە توندڕەوی کردووە لە وتنی نەخێری گۆڕاندا تەنانەت ئێستا لە ناو خۆشیاندا کاک محەمەد وەک توندڕەو ناو دەبەن. ئینجا تەسەوربکەن گۆڕان بە خەڵک، کە خەڵکی خۆشیان بێت، بڵێن توندڕەو. وەک ئەوەی لە ئیدیۆمێکی کوردیدا هاتووە: قوڕ بەسەر ئەوەی خەواجە پێی بڵێ گاور! گۆڕانەکان بە ئەندامێکی خۆیان

بڵێن توندڕەو و راستییەک بسەلمێنن مانای وایە مەسەلەکە گەیشتۆتە تینیان.

پێم ناخۆشە کاک محەمەد تۆفیق بچێتە بەرگی مستەر نەخێرەوە. ئێمە کە ماوەیەک وەک هاوکاری بەڕێزی لە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی کارمان کردووە ئەومان وا بەتوندی قسە و توندی لێدوان و توندی رەتکردنەوە نەناسیبوو. ئێستا کەوا توند و گرژە دەبێ یان (گۆڕا)بێت، یان لە ئەسڵیشدا ئەم وزە توندەی تێدا بوویێت، بەڵام بۆ یەکێتی نەخستۆتە گەڕ و ئێستا بۆ حزبەکەی خۆی و بەڕێز نەوشیروان مستەفای خزمی، واتا حزبی گۆڕان، هەڵیگرتووە و خستوویەتییە گەڕ.

لە وەختێکدا، سەرەڕای هەموو گرژییەکان، دۆخەکە رووی لە هێورکردنەوەیە و بە دوور نازانرێت حیوار و گفتوگۆ لە نێوان لایەنەکان دەست پێ بکات.

مستەر نەخێر زیانێکی گەورە دەکات و سەرمایەی سیاسی خۆی لە شۆڕش و لە ناو حوکمڕانی کوردیدا، وەک سەرکردایەتی و وەک وەزیرێکی دێرینی حکومەت، دەخاتە بەردەم ڕەشەبای ئەفروزەکردنەوە. مەگەر لە حاڵی وادا سەرۆکی حزبەکە، بەڕێز نەوشیروان، وەک وەفاداری بۆ خزم و زاوای خۆی، بیهێنێتەوە مایە و جارێکی تر بەسەر هەڵسوڕاوەکانی گۆڕاندا بیسەپێنێتەوە.



(29)

## تەشهیر دۆڕاندی

تێکۆشەر دەناسم گیانی فیدای گەلەکەیەتی و سڵ لە هیچ نەبەردییەک ناکاتەوە، بەڵام لە باسو خواسێکی تایبەت بە مافی خۆی نازانێ لە کوێوە دەست پێبکات؟

ئێمە کەلتووری داکۆکی کردن لە مافی شەخسی نازانین، بۆیە زۆرجار مافمان دەفەوتێ، چونکە رێی یاسامان لێ وون بووە و بە چارەسەری عەشایەری و برایەتی درۆزنانە رازی دەبین و ئیرهابی فیکری و سیاسیی پاشگەزمان دەکاتەوە لە داکۆکیکردن لە خۆمان. لە کاتێکدا ئەوانەی لە بواری پایەدارکردنی مافی مرۆڤ و کەسێتی کاران دەزانن رۆشنبیری ناسینی مافە شەخسییەکان چ وێستگەیەکی گرنگە لە قۆناغەکانی بەدەستهێنانەوەی ماف.

حەوت ساڵە سەدان تێکۆشەر و رووناکبیر و پێشمەرگەی یەکێتی، کۆڵنەدەرانی بواری خەباتی سیاسیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان رووبەڕووی گەورەترین هەڵمەتی سوکایەتی و تەشهیر و بوختان دەبنەوە لە لایەن سایتی کوردستان پۆستەوە. سەرانی ئەو سایتە و دەستچێنەکانیان مەزنترین هەڵمەتی فاشستیان دژی دەستەبژێری سیاسیی و رووناکبیری

یەکێتی بەرپاکردووە و هەر کەسێکیش لە سەریان بێتە جواب بە دوژمنی ئازادی و گەندەڵ و دەیان ناتۆرەی دیکە تۆمەتباری دەکەن و مافی داکۆکی پیرۆزیشیان لێ قەدەغە کردوون. هاو ڕێبازەکانی ئەم سایتە لە هیچ یاسا و ڕێسایەک سڵ ناکەنەوە، چونکە لە هەندەرانن و خەڵکی ڕێگای شکات و هاتنە دەنگی یاسایی لە دەرەوە پێ نازانن یان تاقەتیان نییە یان بیر لەوە دەکەنەوە ئەمە بۆ ڕۆژێک هەڵبگرن کە یاساکانی کوردستان ڕێوشوێنی دادگایکردنی پێگە و میدیا دەرەکی و نهێنییەکان دەستبەر بکات.

شکات بردنەوەکەی ڕۆژنامەی شەرقی ئەوسەت لە کوردستان پۆست باشترین بەڵگەیە لە سەر ئاستی درۆزنی ئەو سایتە و ئەوانەی لە پشتیانەوەن.

دادگای لەندەن قسەی خۆی کرد و کوردستان پۆست و سەرانی هاوکاریان لە گردەکە ناتوانن موزایەدەی یاسا و دیموکراسی بەسەر پیرە لەندەنی لانکی شارستانی ڕۆژئاوایشەوە بکەن و ئەمەش هیوایەکە بۆ هەموو قوربانیانی دەستی ئیعلامی درۆ و تەشهیر کە ڕۆژێک دێت یاسا مافیان وەردەگرێتەوە.



(30)

## ڕەخنە دەگرن، ڕەخنە قبوڵ ناکەن

هەندێک کەس ئازادی لەوەدا قەتیس دەکەن کەخۆیان مافی ڕەخنەگرتن لە خەڵکی و هێرشکردنە سەر نەیارەکانیان و بگرە تەشهیرکردنی بێ بەڵگەیان دەبێت لە دژی خەڵکی، بەڵام کەس بۆی نەبێ وەڵامێکیان بداتەوە، ڕەخنەیەکیان لێ بگرێ و داکۆکییەک لە خۆی، لە ڕێبازەکەی، لە ئینتیما و بیرو باوەڕی خۆی بکات.

ئەوانە تەیفێکی دیاری نێوەندی سیاسیی و ڕوناکبیری ئێمەن کە لە یەکەم تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی ئازادی و وەڵامدانەوەدا، لە یەکەم میتینگ و ململانێی دیموکراسییدا، دەکەون و بێتاقەت دەبن، سوور هەڵدەگەڕێن و بە هەفتە قسە ناکەن و بزە نایەتەوە سەر لێویان.

ئەمانە ئازادی بەس لە خۆیاندا قەتیس دەکەن، ئەمانە دیوی دووەمی سیستمی دەسەڵاتی دیکتاتۆرین. دیوی یەکەم دەسەڵاتی دیکتاتۆرییە کە هەر فێری ستایش و پیاهەڵدانە، حەزی لێیە وەکو سەددام حسێن بێت، ئازادی لای ئەو تەنها ئازادی ستایش و پیاهەڵدان و بەڵێ گۆیی بێت. دیوی دووەمیش ئۆپۆزسیۆنە تۆتالیتارەکانە کە ئازادی لە خۆیاندا قەتیس دەکات و

بچووکترین ڕەخنە، یان تەنانەت مافی داکۆکی لە خۆ کردنی قبوڵ نییە.

ئەم جۆرە ڕەخنەگرانە دیکتاتۆرێکی دەسەڵات پەک خراون، دیکتاتۆرێکن هێشتا بۆیان نەلواوە دەست لە دەسەڵات گیر بکەن بۆ ئەوەی بەرنامەکانیان لە ئاستی فیزیکیدا پیادە بکەن، ئەگەر نا رووی هیتلەریان سپی دەکردەوە و (عیدی ئەمین) بە بەراورد لەگەڵ وان نازناوی گاندی وەردەگرت.

ئەم تەرزە لە ئازادیخوازان، ئازادیخوازن، چونکە دەستیان ناڕوا، ئازادیخوازان، چونکە ئازادی ڕێگەی پیادەکردنی بەرنامەکانیان پێ دەداو لە ڕێی کەلێنەکانی دیموکراسیی و یاساوە هێز و توانست بۆ ڕۆژی خۆی کەڵەکە دەکەن. ئەمانە پرۆژەی فاشیستێکی ئایندەیین کە ئەگەر بە خەباتی سیاسیی و فیکری بەر بە شاڵاوی ئەمڕۆیان نەگیرێت سبەی میللەتەکەمان دەخەنە بەر هەڕەشەی فاشستێکی تازە بابەتەوە، یان وەک سەددام داوا دەکەن میللەتێکی تریان بدەنێ کە شایەنی (شان و شەوکەتی بەرزی) ئەوان بێت.

ئەمانە ئازادی خواز نین، بەچکە دیکتاتۆرن. دەتەوێت ناویان بناسیت، حزبیان بناسیت؟ سیمایان دیارە: لە بچووکترین ڕەخنە هەڵدەچن و ڕەنگیان زەرد و لێو بەبارن.

بەرپەرچدانەوەی فیکری و سیاسیی ئەمانە و بەزاندنیان لە گۆڕەپانی ململانێی سیاسیی و فیکریدا، خەباتێکە خوا و خەڵک و دوارۆژیشت لێ رازی دەکات.



(31)

## سیناریۆی سیناریۆ!

لەمیدیای گۆڕانەوە راپۆرتێکم بینی: (دەسەڵات سیناریۆ)ی داناوە بۆ ناوزڕاندنی هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزسیۆن گوایە چەند دەزگایەکی یەکێتی ئەم سیناریۆیانە دەهۆننەوە.

تێگەیشتم دەخوازن شەڕێکی پێشوەخت بەرپا بکەن تا پێش ئەوەی هیچیان لەسەر بوترێت زهنیەتی جمهورو دۆستەکانی خۆیان ئامادەبکەن کەئەوەی دەشێ لەمەودوا یەکێتی بیلێت (راستییەکی تاڵ) نییە کە لەتاو زوڵمی گۆڕان ناچارە بیلێت، بەڵکو ئەمە سیناریۆی دەسەڵاتە.

باشە ئەم سیناریۆ ناڕاستانە چییە کەگۆڕان لەسەر سیناریۆ دەیکات؟ ئەم شەڕە پێشوەختە بۆ ئەوەیە ڕێی روونکردنەوەی راستییەکانت لێبگرن. میدیای گۆڕان ئەم سیناریۆیە لەسەر سیناریۆی وەهمی دەسەڵات دادەڕێژێت، چونکە لەگۆشەنیگای خەیاڵدانی سەرکردایەتییەکەیەوە سەیری مەسەلەکە دەکات.

سەرکردایەتیی گۆڕان خاوەنی ئەدەبیاتی تەشهیرو ناوزڕاندن و تۆمەت هەڵبەستنە بۆ موخالیفە سیاسییەکانیان. ئەوان لەچاوی خۆیانەوە سەیری خەڵکی تر دەکەن.

فەرهەنگی تەشیهیرکردن و سوکایەتیکردن بەنەیارە سیاسییەکان

فەرهەنگی کارخانەی ئیعلامیی ئاشکراو نهێنی گۆڕانە کەمێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لەو بوارەدا. تەنانەت پێش دەرکەوتنی حزبی گۆڕانیش کاریان لەسەر دزە پێکردنی دەلەسەو ئەفسانە دەکردو ئەم سایت و ئەو رۆژنامەی بەناوی ئەهلییان کردە مینبەری سوکایەتیکردن و بوختان و هۆنینەوەی هەقایەتی ناڕاست لەسەر نەیارەکانیان. لەوەتەی حزبی (گۆڕان)یشیان دروستکردووە لەجێی ئەوەی تۆبە بکەن و بڵێن ئیتر ئێمەش بووینە خاوەنی حزبی خۆمان و هەقە دەستبەرداری ئەو فەرهەنگە خراپە ببین، کەچی چونکە ئەم سەنعەتە باش دەزانن و تەڕدەستن تێیدا، لەجێی کۆشش و ماندووبوون بۆ بەزاندنی فیکری و سیاسی نەیارەکانیان، دیسانەوە درێژەیان بەم نەریتە ناشیرینەداو بگرە فراوانتریان کرد لەڕێی چەند میلیشیایەکی میدیاییەوە. ئەم میلیشیایانە رۆڵی بکوژی بەکرێگیراو دەگێڕن هەر کەسێک ئەوان داوای پاکتاوکردنی مەعنەوی بکەن، بێ سێ و دوو تیرۆری رۆحی دەکەن.

ئەمڕۆ کە کەحزبی گۆڕان باسی سیناریۆ دەکات ئەمە ئەندێشەی (تیۆری پیلانگێڕانە)، تەنها لەخەیاڵی ئەوانە دایە کەپیشەیان پیلانگێڕانەو دەترسن بەهەمان چەکی خۆیان پاکتاو بکرێن، ئەم ترسەش رەنگە باشترین سزای کردگار بێت بۆ ئەوانەی زوڵم و زۆریان مەعلومی گشت عالەمە.



(32)

## ئاڕاستەی ململانێکان

لەدوای رووخانی سەددامەوە دوو سیاسەت لە ململانێدان کە ڕەنگدەرەوەی ململانێی نێوان دوو پێکهاتەن، پێکهاتەی دیکتاتۆری کەمینە و پێکهاتەی دیموکراسیی زۆرینە.

لەوانەیە ئەم پۆلێنکردنە تا نها سەیر بێتە بەر چاو، عادەتەن باسی پێکهاتەی شیعە و سوننە دەکرێت. ئەوەشیان ڕاستە، بەڵام ڕێی چارەسەری نێوان ئەو سێ پێکهاتەیە بە فلتەری چارەسەری ململانێی نێوان ئەو دوو ئاڕاستە سیاسییەدا، تێپەڕدەبێت.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا وا دەردەکەوت پێکهاتەی سوننە نوێنەرایەتی کەمینەی دیکتاتۆری دەکات لەبەر ئەوەی سەددام لەوان بوو. لە بەرامبەریشدا هەر دەبێ شیعە و کورد زۆرینەی دیموکراسیی بن، چونکە ئەمان زۆرینەی دانیشتوانن و هەر ئەمانیش زوڵملێکراوی دەستی بەعس بوون.

ڕەنگە ئەم شرۆڤەیە پێشتر ڕاست بووبێت. بەڵام لەمەودوا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. لە ناو سوننەدا ئێستا دیموکراتخوازی وا پەیدابوون دەخوازن لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا هەڵبکەن.

لەناو شیعەشدا راست نییە بگوترێ لەگەڵ دیموکراسیی و لابردنی زوڵموزۆری سەردەمی دیکتاتۆریین. هەیانە دەخوازێ زۆرینەی خۆی بۆ جۆرێکی دیکەی دیکتاتۆری بە کاربێنێت کە قەپ لە بەشی پێکهاتەکانی تر دەدات. لە ناو کوردیشدا بە خێرێ رەوتی وا پەیدابوون کە دەخوازن لە غەفلەتێکدا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن و ئەوە بکەن کە عیراق (8) ساڵە لێی دەربازبووە: حوکمێکی دیکتاتۆری زاخاودراو بە سیاسەتێکی لۆکاڵی بەرتەسک.

کەوابێ لە ناو هەر سێ پێکهاتەدا هەڕەشە لەسەر ئاراستە دیموکراسیی و فرەییەکان هەیە و بۆ ئەوەش پێویستە ئاڕاستە هەڕەشە لێکراوەکانی هەر سێ پێکهاتەی کورد و شیعە و سوننە هاوپەیمان بن پێش ئەوەی ئاڕاستەی دیکتاتۆرەکان بۆ گێڕانەوەی عیراق بەرەو قۆناغی پێش رووخانی بتەکەی گۆڕەپانی فیردۆس یەکبگرن.

حوکمی شێوە بەعسی هەڕەشەیە لەسەر کورد و شیعە و سوننەش و کەس پێی وانەبێ لە هەڕەشەی وا پارێزراوە، ناکۆکی چەند ساڵی ڕابردووی هەرسێ پێکهاتەکە چۆن بووبێت نابێ ئەمە رێککەوتنیان لەسەر مەسەلە بنچینەییەکانی دیموکراسیی و فیدراڵی و فرەیی بشێوێنێ.



(33)

## شەڕێکی ناعادیلانەیە

دۆخەکە لە میسر لە چیرۆکی مردنێکی ئاشکرا دەچێت.

هەموو لایەک دەزانێت تاوانێکی بڕیار لێدراو بەڕێوەیە.

پاڵەوانی رۆمانی چیرۆکی مردنێکی ئاشکرا دەڵێ خەڵکینە دەستم بگرن، دەنا ئەم پیاوە دەکوژم، کەچی کەس خۆی لێ ناکاتە خاوەن.

لە میسر کوشتنەکە زۆری نەماوە، تەرمی دیموکراسیی لە ناو تابووتدا پاڵخراوە، تەنها دوو بزمار کوتین و چەند تەکانێکی گەرەکە تاوەکو بخرێتە سەر شان و بە گۆڕستانی چەندین شۆڕش و بزووتنەوەی چاکسازی، دیکە بسپێرێت.

نەجیب ساویرس لە حزبی میسرییە ئازادیخوازان و دووەم دەوڵەمەندی میسر، کە بە ڕەچەڵەک قبتییە، بە ئاشکراتر ترسەکەی دەربڕی ((ئەم جەنگە جەنگێکی عادیلانە نییە.. دیکتاتۆریی موبارەکیان بە دیکتاتۆریی ئیخوان موسلیمین گۆڕییەوە. ئەمە ئەو رێگایەیە کە میسر نها پێیدا دەڕوا)) رێگا بەرەو پێچانەوەی رۆژە رۆمانسییەکانی شۆڕش.

هەر پەلەیان بوو شۆڕش بقەومێ، گاڵتەیان بە مەترسی ئیسلامی سیاسیی دەکرد. ئەمەیان وەک ترسێکی نابەجێ وێنا دەکرد کە ئەوی باسی بکات قینی لە شۆڕشە و دۆستی موبارەکە، بەڵام ئێستا ئیسلامیی سیاسیی خەریکە ئەو وڵاتە قووت دەدات کە پایتەختی بزووتنەوەی ئیخوانەکانە لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە.

گەنجەکان پەلەیان بوو تا شۆڕش بقەومێ، هێزی شۆڕشگێری و وزەی چەند قاتی دەمی بزووتنەوەیەکی دەستە جەمعی بای باڵی سیاسەتکارە بە ئەزموونەکانی فشکردەوە، جا بۆ چاوەڕێی شتێکی جیاواز لە گەنجەکان بکرێت؟ هێزێک بتوانێ دیکتاتۆری موبارەک رابماڵێ بێگومان دەتوانێ ئیخوانەکانیش، ئەوانەی هاوپەیمانی دەمی شۆڕشەکەن، ڕابماڵێ.

بەڵام راستێکەی دوو جەنگیی هەر بە سۆپەرمان دەکرێت. تەنانەت ئەمریکاش کە باوکی کارەکتەری سۆپەرمانە دوو جەنگی لە یەک کاتدا سەرنەخستووە. بۆش، کە دوو جەنگی کرد، تا لە بەرەی عیراق گرەوێکی دەبردەوە، لە بەرەی ئەفغانستان سەتڵێک ئاوی ساردیان پێدا دەکرد کە نەشئەی بردنەوە یەکسان بکات بە سفر.

میسر وەک ڕۆمانی چیرۆکی مردنێکی ئاشکرای لێهاتووە، بە دزییەوە سەیری فەسڵی کۆتایی ڕۆمانەکە بکە دەزانی دیکتاتۆری ئیخوان شوێنی دیکتاتۆری موبارەکی گرتۆتەوە و ئینجا ڕووناکبیرێکی گەورەی میسرش هیچ شرۆڤەیەکی بۆ ئەم مەرگە حەتمییە نییە و هەر: ئەزانی، ئەزانی و دواجار دواجارێتی!



(34)

## یادی یەکێتی

دوو هەفتەی تر یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کوردستانە.

یادی ئەم حزبە ئەم ساڵ بۆن و بەرامە و مەغزای تایبەتی هەیە.

ڕاستە هەموو ساڵێک لە تەمەنی هەموو حزب و شۆڕشێک تایبەتمەندی هەیە، چ وەک ژمارە و چ وەک رابردووی تێکۆشان و ئایندەی چاوەڕوانیش. بەڵام یادی ئەمساڵ تایبەتمەندییەکەی لە دۆخی سیاسیی وڵات و وێستگەی ئەمڕۆی تێکۆشانی یەکێتیدایە.

بە گوێرەی پێگەی یەکێتی لە دەسەڵاتدارێتی وڵات و بە حیسابی توانا و گوڕ و تینی مرۆیی و بە حیسابی ئامانجە سیاسییەکانی ئایندەشی بێت، یەکێتی زۆری ماوە خەباتی بۆ بکات و ئەرکی زۆرتری لەسەرە بۆ ئایندەی کوردستان.

بەڵام پێگەی دەسەڵاتدارێتی یەکێتی لە کوردستان و عیراقیشدا بێ سەرئێشە نییە وەک چۆن بێ دەسکەوت و هێزی جێبەجێکردنیش نەبووە. دەستەبژێرێکی سەرکردایەتی و کادری پێشکەوتوو و توانایەکی زۆری مرۆیش وەک چۆن باسکی

یەکێتیی لە گۆڕەپانەکەدا بە هێزکردووە بە هەمان ئەندازەش کێشە خولقێنیش بووە.

ئامانجە بەرزەکانی یەکێتیش هەروا مایەی نیگەرانی و بێ تاقەتی نەیارانی هەمە چەشنی یەکێتی بووە کە بۆ پەکخستنی ئەم خەونە گەورانە دەیان لەمپەڕیان لە بەردەم یەکێتیدا قوت کردۆتەوە.

بەم قسانەی سەرەوە بێت فاکتەرەکانی هێزی یەکێتی هەر خۆشی فاکتەرەکانی لاوازی وین. ئەمەش نابێ بە پەڕگیری لێکدانەوە ، یان بە بێ ئومێدکردن لە قەڵەم بدرێت.

بیرو ڕام وایە کە یەکێتی قوربانی دەستی سەرکەوتنەکانێتی و دەشێ بڵێین تووشی ((نەفرەتی سەرکەوتن)) هاتووە.

باشە چی بکەین بۆ بەتاڵکردنەوەی نوشتەیەک کە جادوگەری نەیار بۆ ئەم حزبەی کردووە؟ چۆن ئەم لەعنەتە بکەینەوە بە ڕەحمەت؟

پێش هەموو شتێک پێویستمان بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دۆسێ و کاغەزەکان ، بە دەمەزەردکردنەوەی فاکتەرەکانی هێز هەیە لە ناو یەکێتیدا.

ئێمە بۆ بەهێزکردنەوەی یەکێتی پێویستمان بە بەهێزکردنەوەی یەکێتی هەیە. هەروەها پێویستمان بە دواندن و هەڵسەنگاندنی توخمە پێکهێنەرەکانی یەکێتی هەیە. بەتایبەتی بەسەرکردنەوەی سەروەرییەکان کە لە دۆخی وەک ئێستا تینی جۆشدانەوەن.



(35)

## یەکێتی و شەهیدەکانی بۆ نیشتمان

حاڵەتی شەهادەت بەرزترین قۆناغی قوربانیدانی مرۆڤی خەباتگێڕە لە پێناو بیروباوەڕەکەی، یاخود فراوانتر لەمە لە پێناو ئازادی و لە ڕێی نیشتماندا.

شەهیدی ئەو پێناوانە خۆی بە نییەتی شەهادەت لە سەنگەردا بچەقێت یان لە کۆڕی خەبات، یان لە پەلاماری دوژمندا گیانی بەخت کردبێت هەر شەهیدە و شایەنی ناوی بەرزی شەهادەتە.

یەکێتی لە کاروانە دوور و درێژەکەی خۆیدا، لەم هەموو سەنگەرانەدا شەهیدی هەیە، چونکە لە هەموویاندا خەباتی کردووە و تێکۆشەرێکی بە خوێنی خۆی شایەتی داوە کە ڕۆژێک لەڕۆژان یەکێتی بەو گوزەرەدا تێپەڕبووە، نەبەردی هەبووە و ئەمەش خوێن بۆ ئەوانەی نیشانەیەکیان گەرەکە.

لەوەتەی یەکێتی دروست بووە ڕۆژێک لەڕۆژەکانی نیشتمان نەماوە، کە بەرواری شەهیدبوونی تێکۆشەرێکی یەکێتی نەبێت، ئەم حزبە لە خۆڕا نییە ناوی حزبی شەهیدانی لێ نراوە. شەهیدێک لە زیندان کە بەسەر ورەی بەرزی ئیعتراف نەکردنەوە شەهید بووە، یەکێک لە بەر پەتی سێدارە بە دروشمی کەم ژیان و کەڵ ژیان.

شەهیدێک لە کۆڕی چالاکییەکی ڕێکخستندا، شەهیدێک لە نەبەردی بەرگری و یەکێکی تر لە نەبەردی هێرشکردندا. شەهیدێک لە تەقەلا بۆ دەربازکردنی هەڤاڵێکی بریندار و یەکێکی تر بۆ دەرباز کردنی تەرمی پیرۆزی هاوسەنگەرێک. شەهیدێک لە شەختەی سەرمای جەنەڕاڵ بەفر و یەکێکی تر لە تینوی دووری لە ئاوەدانی. شەهیدێک لە بۆردومان و یەکێکی تر لە کیمیابارانکردندا، یەکێکی تر شەهیدی غەدر و پاشقولگرتن.

شەهیدێک سەرکردە و شەهیدێک هاووڵاتی پشتیوانی شۆڕش و ڕێبازەکەی.

ئەم شەهیدانە تەنها یادگاری شیرینی رابردوو نین، بەڵکو وزە و تینن بۆ ڕاستی ڕێبازەکە و بۆ راستی قوربانیدانی یەکێتییەکان لە پێناو ڕێبازەکەیاندا، لەوەش گرنگتر لە پێناوی کوردستانەکەیاندا.

شەهیدەکان بە جەستە ڕۆیشتوون و لە ناودا نەماون، بەڵام حزوریان ئەوەندە گەرمە نەک لە ناو تێکۆشەرانی یەکێتی و کوردایەتی، بەڵکو ئەگەر یەکێتی و یەکێتییەکان لە شەرمی تەوازوعدا باسی ئەو قوربانیدانە زۆرە نەکەن، روویداوە نەیارەکانی ڕێبازەکەی، نەیارەکانی کوردایەتی، بە خۆڕایی گێچەڵیان بە شەهیدان کردبێت. ئەمە بەڵگەی حزور و مایەی هێز نەبێ بۆ لە خەوی ئاسوودەیی هەتایی رادەچڵەکێنرێن؟



(36)

## خۆڕاگریی زیندانیان لەدیرۆکی یەکێتیدا

زیندانە سیاسییەکانی یەکێتیو مقاوەمەتیان لەزیندانی فاشیستەکاندا لاپەڕەیەکی ترە لەسەروەرییەکانی مێژووی دوورو درێژی ئەم حزبە. زیندانیانی سیاسیی یەکێتی وەک هەمەجۆریی خەباتەکەی، هەمەجۆرنو قۆناغی جیاجیای زیندانیکردنیان دیووە.

هەر لەدەستگیرکردن بۆ ماوەیەک لەتەوقیفو تەحقیق تاحکومدانو گیرسانەوە لەئەبوغرێبو ئەحکامە قورسەکانی مەجلسی قیادەی سەورە.

بەرەنگاریی فەلاقەو تەوهین لەتەحقیق لەقۆناغی زیندانیی کاتیدا، نەدرکاندنو ورەبەرنەدان لەبەردەم ماشێنی تەعزیبو ئەشکەنجەی فاشیستەکاندا، ئینجا مانەوەو خۆڕاگرییو خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانو ریتمی ماوەدرێژی زینداندا، هەڤاڵبەندی لەگەڵ زیندانیانی کوردستانییو عیراقی کە لەحزبە خەباتگێڕەکانی دژی بەعس بوون، ئەمانە هەمووی چیرۆکی ئینسانیو بەشێکی دانەبڕاوی دیرۆکی ئەم میللەتەن. رۆژانە ژیانی زیندانیانو خشتەی هەڵسانو دانیشتنیانو دۆزینەوەی ڕێگەو شێوازی گونجاو بۆ خەبات لەزیندانو گرێدانەوەی بەخەبات لەدەرەوەی زیندان، پەیوەندیی

لەگەڵ کەسوکار: خوشکو براو دایکو باوکو هاتوچۆیان بۆ زیندان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو چاوەڕوانیو سەبری شۆڕشگێڕییو وێستگەکانی هەژان بەهۆی لەسێدارەدانی هەڤاڵانو ئەوی پێی دەگوترێ (پاککردنەوەی زیندانەکان)و ئیعدامی بەوەجبە، دەرچوون لەزیندان بەچالاکیی هەڵاتن، یان بەعەفوی گشتی، یان بەهۆی هیچ لەسەر ساغنەبوونەوەو نەڕووخان، ئەمانە هەمووی وردەکاریی بەسەرهاتی زیندانەکانن کە دەبێ یەکێتیو یەکێتییەکان لەیادەوەرییدا بەزیندوویی ڕاییگرنو تەکنیکی پێسپاردنی بەنەوەی ئەمڕۆو داهاتووی کوردەواری دابینبکەن.

بەشێک لەزیندانییە سەربەرزەکانی یەکێتی چەند لاپەڕەیەکی بیرەوەرییەکانیان بۆ ڕۆژانی زیندان تەرخانکردووە، لەوانەش سێ لەهەڤاڵانی سەرنووسەری کوردستانی نوێ کە لەقۆناغی جیاجیا لەسەر بیروباوەڕی یەکێتی و خەبات بۆ ڕێبازەکەی زیندانیکراون: هەڤاڵ ئەرسەلان بایز لەڕۆژانی سەخت، هەڤاڵ فەرەیدون عەبدولقادر لەبۆنەی یادکردنەوەی شەهید خاڵە شیهابو سێ کوچکەی کۆمەڵە، هەڤاڵی کۆچکردوومان مەحمودی مەلا عززەت لە (کاروانی بێ کۆتایی)دا گەلێک تۆماری تاڵیو شیرینییەکانی ئەو ڕۆژگارەیان نووسیوەتەوە، بەڵام ئەو دۆسێیە لالێکردنەوەیەکی زیاتری دەوێت کە هەقە ئەم ساڵ یادی یەکێتی ببێتە بۆنەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕێو شوێنی گونجاو بۆ بەسەرکردنەوەو بەرزڕاگرتنی داستانەکانی زیندان.



لەدیرۆکی سیاسیی میللەتاندا، ئەدەبیاتی زیندان لەشیعرو ڕۆمانو گێڕانەوەی ئاساییدا، سەنگێکی گەورەی هەیە لەبووژاندنەوەی گیانی شۆڕشگێڕییو پەرەپێدانی مەیلی قوربانیدانو خۆڕاگریدا.

(37)

## ڕێکخستنەکانی یەکێتی

ڕێکخستنەکان فەسڵێکی ترن لەمێژووی ئەم حزبە، بەتایبەتی ڕێکخستنە نهێنییەکان. لەهەر کوێیەک کوردێکی جێی متمانەو باوەڕمەند بەڕێبازی یەکێتی شک دەبرا، ئەوێ شانۆی چالاکی یەکێتی بوو. وڵات هەمووی پاوانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوو.

ڕێکخستنەکان چاوو گوێو دەستو دەمو بازووی یەکێتی بوون. چاوی بوون لەچاودێری جموجۆڵو نەخشەو زوڵمی بەعس. گوێی بوون تابزانن بەعس چی ئەڵێ و ئەیەوێت چی بەکورد بکات، تابزانن کۆمەڵانی خەڵک چی بەبەعس دەڵێن و چ ئومێدو داخوازییەکیان لەسەر یەکێتی هەڵچنیووە؟ دەستی یەکێتی بوون بۆ دەستوەشاندن لەڕژێمی دیکتاتۆری و بازووی بوون لەیارمەتیدانی کوردایەتیدا، دەمی یەکێتی بوون بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی و هۆشیارکردنەوەی ڕێکخستنەکان و کۆمەڵانی خەڵکیش بۆ بانگەواز لەڕێی شۆڕشی نوێدا.

ڕێکخستنەکان تۆڕی گرێدانەوەی جەماوەر بوون بەناوچە ڕزگارکراوەکانەوە، دەستی ئەمینی گەیاندنی کۆمەکی خەڵک بوون بەشۆڕش و هەگبەی داوو دەرمان بوون بۆ بریندارانی پێشمەرگە.



تەتەری هێنان و بردنی زانیاری و پەیامەکان بوون لەگەڵ جەماوەری ئازادیخوازی کوردستاندا. رایەڵەی پەیوەندیکردن بوون بۆ فراوانکردنی پانتایی دەسەڵاتی شۆڕش. کورەی لەمەنگەنەدانی پاڵێوراوانی پێشمەرگایەتی بوون.

هەڤاڵانی نێو ڕێکخستن کەسایەتی بەرزو قاڵبووەکانیان ئوستازی نهێنی پارێزی و خۆڕاگری بوون: ژیانێکی ئاشکرا لەبن دەستی بەعس و تەحەمولکردنی ئەزیەتەکانی، ژیانێکی نهێنیش بۆ بەرەنگاربوونەوە، بۆ گورز لێ وەشاندن و هاندانی کۆمەڵانی خەڵک لەڕێی پەیوەستبوون بەشۆڕش و کوردایەتییەوە. ژیانێکی ئاشکرا بۆ دابینکردنی گوزەرانی ماڵو منداڵ و ژیانێکی نهێنی بۆ ژیاندن و پەروەردەکردنی جگەرگۆشەکانی ڕێکخستن، ئیختفاو دەرکەوتنەوە، چوونە شاخ و گەڕانەوەی بەنهێنی، گوێزانەوەی نەخۆش و بریندارو هەڵکوتانە سەر مۆڵگاکانی بەعس.

حاڵی ڕێکخستنەکان وابوو: جەستە دیل لەناو نەهەنگی بەعس و خەیاڵ ئازاد لەناو شۆڕش و بیروباوەڕە ئازادیخوازەکانی.

ڕێکخستنە پۆلاینەکانی یەکێتی بەو هەموو خۆڕاگری و قایمکاری لەتەگبیری شاردنەوەی نهێنییەکان تابەردەستی دوژمن نەکەون، بەو هەموو سەبرە شۆڕشگێڕییەوە، ئەگەر دوا سامورای سەدەی بیستەم نەبن، بەلانی کەمەوە پاڵەوانێکی یۆگای سیاسیین و شایانی میدالی ئیفتخارن لە ساڵرۆژی یەکێتیدا.

(38)

## پێشمەرگە لەشۆڕشی نوێ-دا

پێشمەرگە لە کوردایەتیدا ناوێکیترە بۆ فریشتەو مرۆڤێکە لەپلەیەکی بەرزی جەنتڵمانی و جوامێری، پێشمەرگە لە کوردایەتیدا تایتڵی خەسڵەتی مرۆڤێکە پێش مەرگی خۆی و هەڤاڵەکانی دەکەوێت، لەجێی ئەوەی چاوەڕێی مردن بکات ئەم بۆی دەچێتە بۆسەوە.

پێشمەرگە لەشۆڕشی نوێدا ئەم خەسڵەتانەی سەرەوەی لەخۆیدا بەرجەستەکردووە بەهەندێک ئەدگاری نوێوە کە هەر لە پێشمەرگەو لەیەکێتی دەوەشێتەوە، پێشمەرگە لەشۆڕشی نوێدا هەر چەکدارێکی ئامادەی نەبەردی سەربازی نییە ، بەڵکو تێکۆشەرێکی سیاسی چەکدارە وەک لەئەدەبیاتی یەکێتیدا پێناسەکراوە. کاری ناساندنی شۆڕش و پروپاگەندەیە بۆ رزگاری وەک چۆن کاری رامالینی داگیرکەرە لەرێی ئەو رزگارییەدا.

ئەو چەند بەهەیبەت بوو لەوە زیاتر خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بوو، بەو خۆشەویستییەوە نازی هەبوو تا بەچەکەوە. ئەو گیانفیدای کوردستان بوو، بەڵام بێهودەو بێ هیوای ژیانیش نەبوو، کوڕی شۆڕشێکی درێژخایان بوو، بەڵام ئارەزووی بۆ



ژیان و بۆ خۆشەویستی لەگەڵ نیشتماندا دوانەیەکی ئاوێزان بوون، بە هوشیارییەوە گیانبازی دەکرد، بۆ کوردستانێکی بوو کە هەر ئەوەندە بەس نییە رزگاری بێت، بەڵکو دەبێت وڵاتی ئاواکراو لەجێی وڵاتی داگیرکراو، وڵاتی دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و ژیاندۆستی بێت.

لەبەرئەوە خەباتی بۆ نیشتمان و بۆ ژیانیش بوو، لەبەر ئەوە دەبوایە هونەرمەندی پێشمەرگە هەم سروودی (هۆ کاکی پێشمەرگە) بڵێ و هەم سروودی ژیاندۆستی (هەرمێ) بچڕێت، پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ سوارچاکی نێو ئەو بەیتە فۆلکلۆرییە بوو کە سەدای گۆرانی تیپی شەهید کارزان بوو:

(لەزرەی کەلەپچەی حاکم ناترسم،
لەبێ مەیلێکەت ئەحواڵ ئەپرسم)

ئەو خاوەنی دەیان داستانی رزگاری و سەدان ناوی درەوشاوەیەو ناوی پێشمەرگەی شەهیدیان کردووەتە سیمبولی خۆیان. ئەوان پێشمەرگەی حزبی نین با کوڕی یەکێتیش بن چونکە یەکێتی خۆی بۆ کوردو کوردستان دروست بووەو ناونیشانی یەکێتی ریزەکانی کوردە.

پێشمەرگەی یەکێتی بەو رابردووەوە ئەگەرچی ئەستێرەی سوپای مەسلەکی نییە کە گەلێک جار سوپای کلاسیکی بۆ سەرکوتکردن بە کاردێت، بەڵام سوپای پێشمەرگە ئەستێرەی سەرشانی میللەتی ئازادیخوازی کوردەو ئەوەی پێیوایە میلیشیایە خۆی بیرکردنەوەیەکی میلیشیایی هەیە.

(39)

# جەماوەری یەکێتی

جەماوەری یەکێتی بەشێکی دانەبڕاوە لەڕەوتی یەکێتی. خەباتی یەکێتی بۆ جەماوەرە و ئەو خەباتەش، ئەگەرچی کۆمەڵێک تێکۆشەری حەریف تەگبیریان لێکردووە، هەر بە جەماوەر کراوە و سەرخراوە.

زەحمەتە بتوانین جەماوەری یەکێتی لە یەکێتییەکان جیابکەینەوە. روویداوە لە مێژوودا حزبێک وا فراوان بووە کە جەماوەر و ئەندامەکانی تێکەڵ بوون. هی یەکێتی شتێکە لەم بابەتە. جەماوەرەکەی ئەوەندە خاوەندارێتی لێ دەکەن کە زەحمەتە بێ قەناعەت پێکردنی جەماوەرەکەی، یەکێتی توانیبێتی سیاسەتەکانی سەربخات.

ئەم جەماوەرە لە تەنگانەدا سیاسەت و بەرنامەکانی یەکێتی سەرخستووە. لە خۆشی و شینەیشدا بە کەمترین دەستکەوت رازی بووە بەمەرجێ رەوتەکە راست بێ و سەرئەنجام یەکێتی بۆ کورد و کوردستان دەستکەوت کەڵەکە بکات.

جەماوەری یەکێتی لە هەموو توێژەکانی کوردستانە، چونکە یەکێتی هی هەموو نیشتمانپەروەرانی کوردستانە. بەڵام بنکەی



فراوانی یەکێتی لە ناو خەڵکی هەژاردایە. روویداوە کە هەندێک دیاردەی خەڵەتێنەر یەکێتی بەلای توێژێکی بەرتەسکی خەڵکدا بردووە، بەڵام وریابین هەر باوەشی بنکە سەرەکییەکە گەرمترە.

جەماوەری یەکێتی جەماوەرەکەیەتی وەختێک زەنگی شۆڕشی نوێی لێدا. جەماوەرەکەیەتی لە ناو کوردانی مەنفا ، لەناو کوردی ناوچە دابڕێنراوەکان، لە ناو کوردی قووڵایی کوردستان، لە ناو کوردانی هەندەران کە ئەوساو ئێستاش لەسەر گیرفانی خۆیان یەکێتێتی دەکەن.

جەماوەری یەکێتی ئەو جەماوەرەیە لە ئاهەنگی گەورەی سورداشدا سەرپۆشی رێکخراوەیی لەسەر خۆی لادا و لە بەعس نەترسا. ئەو جەماوەرەیە راپەڕینی 1991ی بەرپاکرد و لە کۆڕەودا نای بۆ دیکتاتۆری کرد. جەماوەری یەکێتی چاوی لە دەسکەوتی گشتییە نەک تایبەتی، گەلێک جار لە ڕێی خواو و لە سەر ئەرکی خۆی یەکێتییە، چاوەڕێی لە یەکێتی وەفادارییە بۆ ڕێبازی رزگاری کوردستان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەک لە بەرنامەکەی یەکێتیدا هاتووە.

هەندێکیان لە یەکێتی زویر بوون، بەڵام چونکە دەزانن مەعدەنی یەکێتی رەسەنە سەبری زۆریان کردووە، لەم کودەتایەی دوایشدا جەماوەر سەرەڕای داخوازی بۆ چاکسازی، بەڵام دوای پیلانی کودەتاچییەکان نەکەوتن. ئەم جەماوەرە شایانی ئەوەیە یەکێتی سەرمایەگوزاریی تێدا بکا و سەرمایەگوزاری بۆ بکات.

(40)

## موفاوەزاتەکانی یەکێتی

دانوستاندن و گفتوگۆ جۆرێکە لە جۆرەکانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان، ئەو چەکی خەبات بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی کوردایەتی و یەکێتیش وەک شێوازێکی کاریگەری خەبات بەکاری هێناوە.

موفاوەزاتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی بەعس بەشێکی شانازی یەکێتییە هەرچەندە کەمی لەسەر نووسراوە و کەمیش باس دەکرێت. ئەمەش سەبارەت بەوەیە کە هێشتا، سەرەڕای گەشەی خەباتی نەتەوەیی و هوشیاری سیاسیی لەم چەرخەدا، کەچی بە شێوەیەکی گشتی، موفاوەزات وەک پاشەکشێ و سازش وەک دانوستان سەیر ناکرێت، بەڵکو وەکو تەنازول و دەستبەرداربوون لە تێکۆشانی چەکداری دەخوێنرایەوە. لە کاتێکدا ئەسڵ لە مەسەلەکە پەرەپێدانی خەبات و نزیکبوونەوەیە لە چارەسەری. نەک ئەوەی ئامرازەکە چەک یان گفتوگۆ بێت.

موفاوەزاتەکانی یەکێتی لە چەند قۆناغی جیاجیادا ، موفاوەزاتی گەورەی هەشتاکان و موفاوەزاتی بەرەی کوردستانی لە دوای



ڕاپەڕینی 1991، سەروەرین بۆ یەکێتی و بۆ کوردایەتی ، چونکە لە چەندین وێستەگەدا توانای دانوستانکاری کوردستانیان دەرخستووە: دانپیانانی ڕژێمی دیکتاتۆری بە سەنگی یەکێتی، بە ڕەوایی مەسەلەی کوردستان و بە فشۆڵی ئەو چارەسەریانەی بەعس پێی وابوو مەسەلەی کوردی پێ دابین کردووە، دانپیانانی ڕژێمی سەددام بە وەرەقەی تەعریب و پێویستی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک لە دانوستانەکەی ساڵی 1984، هەموو ئەمانە بەرهەمی خەباتی موفاوەزاتن.

نەک هەر ئەمە، بەڵکو کاروانی خەبات کە جار بەجار وێستگەی پشوودان و خۆنوێکردنەوە و مشتومالکردنی گەرەک بووە، بە گشتی لە وێستەگەکانی موفاوەزاتدا دەرفەتی بۆ جۆشدانەوە و خۆڕێکخستنەوە و بگرە بۆ تەماسگرتن لەگەڵ جەماوەر لە سەرتاسەری کوردستان، بۆ ڕەخساوە.

بە ڕەسمی ناساندنی موفاوەزات و ئیمزاکردنی چەندین بەڵگەنامەی گرنگ لەلایەن بەعسەوە، باسکی بزووتنەوەی کوردایەتی و یەکێتی بەهێزکردووە با لەدوا وێستەگەشدا بەعس، بە بیانووی گوشاری دیپلۆماسی دەرەکی، پەشیمان بوویێتەوە. بگرە هەر خودی پەشیمان بوونەوەشیان بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر بەعس کە هەمیشە کوردی بە دەسکەلای دەرەکی دەناساند. موفاوەزاتی یەکێتی کە لەناو شۆڕشدا بۆ خۆشی مفە حەیاتەکەیان پێدەوت، یەکێکی ترە لە شانازییەکانی کاروانی یەکێتی و کاتێتی دەرس و پەندەکانی دەوربکرێنەوە.

(41)

# ژنان لەیەکێتیدا

ژنان لەناو یەکێتیدا، نیوەی یەکێتی نین، بەڵام لەکاریگەری و مانای قووڵی بەشداری خەباتدا لەنیوەی زیاترن.

بەشداری ژنان لەخەباتی یەکێتی و شۆڕشی نوێ بە ژمارەی ئەندامانی ڕێکخستنەکانیان ناپێورێت، بەڵکو بەو مەغزا ژیاندۆست و بەو گەرموگوڕییە دەپێورێت کەدایکان و خوشکان و کچان بەڕەوتی خەباتی یەکێتییان بەخشیووە.

لەخەباتی نهێنی شاردا، دایکان و خوشکان، کچان و ژنان لە خانەوادەی تێکۆشەرانی یەکێتی ، بەشێک بوون لەکاروانی خەباتی ڕێکخستنەکان، دایکی شۆڕشگێر لە ئەندامێتی و پلەبەندی حزبی گەورەترە وەختێک بە شیری پاکی منداڵەکانی جوامێرانە بۆ کوردو کوردستان پەروەردە دەکات، دایک لەکۆبوونەوەی نهێنی بەبەهاترە وەختێک بەترس و لەرزی پەرۆشی لەسەر ئایندەی منداڵەکان بە چاوی دڵ چاودێرییان دەکات.

ژنانی یەکێتی هەر ژنانی ئەندامی رەسمی حزبەکە نین، بەڵکو ئەوان دایکی شەهیدو دایکی شەهیدکراو خوشک و ژن و کچی شەهیدکراوی رێی ئەم خەباتە دوور و درێژەن. کچانی خوێندکارو



لاوانن کە گوڵی خۆپیشاندانەکانی دژی بەعس و چقڵی چاوی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بوون.

ژنان و کچان هەڵگری نامەی چکلێتی رێکخستن بوون لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ و بۆ ئەو شار، کە بەناو هێز و دەورییەی ئەمنی درندانەی بەعسدا دزەیان پێدەکردو موجازەفەیان دەنواند، ژنانی یەکێتی تەتەری نامەبەری نێوان شارو لادێی ئازادکراو، دایکی جگەر سووتاوی شەهیدانن کە دەیانگوت و دەڵێن: با پرسەش نەبێ، شەهید بۆ رزگاری کوردستانە.

ژنانی یەکێتی ئەو هەڤاڵانەشن کە خۆیان لە ڕێکخستن بوون و خۆیان پێشمەرگە بوون ، بەڵام هەمیشە بەشیان وەکو مێردە پێشمەرگەکانیان نەبووە.

ئازار یەک ئازارو خزمەت هەر بۆ شۆڕش و کوردستان، بەڵام هێشتا دەسکەوتەکانیان لە ئازادی و لەماف و فرمانـدا وەک براکانیان نییە.

ژنانی یەکێتی ژنانی رووسوورو سەربەرزی زیندانەکانی بەعسن، ژنانی خۆڕاگرن لە دەربەدەری شاران و لەزیندانی بەکۆمەڵی جنوب.

ژنانی رەوتی خەباتی یەکێتی لەپێشمەرگایەتی و لەزیندان و لەخەباتی نهێنیدا، لەبەشداری سیاسی ئاشکرای دوای راپەڕیندا، خاوەنداریکی سەرەکین لەم سەروەریانەدا با لەدەسکەوتیشدا لەڕیزی دووەمدا بن.

(42)

## لاوان لەیەکێتیدا

لاوان قەدەری هەموو قۆناغەکانی عومری یەکێتین. یەکێتی لاوانە لە دایکبوو، بەرنامەکەی گەنجانەو شۆڕشەکەشی گەنجانە و نوێ بوو.

یەکێتی لەگەڵ خۆیدا نوێبوونەوەی هێنا، کوردایەتی و کوردستانێتی دەمەزەردکردەوە ، کاری ڕێکخراوەیی و خەباتی سیاسی نوێکردەوە. ڕێبازێکی نوێ بوو لە پێشمەرگایەتی و لەبانگەوازو لە کردەوە و کار. ئەوە چەند نەوەیە گەنج لەناو یەکێتیدا قۆناغی نوێ و نوێتر دێنێتەکایەوە. سێ دەیەو نیو زیاترە کەتەمەنی ڕەوەتی یەکێتییە، چوار نەوەی لە دوای یەک گەنجێتی یەکێتی نوێ دەکەنەوە. یەکێتی نها حزبی پێکدادانی ویست و بیرکردنەوەی چەندین نەوەیە کە بۆ نەرمکردنی ململانێی نێوانیان پێویستییان بەوەیە لە سەر پرەنسیپی هەمیشە گەنج هێشتنەوەو گەنج کردنەوە ڕێک بکەون.

لاوان توێژی هەرە بەرفراوانی ناو ریزەکانی یەکێتین، لەڕیزی پێشمەرگە، ڕێکخستن،خەباتی دیموکراتی و کادرانی نێوەندیدا، لاوان باسکی یەکێتی بوون لە هەڵسانەوەی شۆڕش و بازووی



ئێستا لەکار و هەمیشە بەکاری یەکێتین بۆ ئایندە کە دەخوازین یەکێتی بۆ ئایندەی پرۆژەی نەتەوەیی وکوردستانیی بێت.

لاوەکان لەناو یەکێتیدا حزوریان هەیە، گلەییان هەیەو گلەییەکانیشان تەواو نابێ، چونکە تەواوبوو ژیان رادەوەستێ و یەکێتیش لەگەنجێتی دەکەوێت. گلەیی گەنجەکان بەشێکی ڕەوایە، بەشێکی دییان لەچاوی خۆیانەوە ڕەوایەو دەبێ لەنیوەی ڕێدا بگەنە چارەسەری مامناوەندی بۆی و بەشێکیشی زەمەن و ململانێی دەریدەخات کە ئەگەرچی گوڵ ناپێکێت، بەڵام شووتێکی جوانەو گەنج دەبێ هەروا بێت.

لاوان سەرمایەن بۆ گەنجبوونەوەی یەکێتی، یەکێتی کاری بە وزەیانە، کاری بەدیدی گەنجانەو ڕۆمانسیانەی ئەوانە بۆ دیموکراسی و کوردایەتی و کوردستانێتی . ئەوانیش کاریان بە هێزی لەبن نەهاتووی یەکێتی و پێویستیان بە پێگەو سنگی یەکێتی هەیە تا هیواکانی خۆیان و ئایندەی میللەتەکەیان بێنەدی. یەکێتی دیدی گەنجانەی لاوانی گەرەکەو لاوانیش قاڵبوویی یەکێتیان پێویستە.

لاوان دەزانن بێ باسکی ئەستوورو بێ قاڵبوونەوە لەکۆڕی ململانێی سیاسیدا کەس فەرمویان لێ ناکاو یەکێتیش بۆ ئەوەی پاسپۆرتی چوونە ئایندەی لە گیرفان بێت بە تووولەڕێی گەنجبوونەوەو بە وزەیەکی گەنجانەوە گوزەر بە قۆناغی پەڕینەوەدا دەکات.

لاوان سەر لەبەری مێژووی یەکێتین. ژیر و هۆشیاریشن، دەزانن ئایندە لای یەکێتییە.

(43)

## یەکێتی و رووناکبیری

یەکێتی یەکێتی هەموو نیشتمانپەروەرانی کوردستانە، بەو رووناکبیرانەی وزەی خۆیان خستۆتە خزمەت سیاسەتەوە بۆ هەموو توێژەکانی تر کە ئەگەر چی لە بواری رووناکبیریدا کارناکەن، بەڵام دیدیان روون و بیریان تیژە لەسەر مەسەلەی رەوای گەلەکەیان.

رووناکبیرەکان لەناو یەکێتیدا لەڕیزی پێشەوەی رۆڵ و کاریگەریدان، چونکە دەستەبژێری سیاسیی دامەزرێنەری یەکێتی هەر خۆیان دەستەبژێرێکی رووناکبیریش بوون. رووناکبیرانی سیاسیی و رووناکبیرانی بەشدار لە شۆڕشی نوێدا ئەدەبیاتی سیاسیی کوردایەتیان دەوڵەمەند کرد و دەیان چەمکی نوێ و روانینی تازەیان لەگەڵ رێبازی رەسەنی کوردایەتی ئاوێتەکرد و دەوڵەمەندیان کرد. دەوڵەمەندترین قۆناغەکانی گەشەی بزاڤی رۆشنبیریی و گەشەی بزاڤی سیاسیی لە کوردستان ئەو قۆناغەیە کە هەر دوو بزاڤ لە یەکێتیدا ناکۆکی و تەباییان هەبوو. هەر کەموکورییەک لە ئێستادا لە بواری رووناکبیریی و لە بواری سیاسیدا شک دەبەن هەر دەبێ لە دوورکەوتنەوە، یان کەمی



لێکنزیکی ئەم دوانە لە ناو یەکێتیدا بە دوای هۆکارەکەیدا بگەڕێین. ئەم دوانە دووباڵن بۆ فڕین بە ئاسمانی گەشەپێدانی کوردستان، بێ یەکتری هەڵناکەن و بەرهەمیان نا کامڵ دەردەچێت. رووناکبیرەکان دەست رۆیشتوو و دەربەستی کۆڕی خەباتیش بوون. لەبەر ئەم بنەچە رووناکبیرییەی یەکێتیش، بزووتنەوەی رووناکبیریی لەناو شۆڕشی نوێدا وا گەشەی کرد کە ساڵێک لە ساڵانی شۆڕش ژمارەی کتێبی چاپکراوی ناو شۆڕش، لە ژمارەی کتێبی چاپکراوی دەزگا رۆشنبیرییە کوردییەکانی بەغدا زۆرتربوو.

رووناکبیرەکانی ناو شۆڕشی نوێ بێ فیزترین رووناکبیرەکانی سەرگۆی زەوی بوون، بە خەسڵەتی رووناکبیری خۆیانەوە مابوونەوە، بەڵام وەک پێشمەرگە خاکی و وەکو ئەوانیش ئاوێتەی خاک و خەڵک بوون. ئەوەندە فەزای یەکێتییان رووناک کردبوو کە گەلێک پێشمەرگە لەوانەوە ئاسۆی رووناکبیرییان، هاوشانی دیدی رۆشنی کوردایەتیان، فراوان بوو.

لەمڕۆشدا یەکێتی پێویستی بەرووناکبیرانە بۆ دەمەزەردکردنەوەی خۆی، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتەکەی تا تێری قۆناغی نوێ بکات، بۆیە هەقە یەکێتی دەستپێشخەری بکات، چونکە رووناکبیرەکانی خۆی چەند زۆربن، هێشتا پێویستی بە هاوپەیمانێتی ئەوانەی دەرەوەش هەیە.

(44)

## یەکێتی و حوکمڕانی

-1-

ئەگەر بەشداری لە حوکمڕانی ببێتە مایەی کەڵەکەکردنی ئەزموون، ببێتە دەرفەتێک بۆ خزمەتکردنی خەڵک و جێبەجێکردنی بەرنامەی سیاسیی حزبەکان، ئەگەر بەشداری وا ببێتە مایەی هێزداری و بەرزبوونەوەی نفوزی سیاسیی، ئەوا ئەو بەشدارییە بێ کەموکوڕیش نییە.

مەترسیدارترین لایەنی حوکمداریکردن ((نەخۆشی حوکمڕانی))یە. یەکێتییەکان دەبێ خەبات بکەن نەخۆشی حوکمڕانی کردن زەفەریان پێ نەبات و لە کۆڕی خەباتی سیاسیی و تێکۆشانی جەماوەری دووریان نەخاتەوە. یەکێتی لە 1992 هوە لە حوکمڕانیکردنی کوردستان بەشدارە، چەند جارێک بە جیا و بە شێوەی ئیئتیلاف حکومەتی پێکهێناوە و لایەنێکی سەروەری حوکمرانی کوردستانییە، بەڵام رەوتی خەباتی یەکێتی لەڕەوتی حوکمڕانیکردنی کۆنترە.

تەمەنی کوردایەتی لە حوکمڕانی کوردی کۆنترە. یەکێتیش لە بنچینەدا، لە هەلومەرجی خەبات بۆ کوردایەتی و رزگارکردنی کوردستان هاتۆتە کایەوە و ئامانجی حوکمڕانی بۆ پێشخستنی



کوردەواری و بۆ ئاوەدانی، ئامانجی دوای رزگاری کوردستان بووە، یەکێتی دروست بووی کۆڕی خەبات بوو نەک کۆڕی ململانێی دیموکراسیی و هەڵبژاردن وەک مێژووی حزبایەتی لە رۆژئاوا، بەو حاڵەشەوە لە چەند دەورانی بەشداری لە حوکمڕانیدا، ئەم حزبە بە دیموکراسیی و دەرئەنجامی هەڵبژاردن هاتۆتە حوکمڕانییەوە. بەشداری لە حوکمڕانی هەم بۆتە مایەی تەجرەبەی زۆر، هەم دەرفەتی خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێکردنی بەرنامەی بۆ یەکێتی رەخساندووە. ئەمانە دەستکەوتی گەورەن بۆ یەکێتی و بۆ خەڵکی کوردستانیش، بەڵام ئایا ئەمانە یەکێتیان لە نەخۆشی دەسەڵات پاراستووە؟

بەشێکی هەڵامەتی بیروقراتی و بگرە بەشێکی ململانێ و جیابوونەوەیش کە ڕوویدا نەخۆشی دەسەڵات رۆڵیان تێدا گێڕاوە.

چارەسەر چییە بۆ دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی دەسەڵات؟ چارەسەر خۆدزینەوە نییە لە حوکمڕانی کە ئامانجی رەوای هەموو حزبێکی سیاسییە.

دوورکەوتنەوە لە حکومەت و وێڕای بەدەست هێنانی متمانەی جەماوەر لە هەڵبژاردندا، سیاسەتێکی ئینهیزامی و دوورکەوتنەوەیە لە تەکلیفی نەتەوەیی، بۆیە چارەسەر بۆ نەخۆشی حوکمڕانی هەمیشە جۆشدانەوەی خەباتی جەماوەرییە. یەکێتی کە بەشداری حوکمڕانی دەکات خۆ هەموو یەکێتی ناچێتە حکومەتەوە، خێرە هەموو خۆمان لێ ببێتە حکومەت و دەستبەرداری شێوازەکانی خەباتی جەماوەری و خەباتی دیموکراتی بین؟

پێویسته یەکێتییەکان ئەوەیان له بیربێت که بەشداریکردن له حوکمڕانی چەند جاریش دووباره بێتەوه و چەند هەڵبژاردنی تریش به دیموکراسیی ئەو تەکلیفه نەتەوەییەیان لێ بکرێت، مانای دەستبەردار بوون له کەرەستەکانی خەباتی دیموکراسی ناگەیەنێت.

حوکمڕانیکردن یەک له دەیان سیاقی دەرکەوتنی یەکێتییه بۆ خزمەتی خەڵک و هەر دیدێکی ئاوەهاش یەکێتی له و نەخۆشییه دەرباز دەکات با چەند دەیەی تریش له حکومەت بمێنێتەوه.



(45)

## یەکێتی و بەهێزکردنی

قسەی زۆر لەسەر چاکسازی له یەکێتی کراوه.رەنگه هیچمان نەمابێ بۆ وتن، بۆیه لێره پێشنیازی ناوێکی نوێ دەکەم: (بەهێزکردنی یەکێتی).

ئەم وشەیه لەڕووی ریتمی دەنگەوه قورسه له چاو وشەی ((چاکسازی)). چاکسازی سیحرێکی جوانی هەیه. بەڵام هەموو سیحرێک جگه له جاویدانی، جادووشی له خۆیدا حەشارداوه. روویداوه بەناوی چاکسازییەوه پاچسازی کراوه و لەجێی گەشەپێدانی یەکێتی پرۆسەی بڕیار و کردار پەکخراوه، بەڵام هەموو بەهێزبوونێک ئیستحقاقی خۆی له گەڵدایه: کۆششی تێکۆشەرانی یەکێتی بۆ خزمەتکردنی و بۆ داکۆکی لێکردنی و ئینجا ئەم ئاسته له بەهێزبوون ئیستحقاقی چاکسازی و گەشەپێدانی بەدوادادێت. ئەگەر یەکێتی بەهێز نەبێ ئێمه چاکسازی له چیدا بکەین؟.

بەهێزکردن بۆ چاکسازی چەند رەهەندێکی هەیه و کۆنگرەی سێیەم یەک له وێستگەکانه که شەرعییەتی رێکخراوەیی و هەڤاڵێتی بۆ یەکێتی نوێکردەوه، وێستگەی دیکەشمان پێویسته که دەشێ لێرەدا لەسەر یەکێکیان بدوێین: جۆشدانەوه.

جۆشدانەوەی یەکێتی لە ئاستەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە.

ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی دەستە جەمعییە و هەموو یەکێتییەکان لێی بەرپرسیارن، لە هەڤاڵ سکرتێری گشتییەوە تا ئەو هەڤاڵەی ئەمرۆ شەرەفی ئەندامێتی وەردەگرێت. هەڤاڵان لە بنکەی جەماوەری یەکێتیش بەرپرسیارێتیان لەسەر شانە و رەنگە زەحمەت بێت تاسەر ئەو پاساوەمان بیخوات کە هەموو ئەرکەکان بۆ سەرکردایەتی بەجێبێڵین و شانی خۆمان لە بەرپرسیارێتی خاڵی بکەینەوە.

یەکێتییەکان دەستپێشخەرییان پێویستە بۆ ئەوەی لە هەر بازنەیەکی خەباتدا توانا و لێوەشاوەیی خۆیان گەشەپێبدەن و لە کۆڕی ململانێی سیاسیی، لە ناو کوردستانی دیموکرات و جەنجاڵ بە حزب و ئاڕاستەی سیاسیدا، ئەم تواناو لێوەشاوەییە تاقیبکەنەوە و داکۆکی لە بەرنامە و سیاسەتەکانی یەکێتی بکەن. ئەوی سەربەرز دەبێت بەوداکۆکییە بێگومان لە ناوخۆی یەکێتیشدا بەهرەمەند دەبێت لە مافی ئاڕاستە و چاکسازی راستەقینە لە کاری رێکخراوەییدا.

ناشێ بە پاساوی ئیلتزامی رێکخراوەیی گیانی داهێنانی حزبی و دەستپێشخەری بکوژین. هەروەک ناشێ بە بیانووی بوونی تەحەفوز لەسەر ئەم بەرنامە، یان ئەو سیاسەت، کۆششی خۆمان بۆ خزمەتکردنی یەکێتی پەکبخەین. تەحەفوز لە مەیداندا چارەسەردەبێت و هەڵەی کاری مەیدانیش هەر لە مەیداندا راست دەکرێتەوە.



(46)

## شەهیدەکان پیرۆزە

یادێکی هەڤاڵانەیە ئەم یادە، یادی شەرەفی ئینتیمایە بۆ حزبێک خاڵە شیهاب و جەعفەرو ئەنوەر سێکوچکەکەین.

یادێک کە وەسێتنامەی دارێژەری ستراتیژی "کەم ژیان و کەڵ ژیان" وابوو وەختێک خاڵە بەهەڤاڵەکانی زیندانی وت: یەکێتی بپارێزن، لەگەڵ یەک باش بن و قەدری مام جەلال بزانن.

یادێک لەرۆژ غەریب و گۆڕ غەریبی شەهیدانی سەرکردە عەلی عەسکەری و دکتۆر خالد و حسێن بابەشێخ و تاهیری عەلی والی، یادیک لە شەهیدان ئارام و سەعدی گچکە و ئازاد هەورامی لەسەرەتای شۆڕش و لەگەرمەی خەباتی پارتیزانیدا.

یادێکی هەڤاڵانەیە وەک هەڤاڵێتی شەهید حەمە غەفور ئاغجەلەری و شەهید سیروان تاڵەبانی و شەهید مامە ریشەو هەڤاڵەکانی، یادێک لە شەهیدان ئەنوەرو دوانزە سوارەکەی قازان، لە شەهیدانی قرگە، لەشەهیدانی دابان و هەلاج و قەیوان ماوەت و شەڕی بێتواتەو قەرەداغ و سەری رەش.

یادێکی هەڤاڵانەیە کە لە هەر کوێ کوردێکی دڵسۆز، وڵاتپارێز و دیموکراتپارێزت بینی پیرۆزبایی لێ بکە، ئەوە یەکێتییە و بۆ کوردو کوردستان لە کۆڕی خەباتدایە، لەهەر کوێیەک ویستی کوردستانێتیت هەبوو ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێکانی، هەڵۆ سوورەکانی دژی تەعریب و تەسفیرت لەیاد بێت کە هەموو وڵات پاوانی خەباتیان بوو.

گەر موقاوەمەتی زیندانت گەرەکە: جەمال تاهیر، جەماله ڕەش و جەباری حاجی رەشیدو هاوڕێکانی و هەموو شەهیدە گومناوەکانی کە شەهید مەلا عەلی دیرۆکی زیندانیان بە شیعر دەگێڕێتەوە، لە دیواری سەروەری ناویان نمایشە.وەختێک شەڕی ناوجەرگەی شارت دەوێت شەهیدان ئاسۆی دەلاک و سەرداری سەعید سۆفی لەبیرەوەرییدا زیندوون

لە هەر کوێ ئیلهامت بۆ خەباتی پارتیزانی دوای ئەنفال و دەمی راپەڕین ویست، یادێک لە شەهید حەمەڕەش، لە شەهید حەسەن کوێستانی و لە شەهید عەبدولڕەزاق و شەهید حاجی هەڵمەت و شەهید رێباز بکە کە پێشبینی کرد قەندیل بەغدا بهەژێنێ و بگرە قەندیل لە شێوەی پێشمەرگەیەکدا حوکمی بەغدا بکات.

هەر وەختێک ئیلهامت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ویست شەهید شەوکەت و شەهیدانی خێڵی حەمە و شەهیدانی یەکی شوبات شاخەوان عەباس و خەسرەو شێرەو هاوڕێکانیان تین و تاوی بەگەرمن. یادێک لە شەهیدانی ژنی کۆڵنەدەر ، شەهید



مامۆستا سنەوبەر و شەهید ئامینە سوورو هەموو دەستەخوشکەکانیان .

هەڤاڵێتی و خەباتی بێ پسانەوەت ویست کاکی کاکان و رەسوڵ مامەند، دکتۆر خەسرەو و کاک دارۆ و لیوا خەلیل دۆسکی و مامۆستا عەزیز و د. کەمال خۆشناو یادگاری ئەلبومی کۆڵنەدانن.

وەختێک هیمەتی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، (جەبار)ێکی میللەتی بندەستت ویست کە(فەرمان)ی راپەڕینی سێیەمی لەئۆکتۆبەری (1991)دا جێبەجێکردو چۆکی بە وەزیری بەرگری سەددام دا، فیلەتەنەکەی یەکێتی لەئەندێشەدا ئامادەیە. کە بەچاوی گەشی گەشبینی و ژیاندۆستی لەگەڵ نەخۆشیشدا کردی بە زۆران.

یادێک لەهەموو شەهیدانی یەکێتی پیرۆزەو ، یادێکی هەڤاڵانە کەخاوەندارێتی لەکاروانێکی دوورودرێژ دەکەن، یادێک بۆ هەموو ئەندامێک کە شانازییە پێشمەرگەی ئەم رەوتە بەردەوامەبێت، شانازییە پێشمەرگەی دوێنێ و ئایندەیەک بێت کەمامی کوردایەتی نەخشە ڕێگەی کێشاوە.

(47)

## سەعید لەیەمەن

دۆخەکە لە یەمەن لەدەست دەرچووە، گرنگ ئەوە نییە ئۆپۆزسیۆنی ئەویَ کێیە ؟ گرنگ ئەوەیە رەوتێک لە مێژووی حزبی فەرمانڕەوا و رەفتارێک کە سەرۆک لەڕووداوەکانی ئەم دواییە پەیڕەوی لیَ دەکات هی ئەوەیە بیانووی مانەوەی لاواز بکات.

شایانی عەلی عەبدوڵڵا سالَح بۆ ئیرحەل لەبەر ئەوە نییە سەرکوتکەرە، وەک لە سی سالَی رابردوودا سەرکوتکەر بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەوەندە رووتورەجالَ بووە کە ئیتر بڕوا باشترە. بۆ خۆیی و بۆ میللەتەکەی.

یەمەنی نویَ یەمەنی کێشەو گرفتە لەوەتەی سەربەخۆیە. مێژوویەک لەکەرتبوون و یەککگرتنەوەی لاوازی نێوان باکوور و باشووری، عەشایەر و مەزهەبەکان، لە نێوان هەریمەکان. مێژوویەکە گەشبینترین شرۆڤە بۆی ئەوەیە بێژین ناوی (یەمەنی سەعید) هەر ناوێکی مەجازییە دەنا سەعید ئەوەیە لە یەمەن دوور بێت.



ئەم یەمەنە چەند دەیەیە کە سالَح بە وایەر و پلاستیک پێکەوە گرێیان دەدا.

لە دەستپێکی هەینییەکانی یەمەنەوە ئیتر دەرکەوت ئەم دۆخە بەم شێوەیە تا سەر نایخوات، دۆخی سپاردنی ئەمڕۆ بە سبەی کە رۆژێک دنەی ئیسلامییەکان و جارێک دنەی عەشایەر ، رۆژێک لەباوەش گرتنی ئەمریکا و شەوێک پشیپشی بۆ قاعیدە، دۆخێک بوو حوکمڕانی درێژە پێدا، بەڵام نەیتوانی دەوڵەت بینا بکات جا ئیتر دەوڵەتێک بۆ سالَح یان بۆ لەمەودوای هەموو یەمەنییەکان بێت.

سالَح شەرعیەتی نەما نەک لەبەر ئەوەی سەرکوتکەرە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وێرای چەند دەیەیەک لە تەگبیری بەگژ یەکداکردنی نێوەندەکانی هێز لە کۆمەڵی یەمەندا، لەم تەنگژەیەدا بیَ بەهرە دەرچوو. سەرۆکێک دوای چەند مانگ لە خۆپیشاندان لەجێی ئەوەی چارەسەری دۆخەکە بکات بە گفتوگۆ یان بە یاسا و هێزی رێکخراوی دەوڵەت، سیاسەتەکەی وا پەڕپووت بێت کە سەرئەنجام پەلاماری کۆشکی کۆماری بدەن و سەری خۆشی پێوەبێت.

سالَح دەبیَ بڕوا، چونکە حوکمڕانییەکەی وا پەڕپووت بووە کە ناتوانیَ چیتر ولات پرەستیجی دەوڵەتداریتی بپارێزیَ.

سالَح بڕوات باشترە نەک لەبەر ئەوەی تەنها زالمە، بەڵکو لەبەر ئەوەی زالمە و رووی لە زەوالَی لاوازی و دارزانە.

(48)

# پشتیوانی لەچاکسازی

پرۆسەی چاکسازی لەحکومەت دەبێ پرۆسەیەکی بێ پسانەوە بێت.

کابینەی شەشەم لەگەڵێک وێستگەی پرۆسەکە سەرکەوتووبوو و نەخشەی داهاتووشی هەیە. سەرۆکی حکومەت تەرجەمەیەکی عەمەلی بەڵێنەکانی لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردن نیشان دا.

بەهێزبوونەوەی پێگەی جەماوەری یەکێتی تینوتاوێکی تر دەدات بەو پرۆسەیە. هەر حکومەتێک ئەگەر لە پشتگیری جەماوەری حزبە پێکهێنەرەکانی بەهرەمەندبوو هەنگاوەکانی بە باوەڕەوە دەنێت. هاوپەیمانێتی یەکێتی و پارتی دەتوانێت پەرژینێکی پتەوبێت لەم ڕێگایەدا.

لە بیرمانە کە لە نێو دڵەڕاوکێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی (7/25)دا گومانی ناهەقی لەسەر توانای حکومەت بۆ چاکسازی و لە پشتگیری سەرکردایەتی بۆ بەرنامەکەی دەکرا، هەردوو سەرکردە بە کردەوە پشتیوانی حکومەت بوون و گوێیان بە "ورە وری تەبایی" نەدا ، دوای دووساڵی سەرکەوتنی کابینە سەرۆک کۆمار و



سەرۆکی هەرێم لە دوو چاوپێکەوتنی ڕێکەوت نزیکی "شەرقی ئەوسەت" دا ئەم پشتیوانییە ستراتیژییەی خۆیان بۆ حکومەت دووپاتکردەوە. یانی دۆخەکە لەمە باشتر نابێت کە حکومەت چاکسازی واپێش بخات ببێتە نەریتیکی باو لەناو پرۆسەی حوکمڕانیدا و ڕۆژێک بێ چاکسازی ڕۆژێکی نانۆرماڵ بێت.

لەپاڵ ئەم پشتیوانییە ستراتیژییە ، فاکتەری هێزی تریش هەن: فاکتەری بەهێزبوونی باسکی حکومەت لە ناو ململانێکاندا. لە دوای 7/25 گومانی نەیاران هەموو کونجێکی وڵاتی تەنیبوو کە ئەم حکومەتە بڕ ناکات. ئەم حکومەتە وا بڕی کرد تەنانەت لەماجەڕای داواکردنی سەری حکومەتیشدا خۆی سەغڵەت نەکرد. پرۆسەیەکە و دەستی پێکردووە، با تا سەر ببڕێت.

سەرئەنجام ئۆپەراسیۆنە سیاسییەکە بووە دەرفەتێک بۆ نیشاندانی سەبری دیموکراتی و پێداگری سیاسیی دەسەڵاتی کوردستانی و ئەمەش وەک شەرتێک بەکردار تاقی کرایەوە.

باسک بەهێز بوون دەرفەتە بۆ درێژەپێدانی بەرنامە نەک بۆ باغربوون. مادام چاکسازیش هەر بەهێزە گەورەکان دەکرێت کە وابێ با ئەوی ماوە پەک نەخرێت و سەربخرێت، چونکە ڕاوەستانیش مەرگی چاکسازییە لەم دۆخە هەستیارەی وڵاتدا.

با لەوە سڵ نەکەینەوە ئەم خاڵی چاکسازی لەو خاڵی داواکراوی ئۆپۆزسیۆن دەچێت. باخۆمان بیکەین. ئەگەر لەهی ئەوان چوو بۆ نا. با لەگەڵ چاکسازی، ئاشتی سیاسیش بێتە دی.

(49)

## یەکێتی و نەیارەکانی

یەکێتی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی (2009/7/25)ی بەگیانێکی دیموکراسییەوە قبوڵکرد. لە مەسجی دەنگدەران تێگەیشت و لەسەر بنچینەی ئەمەش دەستی دایە بەخۆداچوونەوە، دەستپێکردنی چاکسازی لە حکومەت کە سەرۆکایەتییەکەی بەو سپێردرا، خۆ ئامادەکردن بۆ گێمێکی دیکەی ململانێی دیموکراسیی. هەموو ئەم تەگبیرانەش دیموکراتی و لەچوارچێوەی یاسا و رێساکانی وڵاتدان.

لە هەڵبژاردنی (2010/3/7)دا بەشێک لە پێگەی لە دەستدراوی دەنگدەرانی بەدەستهێنایەوە و ئەگەر هەندێک هەڵەی تەکنیکی نەبوایە کورسییەکانی هاوسەنگی دەنگەکانی دەبوون. لە هەڵبژاردنی کۆمەڵە و سەندیکاکاندا، لە ناوچەی نفوزی سەرەکی خۆی، هاتەوە مەیدان و هەموو پێشبینییەکان دەریاندەخست سیاسەتی سەرەتای (ململانێ و هاوکاری)، کەیەکێتی پەیرەوی لێ دەکات، بەری خۆی داوەتەوە و هەڵبژاردنی داهاتووی پارێزگاکان دەبێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی دیموکراتیانەی ململانێکە. بۆ ئەمەش هەڵسانەوەی ئەم دوایەی یەکێتی لە (2011/3/7) و



(6/1)دا ئەنگێزەی بەهێزن بۆ بردنەوەی جەنگە دیموکراسییەکە.. بەم شێوەیە یەکێتی دەیسەلمێنێ دەرئەنجامی شەڕێک، بێ گومان شەڕێکی دیموکراتی، کۆتایی هەموو شتێک نییە و دەرئەنجامی جەنگەکە گرنگترە.

هێزێک بەم گیانە دیموکراتییەوە مامەڵە سەرەڕای ئەوەی لە دەسەڵاتە بە گەمەی سیاسیی و دەرئەنجامەکانی رازی بێت، هێزی وا ئەگەر شایەنی ستایش نەبێ شایەنی رێز لێگرتنە. قبوڵکردنی دەرئەنجامی ململانێ و خۆ ئامادەکردن بۆ گێمێکی دیکەی هەڵبژاردن جوانترین خەسڵەتی هێزە دیموکراتخوازە باوەڕ بەخۆکردووەکانە کە یەکێتی ئەمەی لە مەیداندا بە کردەوە نیشاندا، نەک بە سەفسەتەی تیۆری.

دەرئەنجامی هەڵبژاردنێک قەدەری ئەبەدی نییە بۆ هیچ حزبێک، بەتایبەتی بۆ حزبێکی شۆڕشگێڕ، خاوەن ئیرادە و دیموکراتخواز ئەوانەی دەخوازن ئەمە بکەنە قەدەرێکی ئەبەدی، لە جیناتی ئەندێشەیاندا فاشیستانە بیردەکەنەوە. ئەوانەی وێستگەی (7/25) بە کۆتایی مێژوو دەزانن، ئەوانە تۆتالیتارستن با بەرگی ئازادیخوازیشیان پۆشیبێ. بابەناوی شەقامیشەوە قسە بکەن کە یادی یەکێتی پێی نیشاندان کوردستان چەندین شەقامی تێدایە و شەقامی خۆپیشاندەرانیش دەکرا شەقامێکی دیکەی دیموکراتی بێت ئەگەر ئەوان لێگەڕابان گەشەی سروشتی خۆی بکردبایە.

رێزگرتن لە دیموکراتی بەرێزگرتن لە رکابەرە سیاسییەکان دەستپێدەکات و ئەوەی باوەڕی بە هەڵسانەوەی حزبێک نەبێ لە

چوارچێوەی دیموکراتیدا، دەیەوێ پێمان بڵێت کەنەکەن دەرئەنجامی هەڵبژاردن قبووڵ بکەن، چونکە ئیتر دەکرێنە دەرەوەی مێژووەوە.

پێمان دەڵێت دیموکراسیی پەیژەیەکە بۆ سەرکەوتن کە دوای ئەوە لایدەبەین تا کەسی تر پێیدا سەرنەکەوێت. ئەمەش کرۆکی بیرکردنەوەی فاشیستانەیە کە ماسکی رووناکبیری پۆشیووە.



(50)

## جەزاری باڵکان

فیلمی ئارارات لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن لە تورکیای عوسمانلیدا دەستەواژەیەکی هیتلەر فرۆهەری ئەڵمانیامان وەبیردێنێتەوە کە لە تەختکردنی رێگا بۆ هۆلۆکۆستی جولەکەدا گوتبووی (کێ کوشتاری ئەرمەنی لەبیرە).

ئەم رستە هیتلەرییە هاندانی ئەفسەر و پیاوکوژەکانی نازیزم بوو کە لە سزا مەترسن، چونکە بەری دوو دەیە لە دەرکەوتنی ماشێنی نازیزم، دونیا کوشتاری ئەرمەنی لە سەردەستی تورکیای عوسمانلی لە بیرکرد، بۆ هی ئێوە لەبیر نەکات؟ هیتلەر راستیکرد لەبیرکردنی کوشتارێک رێگا بۆ فەرامۆشکردنی هی دیکە خۆش دەکات.

ئەگەر لەجینۆسایدی کورد لەهەڵەبجە لێپێچینەوە لەگەڵ سەددام حسێن بکرابایە، پێش ماوەیەکی کەم هەر ئەو کوردە خۆی نەدەبووە قوربانییەکی تری هەر ئەو سەددام حسێنە لە جینۆسایدی ئەنفالدا. هەر بەم پێیەش ئەگەر دنیا ساڵی (1988) سەددامی راپێچی سزا بکردبایە لە ساڵی (1992) جەللادەکانی وەک (راتکۆ میلادیچ) نەدەبوونە عەلی کیمیاوی ناوچەی باڵکان.

دڵنیام ئەگەر ئەوانەی بۆسنیا زووبەزوو قۆڵبەست کرابان کوشتاری رواندا نەدەقەوما هەر دوو هۆزی توتسی و هۆتۆ نەدەبوونە کەرەستەی چەند فیلمێکی سینەمایی هۆلیۆد. ئەگەر جەللادەکان لە واقیعدا بکرێنە فیلم و پەتبکرێن پێویستی بە کۆششی هونەری حەوتەم نەدەبوو.

قەسابەکەی سربی بۆسنیا شانزە ساڵە ئازادو بەرهەڵدایە بۆیە عومەر بەشیر ئاهێکی بەبەردا دێتەوەو دەتوانێ شانزە مانگ لە داپەروەری قاچاغ بێت.

شلوشەپرێوی داپەروەری رێگای بۆ دیکتاتۆرەکانی عەرەب خۆش کردووە بە قەتڵوعام پێشوازی لە بەهاری عەرەبی بکەن.

شانزە ساڵە جەللادەکەی بۆسنیا خۆی لە چەکوشی لاهای شاردۆتەوەو رۆژگاری ئیختفا بەگوڵ بەخێوکردن خەرج دەکات. گوایە کاکم دڵی ناسکە! دەبێ گوڵی باخچە لەگوڵەکانی ژیان بەنرختر بن وا لەگەڵ مەخلوقە مرۆییەکانی خوا دڵرەق و بەدەعوایەو لەگەڵ مەخلوقە سروشتییەکانی بەسەبر و تەقەللایە؟

هیتلەر دەڵێ بۆ ئەڵمانیاو سەددام دەڵێ بۆ عروبە و میلادیچ دەڵێ بۆ سربستانی بۆسنیا وام کرد. هەمووشیان دوایی بوونە بەڵا بۆ نەتەوەکانیان. جینۆسایدیان بەسەر بندەستەکانیان هێنا، بەڵام دوایی بەخوێن و فرمێسک زیانەکانیان پێ بژاردن.

ئەگەر دنیا لەوەی ئەرمەن دەهاتە جواب ، داخۆ تا ئێستا چ یەدەکێکی مرۆییمان دەپاراست؟



(51)

# مێژوو بۆ ئایندە

چۆن بتوانین لەگەڵ دەرکەوتی بووژاندنەوەی یەکێتی مامەڵە بکەین؟ نەخشەرێگەی یەکێتی بۆ لەباوەش گرتنی تینوتاوی نەوەی نوێ کە بەو گەرموگوڕییە دێنە کۆڕی ئەندامێتی نوێوە چییە؟

هەندێک هەڤاڵ تەئکیدی سەرەکی لەسەر سەروەرییەکانی رابردووە، هەندێکی تریش زۆر لە ئاستی ئەم رابردووە ناوەستێ و پرسیارێکی ورووژێنەر دەکات: گرنگ ئەوەیە بۆ داهاتوو چیمان پێیە.

رێگای سێیەم لەم نێوەندەدا رێگای ناوەنجییە: سەروەرییەکان گرنگن، دینگەی پتەون بۆ ئەوەی جارێکی تر نەچینەوە چوارگۆشەی یەکەم. سەروەرییەکان ئیلهامن بۆ ئایندەش کە نەوەی نوێ بۆ ئەوەی مانایەک بەخەباتی خۆی ببەخشێ پێویستە ئەویش سەروەری تری بخاتەسەر و هەر بەرخۆری سامانی رابردوو نەبێت، سەروەری رابردوو سەرمایەی کەڵەکەبووی شارەزایی و دەستکەوتی مەعنەوین بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو هەست بەتەنهایی و چۆڵی رێی تێکۆشان نەکات.

بەندە ئەو وتارەی هەڤاڵ مەلا بەختیارم لە چاودێر خوێندەوە کە گلەیی لە باس نەکردنی بەشی سەرکردایەتی ناوەوەی وڵات دەکات لەچاو باسی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لەدەرەوەی وڵاتدا، باسکردنی بەشی ئەوانەی ناوەوەی وڵات وەک ئەوانەی دەرەوە گرنگن و پێموانییە کەسیان لە باسی ئەویتریان بخۆن. دەفتەرو قەڵەم زۆرن و هەموو هەڤاڵانی دێرین دەتوانن و خۆزگە واشیان دەکرد، ورد و درشتی شۆڕشی نوێ بنووسنەوە، گرفت لەباس و گێڕانەوەدا نییە، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە ئێمە چۆن ئەو رابردووە راستەقینەیە بۆ دروستکردنی مێژووی داهاتوو تەوزیف بکەین.

بەندە بانگێشتی هەڤاڵ مەلا بەختیار و هەڤالانی دێرین دەکەم کە پێشبڕکێ لەسەر ئایندە بکەن تا ئەوەی رابردوو ، پێشبڕکێ لەسەر سەروەرییەکانی داهاتووی یەکێتی بکەن بۆ هەموو نەوەی دوای خۆیان و نەوەی داهاتووش ببنە سەرمەشقی تێڕوانینێکی نوێ بۆ مێژووی رابردوومان کە کۆڕی خەبات بۆ داهاتوو زیاتر بەجۆش بکات، مێژوو ئەگەر بۆ داهاتوو تەوزیف نەکرێت دەبێتە سەرەخۆرەو وەک دراوسێکانمان (أمجاد یا عەرەب)مان پێدەڵێتەوە.

گەرەکمانە مێژوو بۆ ئایندە تەوزیف بکەین، دەنا مێژوویەکی شێنەیی تر ئەوا لە عۆدەی دەزگایەکی گەورەدا سەر دەگرێت، حزبی شیوعی چین کە گەلێک جار لە باسو خواسی ناو یەکێتی بە نموونە دەهێنرێتەوە وا تازە بەشی دووەمی مێژوویەکی راستکراوە و رەسمیی شۆڕشی چینی تەواو کردووە.



یەکێتی لەماوەی رابردوودا خەریک بوو مێژوو و ئەمڕۆو ئایندەشی بە فەلاکەت بچێت، بە ئیلهام لەسەروەری رابردوو و ئیرادەی شۆڕشگێڕی هەڤاڵەکانی، ئەمڕۆ هەڵسانەوەی نوێباوی ئەم حزبە مەشهوری گشت عالەمە.

ئاسۆی دوا رۆژی یەکێتی گەشە ئەگەر لە ئیستحقاقی قۆناغی نوێ تێبگەین، پتر لەچوار نەوەی خەباتگێڕ تەلاری بەرزی یەکێتیان گەیاندۆتە بڵندی ئاسمانی کوردایەتی و نەوەی تازەش لە کایەدایە. با ململانێکە گەرم بێت، با پێشبڕکێ لەسەر مێژووی داهاتووبێت.

بێ بردنەوەی داهاتوو لەناو دەچین و کەسێک نابێ باسی سەروەرییەکانی جارانی شۆڕشیش بکات. کێ لەسەر مێژووی لەناوچووەکان دێتە جواب؟

رابردوومان مێژوویەکی سەربەرزانەیە، داهاتوومان دەتوانێ ئەو مێژووە بپارێزێ.

(52)

## ڕەخنە قبوڵ ناکەن

دەمەوێ ئێوەش لەگەڵما بەشداری وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بکەن: بۆچی ئەوەی ڕەخنە زۆر بگرێ بە ڕێکەوت کەمترین و بچووکترین ڕەخنە لەسەرخۆی قبوڵ ناکات؟

لە تەجرەبەی ژیانی خۆتاندا تووشی ئەم حاڵەتە هاتوون؟ حاڵەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانێک زۆرترین گلەیی و گازندەیان هەیەو سەری زمان و بنی زمانیان ڕەخنەگرتنە لە دەوربەر کەچی هەر کە ئحمی ڕەخنەیەکیان لێبکەیت. بێتاقەت دەبن، هاواریان لێ هەڵدەستێ و خۆیان شین و مۆر دەکەنەوە؟

ئایا ئەمە خووی ڕەخنەگرەکانە؟ یان خوودی حاڵەتی ڕەخنەیی؟ بەندە بەتەبیعەت کەم ڕەخنە دەگرم. لە ژیانیشدا بەبەشی مەوجود رازیم ، نیوەی پڕی پەرداخەکە دەبینم و هیواشم بەنیوەکەی تریش هەیە، بەڵام بەخۆم نەزانیوە ئەو کاتە کەمانەی ڕەخنەی تێدا دەگرم هەر ئەو کاتانەشە کە ڕەخنە قبووڵ ناکەم. وەکیتر تەماشا دەکەم سینگم بۆ هەر توانج و تیرو تەوسێک فراوانە. ئایا ئەمە بابەتێکی فسیۆلۆجییە کە ڕەخنەگران کاتی ڕەخنەگرتن دەمووچاویان گرژ دەبێ و بەرگەی هیچ ڕەخنەیەکی بەرامبەرەکی ناگرن؟



ڕەخنەگرەکان بۆ ڕەخنە دەگرن، بۆ کار ناکەن؟ یان وەک چارەسەرێکی نێوەنجی ڕەخنەو کار ئاوێتە ناکەن؟ یانی بەشێک لەژیان بۆ ڕەخنە و بەشێکی دیکەی بۆکاری بەرهەمهێنان یان هیچ نەبێ کار بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو چەوتیانەی ڕەخنەی لێ دەگرن؟

هەن دەڵێن کاری ئێمە هەر ڕەخنەیە، بەڵام لەڕاستیدا کاری "بەتەنها ڕەخنە" تەنیا پیشەی دەستەبژێری بیرمەندو فەیلەسوفەکانە. بەوەدا ژمارەی ڕەخنەگر لەناو کورددا لەژمارەی کارگەران زۆرترە، دەبێ کورد چینێکی ئەستووری لە بیرمەندو فەیلەسوف هەبێت!

باشە ئەگەر ڕەخنە باشە ڕەخنەگر بۆ بە ڕەخنەگرتن لە خۆی قەڵس دەبێت، بۆ ڕێگە نادەن خەڵکی تریش ڕەخنە بگرن تا لە ڕەخنەیان بەهرەمەندبن؟

پێموایە مرۆڤ وەک خوو حەزی لەڕەخنە نییە، حەزی لێیە خۆی عەیبوعاری خەڵکی تر دەربخات، بەڵام جیاوازی کەسی دیموکرات لەکەسی دیکتاتۆر ئەوەیە دیموکراتخوازەکە دەستوپەنجە لەگەڵ ڕەخنە نەرم دەکات و خۆپەرستەکە بەهیچ جۆرێک نایەوێ مێزی ڕەخنەگرتنی بەسەردا قلّپ بکرێتەوە.

ئەم مەیلێکی خۆسەپێنی هەیە، ڕەخنە دەگرێ کە لێت گرتەوە هاواری دەگاتە عەرشی ئاسمان.

(53)

## پەتا جوانەکەی عیراق!

ئەمانە عیراق بەرەو کوێ دەبەن؟ دەستەیەک سیاسەتمەدار لەجێی ئەوەی دۆخەکە چارەسەر بکەن هەر جارەی یەکێکیان فاکتەری شەقام بۆ سیاسەتەکانی خۆی ئاراستە دەکات. وامانزانی خۆری دیموکراسی لەبەغداوە هەڵاتووە، تەنانەت لەکوردستان خەریک بوو شەرم بکەین داخۆ ئەمەی بەغدا بۆری دیموکراسییەکەی خۆمان دەداتەوە کە لە زەمانی ئابلۆقە بەڕۆنی خۆماڵی و شانوملی خۆمان بونیاتمان نابوو؟ ئەمەی ئێستا لە بەغدا دەگوزەرێ مژدەی خێری پێ نییە.

لەهەر وڵاتێک سیاسەتمەدارەکانی بۆ حەپێکی سەرئێشە لایەنگرانی خۆیان هێنایە سەر شەقام ئەوا ئەو وڵاتە بەختی رەشە. چەند مانگە زنجیرەیەک خۆپیشاندان کە جگە لە وانەی سەدرییەکان ئەوانیتر بنەچەیەکی سوننیان هەیە، لەبەغداو پارێزگاکانی ناوەڕاست بەرپایە کە ئەگەر عەللاوی لەپێشەوەی نەبێ ئەوا لەپشتییەوە راوەستاوە. لەجێی ئەوەی لەگەڵ مالکی بچنە ژێرباری ئەرکی سەرشانەوە، کەچی مالکیش بەدژەخۆپیشاندان بەرپەرچی دایەوە. خۆپیشاندانێک نەک بۆ نمایشی ستایشی



خۆیان، بەڵکو بۆ هەڕەشە لەشەریکەکانی خۆی لەحکومەتی شەراکەدا. بەمجۆرە عەللاوی ئۆپۆزسیۆن و مالکیش نمایشی ئۆپۆزسیۆن دەکات و هەردووکیشیان شەریکە بەشن لەدەسەڵات و تەماعیان لە دەسەڵاتی شەقامیشە. لەم حاڵەدا مەگەر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن حوکمی وڵاتەکە بکات!

ئەگەر ئەم تەرزە لەسیاسەت بەردەوام بێت عیراقی نوێ رووی لەوەیە بگەڕێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەمی دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسیی پێش رووخانی سەددام، یانی ئەمریکا مەچۆرەوەو سەرلەنوێ قانونی ئیدارەی دەوڵەتێک بۆ قۆناغێکی راگوزەری نوێ.

عیراق نموونە بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەستپێکی دیموکراسیدا، ئەم پەتا جوانەی بەهەموو گۆڕەپانی عەرەبیدا بڵاوکردەوە کەچی نها خۆی گیرۆدەی شەخسەنەکردنی ململانێکان و خۆسەپێنییە. چەند ساڵی بەرێ هەموو خەفەتیان دەخوارد دراوسێی عەرەبی لەم زمانە دیموکراسییەی عیراق ناگەن، کەچی ئێستا عەرەب رووی لە دیموکراسییە و عیراقییەکان خەریکە زمانی ئەم دیموکراسییە دەبڕن.

بڵێی دەردەکە ئەوە بێت ئەمەی ئێرە دیاری بێگانەیەو رەنجی پێوەنەکێشراوە؟ ئێ خۆپێش هاتنی تۆمی فرانکس عیراقییەکان خوێن و ئارەقیان لەجەنگی دژی دیکتاتۆرییدا بەهەدەردا. هیچ نەبێ لەبەر ئەو خوێنە کە نابێ بەئاو ، دەبوایە دەربەستتربووایان.

دیموکراسی عیراق پەژارەی هەیە، دیسانەوە رووی لەکوردە بەهانایەوە بچێت.

(54)

## دادو رەنج

دوو هێزی براوە دەتوانن کێشە بن بۆ یەکتری و دەتوانن ببنە مایەی خێرو بەرەکەت بەسەر یەکتریدا برژێنن.

داد و گەشەپێدان سێیەم نۆبەتی حوکمڕانی بردەوەو بەرەی رەنجی کوردیش بازێکی دیموکراسی وای داوە لە مێژووی باکووردا گرەوی وای نەبردۆتەوە، سەرکەوتنەکەی دادو گەشەپێدان راستە گەورەو بەربڵاوە، بەڵام سەرکەوتنێکی بریندارە، چونکە باکووری نەگرتۆتەوە، بۆیە بۆ ئەوەی بە ئیساراحەت بیخوات گەرەکە بە نزیکایەتی لە بەرەی رەنجی کورد ئەو کێماسییە پڕ بکاتەوە.

نهێنی ئیئتیلافی کرمانجەکان بە سەرۆکایەتی برایێمەیە قەدرگران، ئەحمەد تورک، لەجۆرایەتیدایە نەک چەندایەتی، ئەگەر بە چەندایەتی بێت ئەوان چوارەمن و رێژەکەشیان با لەوەی جاری پێشوویان زۆرتر بێت، بەڵام پشتی دادو گەشەپێدان ناشکێنێ، بەڵام دەتوانن ئیشی ئۆردوگان لەدیاربەکر پەک بخەن ئۆردوگان گوتی: ئەوە سەرکەوتنە بۆ ئەستەنبوڵ، بۆ بەیروت، بۆ بۆسنیا، بۆ غەزە، یانی هەموو مەمالیکەکانی عوسمانلی تەیکردو نەیتوانی



بەدیاربەکردا گوزەربکات. دیاربەکر قەڵای بەرەی رەنج و دڕکی ژێر پێی پرۆژە گەورەکەی دادو گەشەپێدانە.

دوو براوە کە یەکەم و دوایەمی زنجیرەی هەڵبژاردنی تورکیان مەحکومن بە: یان هاوکاری یان ململانێ چیتر ناتوانن یەکتری فەرامۆش بکەن وەکو چەند ساڵە لەگەڵ یەکدا وا دەکەن.

ئەکپارتی زۆر قەدەغەکراوی لەسەر مەسەلەی کوردی لابردو چەند هەنگاوێکی نا، بەڵام ئەم حزبە حزبێکی ناسیونالیستی نییە بۆ کوردایەتی، ئەم حزبە ئەوەی بەسە کەمالیست نییە و بەمەش نیوەی رێگای بۆ کورد کورتکردەوە.

نیوەکەی تری دەبێ کورد خۆی بیبڕێ.

بەرەی رەنجی کورد ئەمە دەکات؟

دەبێ وابێ، رێگای شەرعی و دیموکراسی کە بۆ ئەو کراوەیە، وەک هەر رێگایەکی دیکەی سیاسی تەختو پان نییە، پێچاوپێچی هەیە، بۆیە نوێنەرانی کورد دەتوانن پرسەکەیان قۆناغبەندی بکەن، ئێستا لەهەر کات زیاتر دادو گەشەپێدان پێویستی بەوانە. پێوستە سیاسەتی هاوکاری و ململانێی لەگەڵدا بەکاربێنن، هاوکاری بکەن لەشتە باشەکانی و ململانێی بکەن لەخراپەکانی و لەو نێوانەشدا لێکگەشتن هەیە.

ئەکپارتی دەتوانێ بەریەککەوتن بکاو دەشتوانێ هاوکاری، کوردیش دەتوانێ بەکەڵک، دەشتوانێ پەکخەر بێت، ئەوەی لێی دڵنیاین چیتر کەسیان ناتوانن خۆیان لەیەکتری نەبان بکەن.

(55)

## شکستی حەدبا

چەند ساڵە لیستی حەدبا بێ تەوافوق و بێ ڕەچاوکردنی کەمترین ویستی لیستی برایەتی، فەرمانڕەوایی ئیدارەی موسڵ دەکات و دەستی بەسەر پۆست و پایەکاندا گرتووە، بەناوی زۆرینەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر پارێزگاکەدا سەپاندووەو ئامادەنییە هیچ داخوازییەکی برایەتی بسەلمێنێ ، یان کار بە پرەنسیپی تەوافوق بکات کە پرۆسەی سیاسی عیراقی لەسەر بەندەو بۆ دابینکردنی مافی پێکهاتەکانە. موسڵیش وەک وێنەیەکی بچووککراوەی عیراق پێکهاتەی فرەی تێدایە بەتایبەتی کورد کە سەنگی کەم نییە.

جووتە برای حەدبایی، نجێفی ، وا سەیری پرۆسەکە دەکەن گوایە دیموکراسی زۆرینە باشترە لە تەوافوق، کەچی هەر خۆشیان تەوافوقیان لە ئاستی عیراقدا گەرەکە.

ئەوان نوێنەرایەتی ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی توندڕەو دەکەن کە قینی لەپاوانکاری زۆرینەی شیعەیە ، لە کەرکوک داوای چوونییەکی پۆستەکان دەکەن و لە دژی زۆرینەی کوردن، کەچی لە موسڵ دەستیان دەڕوا ، بۆیە دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتووە.



باشە، ئایا ئەم سیاسەتە سەرکەوتووبوو؟ نەخێر! موسڵ بە زۆرینەی حەدباوە ناتوانێ شانازی بکات بە سەر پارێزگاکانی دیکەی عیراقەوە، لە تیرۆر و فەزای لەقاودانی ژیانی مەدەنی و تەوەللاکردنی کەمینەکاندا یەکەم و لە ئیدارەدا لە ڕیزی دواوەی ئیدارە باشەکانی وڵاتە. بەری چەند مانگ عەشیرەتە عەرەبییە ڕەسەنەکان لێیان ڕابونەوەو ڕەخنەیان لەپارێزگار گرت کە هیچی بۆ ئاوەدانی شارەکە نەکردووە، پارێزگار لە سەر ڕیتمی هەناردەکردنی تەنگژە هەوڵیدا خۆپیشاندانەکانی پارێزگاکە کە دژی خۆی بوون ، وا ئاڕاستە بکات وەک بڵێی دژی مالکی بێت.

زۆرینەی حەدبایی دیموکراسیان بەرتەسککردۆتەوەو ئیدارەیەکی ناکارایان هەیە، هەر وەختێک گوشاریان لەسەر بێت گێمێکی گفتوگۆ لەگەڵ برایەتی دەکەن .

وا خەریکە دەورانێکی دیکەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دێتەوەو ئیدارەی حەدبا هیچی بۆ موسڵ نەکردووە. جاران بە هەنجەتی ئەوەی ئیدارە بەدەستی ئەوانەوە نییەو نفوزی کورد نفوزێکی زۆرە، خەڵکیان لەدەوری گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی کۆ دەکردەوە، ئێستا ئیدارە لای خۆیانە کەچی نە هێمنی و ئارامی، نە ئاوەدانی و دیموکراسی، نە زۆرینەو نە تەوافوق، هیچیان دابین نەکردووە، کەسیش نییە لەسەر ئەم شکستە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات.

(56)

# حەلاو کێیە؟

ئەو ژنە کێیە کە مام رۆستەم لە دیداری (NRT)دا ناوی هێناو وتی: بۆ ئەوی بگێڕنەوە؟ دەمانەوێ ئەو ژنە بناسین، بۆ ئەوەی بە فیعلی بچین هەموو شتێکی بۆ باس بکەین.

ئەم (حەلاو)ە دەبێ هەبێ. بێگومان هەر دەبێ گلەیی کردبێت بۆیە NRT لە دووبارە پەخشکردنەوەی بەرنامەکە ناوی حەلاوی قرتاند.

بەگوێرەی ناوەکەی بێت (حەلاو) لە (حەلاوە)ی عەرەبییەوە هاتووە. بەواتای شیرینی. چ عەرەب چ کورد و چ تورک و چ هەر نەتەوەیەکی دیکەی سپۆرت لە دونیا، ناوی شیرینی و خۆشی و ئاوەدانی لە ئافرەتان دەنێن، ناوی گوڵی بۆندار و فێنک و ژیاندۆستی. کورد وەک چۆن ناوی (شیرین) و (نەشمیل) و (شەوبۆ)ی هەیە. گەلێک ناوی عەرەبیشی خۆڕسکانە کورداندووە. (حەلاو) یەک لەو ناوانەیە، بەڵام بەم زمانە کوردییەی خۆمان واجوان و شیرین دێتە سەرزاران سەد (حەلاوە)ی عەرەبی بەمیوان بێت.



کەوابێ حەلاو ناوی ژنێکی کوردە کە باوانەکەی قەدری ژنیان زانیوە، دایک و خوشک و کچانیان لەسەر سەر داناوە، بەڵام لە چەند دەیە پێش ئێستا ناوی کوردی وا باو نەبووە تا لە جێی حەسەن (رۆستەم) و لە جێی ساڵح (ستران) و لەجێی (حەلاو)یش شیرینی بەخت و بەشمان بێت. (حەلاو) خۆشەویستی ڕێزلێگیراوی کەسوکاری خۆی بووە لە کوردەواریدا.

دەبێ (حەلاو) چی کردبێت وا بۆ تەوس و تەنز لە باسی هەڵنەخەڵەتاندندا هەندێک ئێژن (( بۆ حەلاوی بگێڕەوە)). یانی بۆ منی باس مەکە کە (تێدەگەم)، بۆ حەلاوی باس بکە کە هەردەبێ لێی تێنەگا بۆیە جێی بەراوردە لەگەڵ منی (تێگەیشتوو)دا؟! ئەم دەستەواژە لوتبەرزانە لەوی میسرییەکان دەچێت کە دەڵێ: بتستکردنی.. بەکوردم دەزانی؟

حەلاو بۆ تێناگا؟ لەبەر ئەوەی نەخوێندەوارە؟ بەڵام مام رۆستەم دەزانێ کوردستان نەخوێندەواری کەم نییە و زۆربەی جاریش باعیسی نەخوێندەواری سیستم و جەوری زەمانەیە نەک مرۆڤەکان خۆیان؟

(حەلاو) چی کردووە وا لێی بەقینن؟ ئایا کورد نییە، هاووڵاتی کوردستانی نییە و لە کۆمەڵی دیموکراسیدا دەنگدەرێکی شەرەفمەند نییە؟ کێ دەڵێ حەلاو دەنگ بە حزبەکەی من، یان ئەوی مام رۆستەم نادات؟

دەمانەوێ حەلاو بناسین تا هەموو شتێکی بۆ باس بکەین؟ دەزانین حەلاو گێل نییە و لە هەموو ئەو مەسەلانە دەگا کە لە

بەرنامەی (NRT)دا هاتبوو. بۆ حەلاوی باس دەکەین کە ژنە کوردێکە، هاووڵاتییەکی کوردستانییە.

ئێمە خۆی و خۆمان بە کورد تێدەگەین. حەلاو کورد و کرمانجە، یانی ژیر و هوشیارە و تێدەگا ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە.



(57)

## لامەرکەزی و کوردستان

وادێتە بەرچاو ئاراستە سیاسییەکانی وڵات لە هەردوو تەوەرەی لامەرکەزیەتی حوکمڕانی و کوردستانێتی حوکمڕانی بدەن و قسەی لەسەر بکەن، کە وا بێت بۆ کوردستان کێشەی هەیە لە مۆدێلی حوکمڕانیکردن؟

بەڵام لەڕاستیدا جیاوازی قووڵ هەیە لە نێو ئاراستەکاندا. هەیە پێداگیری دەکات لەسەر ناوەندێتییەکی توندوتۆڵ و هەشە مەیلی بەلای پەرتکردنێکی زۆری دەسەڵاتەکانەوەیە بەجۆرێک هیچ تۆڕێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دەرقەت نایەت پارچەکانی کۆ بکاتەوە. ڕێگای ڕاست ئەمەیە ئیدارەی حوکمڕانی یەک و یەکگرتوو بێت بۆ ئامانجە سیاسییە نەتەوەییە هاوبەشەکان و لە خوارەوەش ئیدارەکان سەڵاحیاتێکی ئەوتۆیان هەبێت کە بپەرژێنە سەر ئەرکی خزمەت و ئاوەدانی لە ئاستی لۆکاڵیدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چاک دەکات هەنگاو بەهەنگاو بەرنامەی لیستی کوردستانی جێبەجێ دەکات لە کایەی پێکەوە گرێدانی ویستی یەکگرتنی نەتەوەیی و ویستی دیموکراسی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و شۆڕکردنەوەی سەڵاحیاتەکان بۆ

خوارەوە. ئەمەش ستراتیژێکی کوردستانی دیموکراسییە، لە نێوان گەڕانەوە بۆ هەولێر بۆ هەر عەریزەیەک لە هەورامان و زاخۆ تا کفری و قەڵادزی یاخود دانانی ئەی رەقیب و ئاڵا بۆ هەر پارێزگایەک ، رێگایەکی ئاڵتونی هەیە کە ڕێگای تەواوکاری نەتەوەییە لەسایەی نا ناوەندێتی دەسەڵاتدا.

تەنانەت وڵاتی عیراق کە ئەدەبیاتە سیاسییەکەی بەقەد ئەدەبیاتی کوردایەتی دەوڵەمەند نییە، توانی دەستوپەنجە لەگەڵ پێداویستی یەک قەوارەیی وڵات و پێویستی دیموکراتیزەکردنی ئیدارەو دابەشکردنی پارە و سامان نەرم بکات. بۆیە لەپاڵ سەلماندنی قەوارەی هەرێم دەسەڵاتی بۆ پارێزگا نا هەرێمییەکان بەیاسا دیاریکرد، رۆژ لەدوای رۆژ دۆخی وڵاتەکە بەرەو جیاکردنەوەی دۆسێی رێڕەوی خزمەتگوزاری و ئیدارە لە دۆسێی رێڕەوی سیاسی سەرتاسەری وڵات دەڕوات.

کوردستان هەرێمێکی رێکخراوە لەیەک قەوارەدا، بەڵام دەرفەتی ئەوەی لەپێشە نا ناوەندییەکی چاک پەیڕەو بکات بۆ ئەوەی ئیدارە لۆکاڵییەکان گەشە بکەن و بتوانن پێداویستی ناوچەیی خۆیان لەخزمەت و ئاوەدانی پڕ بکەنەوە.

دیدی کوردستانی ئەوەیە رێڕەوی خزمەتی شارەکان جیا بێت لە ڕێرەوی پاراستنی سەروەرییەکانی کە بیست ساڵە کوردستان کەڵەکەی دەکات.



ئەگەر دیموکراسی و پرۆپۆزڵەکانی بۆ پەرتکردنی هەرێم و ناوچەگەرێتی بێت ئەوا خەتای دیموکراسی نییە، خەتای ئێمەیە کە خراپی لێ تێدەگەین. بۆیە نامەرکەزی و کوردستانێتی پێکەوە گرێدراون.

(58)

## گفتوگۆو پڕوپاگەندە

ئاشکرا گۆیی و ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لەیەک بەیەکی هەنگاوە سیاسییەکان جیاوازە لەوەی پڕوپاگەندەو هەڵوێست دەرخواردی جەماوەر بدەیت، ئاشکرا گۆیی ئەوەیە جەماوەر لەوە ئاگادار بکەیتەوە کە ڕوودەدات نەک ئەوەی بۆ هەڵبەستی کە ڕووینەداوە.

پابەندێتی بە جەماوەری حزبەکەت یان ئەو توێژەی پێت وایە نوێنەرایەتی دەکەیت لە پرۆسەی سیاسیدا ناکاتە ئەوەی بەهەق و ناهەق خەونی زەردو سووری بۆ نەخش بکەیت و بەنرخی واقیع و دەستکەوتی حەتمی پێی بفرۆشیت، ئەوە دابی حزبی میللیگەرایییە کەبۆ دەنگ و سەدا بنمێچی پێشبینی بازنەی لایەنگرانی خۆی وا بەرز دەکاتەوە شەڕ لەگەڵ کەشکەڵانی فەلەک بکات، کەچی لەواقیعدا تووشی بەرپەرچ و لەمپەڕی ململانێکارانی دەبێتەوە، چونکە ململانێکارانیش جەماوەری خۆیان هەیەو پابەندی ویستەکانی ئەوانن.

بەرزکردنەوەی بنمێچی پێشبینی خەڵک هەڵەیەکی کوشندەیە حزبە میللیگەراییەکان تووشی فەلاکەت دەکات، وا دەکات بەردی



زلزل هەڵبگرن کە لەجێی ئەوەی بەر سەری تر بکەوێت لەدەستی دەکەوێ و پەنجەی پێ مۆر و شین دەکاتەوە، بەڵێنی گەورە نیشانەی ئینتەلابوونی سیاسییە، بۆ چارەسەری هەر دەبێت پڕوپاگەندەو هەڕەشە بکرێت !

یانی چی ئەو جۆرە رەوتانە وا لەدانوستاندن تێبگەن یەکسان بێت بە دەوروتەسلیم و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی یەک لایەن؟

(ستان)تان دیوە بێ (دان). بەڵێ (گۆ)تان دیوە بۆ هیچ داخوازییەک بێ ئەوەی (گفت)ی بەرامبەر و مەرجی ناوەنجی مسۆگەر کردبێت؟

ئەگەر (دانوستاندن) ببێتە بەیعە بۆ پرۆپۆزەڵی لایەنێک ئیتر هونەری دانوستاندن و لێوەشاوەیی دانوستانکاری لایەنە پێکناکۆکەکان لەکوێ و چۆن دەربکەوێت؟ مرۆڤ و گروپەکان بشیانەوێت تەسلیم بن بە لایەنی بەرامبەر، هێشتا هەر پێی دەچێت، هێشتا هەر ئەوە دەمێنێتەوە چۆن تەسلیمبوونێکی شێنەیی رایی بکرێت!؟

ئەوەی ئەمجۆرە خەون و خەیاڵانە بە نرخی واقیعی بڕیارلێدراو دەرخواردی خەڵک دەدا، هەر دەبێت ڕووبەڕووی راستی ببێتەوە کە وەک ژاڵە تاڵە، راستی ئەوەی ژیانی سیاسی زۆر لەکەمپینی پێشنیازەکان و دەسکێک پرۆژە یاسا ئاڵۆزترە، لەمەدا ئەدەبیاتی چەپەکان پڕە لەو نموونانەی پێمان دەڵێن بیردۆزە خۆڵەمێشییە و درەختی ژیان سەوزە.

بەڵێ! دەشێت بنمێچی پێشبینی بەرز بێت، بە مەرجێ لەسایەی درەختی سەوزی ژیاندا بێت، نەک تێیپەڕێنێت.

(59)

# ئۆپۆزسیۆن لێی دەرچن

لەهیچ شوێنێکی دنیا چاکسازی لە دەرەوەی سیستم نەکراوە، دەکرێ لەناویا گەندەڵی بکرێت، بەڵام هەرگیز لە دەرەوەی سیستم چاکسازی ناکرێت، لەدەرەوەی سیستم دوو شت دەکرێ: یان سیستمەکە دەرووخێنرێت کە ئەوەش کاری نەکردەیە لە رژێمە دیموکراسییەکاندا ، یاخود فۆکس دەکرێتە سەر گەندەڵی و گوشاری دیموکراسی دەخرێتە سەر سیستمەکە تا خۆی چاک بکات، لەهەردوو حاڵەتیشدا ئۆپۆزسیۆن لەشوێنی خۆیەوە ناتوانێ چاکسازی بکات. ئەوی دەتوانێ ئەمە بکات سیستمەکە خۆیەتی: فەرمانڕەواکان دەتوانن چاکسازی بکەن. هێزی دەوڵەت بۆ چاکسازی دەوڵەت بخەنەگەڕ.

ئەگەر قسەمان لەسەر چاکسازییە لەکۆمەڵێکی دیموکراتدا، ئەوا دەبێت حوکمڕانییەکەی بە دەنگدان هاتبێت، بەمەش متمانەی خەڵکی بەدەست هێناوەتەوە و کەسی دی ناتوانێت لەجێی خەڵک بڕیار بدات. نموونە بۆ ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە متمانەی دەنگدەرانی لە پشتەو بەو متمانەیەوە رەوایی بەچاکسازیی و بەرنامەکانی خۆی دەدات، خۆ ئەگەر قسە لەسەر



کۆمەڵێکی داخراو و دیکتاتۆر فەرمانڕەوایە ئەوا پێش چاکسازی و راماڵینی گەندەڵی دەبێ دیکتاتۆری بڕوخێنرێت، لەهەردوو حاڵەتیشدا ئۆپۆزسیۆن هەر ناتوانێ چاکسازی بکات، دەشێ ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕ دیکتاتۆری و حکومەتە ناشەرعییەکەی رابماڵێ. بەمەش خۆی دەبێتە حوکمڕان بۆ چاکسازی و لەخەسڵەتی ئۆپۆزسیۆن دادەماڵرێ، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی بۆی نالوێ حکومەتی دیموکرات بڕوخێنێ مەگەر پێشێلی شەرعیەت بکات و ئینقلاب بکاتە ئامرازو قیبلە نوما، رووخانیش پەیوەندی بە دیموکراسی و چاکسازییەوە نییە. رووخان ئاکامی ئامرازی ئینقلابە، بەڵام چاکسازی بەرهەمی دیموکراسییە کە بە ئامرازی رەوایی هێز دەداتە حکومەت رێوشوێنی چاکسازی بگرێتەبەر، لەم رێوشوێنەشدا دەشێ حکومەت بیرۆکە یان بەرنامەیەکی ئۆپۆزسیۆن پەسەند بکات، بەڵام دیسانەوە هەر خۆی، بەشێوازی خۆی، جێبەجێی دەکات. کە خەڵک چانس دەدات بە حزبێک دەبێ رێبدرێت ئەو چانسە تاقیبکرێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر تا نیوەی رێ نیوەی بەرنامەکەی پراکتیزەکرد بێت.

هەڵبەت ئەم شرۆڤەیە بۆ ئۆپۆزسیۆنی لەسەرپێ جێی خۆشحاڵی نییە، ئەوان دەیانەوێ دڵی جادەیان لەگیرفان و پاوەری دەسەڵاتیش لەخزمەتیاندا بێت. یانی بە ئیستلاحی کوردەواری: دین و دونیایان گەرەکە. یان راستتر ، مادام جەناحێکیان ئیسلامی سیاسییە، دین و دەوڵەتیان مەتڵەبە.

(60)

## ئەمازیغ

قەرار بوو سەروتارێکی کوردستانی نوێمان لە سەر بە ڕەسمی ناساندنی زمانی ئەمازیغی بێت لە وڵاتی مەغریب. بەڵام نەبوونی دەرفەت و ریکلامی نیوە لاپەڕەیی ئیشەکەی دوا خست تا بەهای هەواڵەکەی لە لاپەڕە یەک پەکخست. نەچووە و بچێ ئەم دەستکەوتە نەتەوەیی و فەرهەنگییەی بەربەرەکانی مەغریب شایانی پیرۆزبایی و دەستخۆشانەیە لەهەموو ئانوساتێک . لەهەر کوێیەک ماف و دادپەروەری بچێتە پێشەوە ئۆخەیەک دەهێنێ. نەخاسمە ئەگەر پەیوەندی بە مافی نەتەوەیی بندەستەکانەوە هەبێت. ئۆخەیەک بۆ بندەستەکانی پەیوەست بەو مافەوە کە دەستەیەک بەشەڕی خودان و مافی خودایی خۆیان بەدەستهێناوەتەوە. ئۆخەیەکی تریش بۆ خەباتگێڕانی دژی بندەستی کە بزانرێت بەڵێ خەبات بێهودە نییە و درەنگ یان زوو بەرهەمی شیرین دەداتەوە. بەم مانایە وەدەستهێنانی مافێک گۆشتەکەی بۆ ماف وەرگرەکان و گۆشتاوەکەشی نۆشی گیانی هەر بندەستێکی سەرگۆی زەوی بێت.



ئەمازیغییەکان لە تەواوی باکووری ئەفریقا بوونی بە هێز و حاشا هەڵنەگریان هەیە، لێ رژێمە دیکتاتۆرییە سەربازییەکان و شەپۆلی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبی، کە لە مەشریقەوە بازی دایە مەغریب، تەپەسەری کردن. بەپێچەوانەی ئیدیعای ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە کە پێی وایە سەرتاپای وڵاتانی مەغریب و جەزائیر و لیبیا و تونسی خڕ عروبین، ئەو دەڤەرانە هەمووی پاوانی فرە کەلتووری ئەمازیغەکانن کە لە ژێر زبڵی جەورووستەمدا شاردراونەتەوە. سیاسەتی ئیستیعماری فەرەنسا لە دژی میللەتانی موسوڵمان لە باکووری ئەفریقا کارێکی کرد دەوڵەتانی دوای کۆلۆنیالیزم دەست بدەنە سیاسەتی تەعریبی رۆشنبیری وەک پەرچەکردارێک بۆ بە فەرەنسیکردن. لە دۆخێکی وا و لە سایەی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی دەمی سەربەخۆیدا ئەمازیغ بە خۆیان و زمان و کەلتووریانەوە کەوتنە بن دەست و پێیانەوە.

ئێستا وا رابوونەتەوە، بەهاری عەرەبی پریشکی بەر مەغریب کەوتووە و پادشا دەستووری بۆ داون. بەمەش دوای زمانی کوردی لە عیراق، زمانی ئەمازیغی لە مەغریب ناسنامەی رەسمی وەرگرت.

با ماڵەدراوسێکانی تریش گوێیان لێ بێت.

(61)

# پاژنەکە

ئەخیل لە هەموو روویەکەوە نەمری و سەروەری بەدەست هێنابوو، لە عەتر و بەرامەی نەمری، لە ئاوی جاویدانیدا بارستاییەک بوو لە سۆپەرمان. خەوشی ئەخیل ئەوەبوو لە ڕێورەسمی تەعمیددا ئاوی جاویدانی بەر پاژنەی قاچی نەکەوت، ئەوی ئەم نهێنییەی زانی ئەخیلی پێکا. لەو ڕۆژەوە پاژنەی ئەخیل لە واقیعیشدا گوزارشتە لە کیماسییەکی بچووک بە قەدەر پاژنەیەک، بەڵام گەورە لە کارەسات خستنەوەدا وەک کوشتنی ئەخیل لە یادەوەری داستاندا.

بەری چەند مانگ گوتارێکم نووسی لەسەر ئەردۆگان و بردنەوەکانی . وتم لە هەموو روویەکەوە گەمەکە باش ئیدارە دەدات، بەس ئەم ئەخیلەی نێو واقیعی تورکیا وەک ئەخیلی نێو ئەفسانە یۆنانییەکە پاژنەیەکی کەموکوڕی هەیە کە ئەگەر چارەسەری بکات بردنەوەیەکی گەورە چاوەڕێی دەکات. یان وەک لە دروشمی هەڵبژاردنی تورکیادا بانگەوازیان بۆ کرد. ساڵی 2023 یەک دەبینینەوە کە ساڵی (2023) تێپەڕینی سەدەیەکە بەسەر دامەزراندنی کۆماردا.



پاژنەی ئەخیلی ئەردۆگان کە تیر و توانجی ڕەخنەی ئاراستە دەکرێ پرسی کوردە. راستە ئەردۆگان لەم پرسەدا زۆر چۆتە پێشەوە بە جۆرێک لەگەڵ زەمانی جێی ئومێدی خودی ئەردۆگان، واتا ساڵی دامەزراندنی کۆمار لە 2023دا، بەراورد ناکرێت. بەڵام پرسی کوردیش لە چاو جاران زۆرتر چۆتە پێشەوە. دەبێ چوونە پێشی ئەردۆگان فریای چوونە پێشی ئەحمەد تورک بکەوێت.

نها دوور نییە بابەتی وەک قەدەغە کردنی پەرلەمانتارێتی خەتیب دیجلە نەبێتە هەورێکی ڕەش لە ئاسمانی دیموکراسیدا. راستە حکومەتی داد و گەشەپێدان ئیدانەی بڕیارەکەی دادگایان کردو دەمێ زوو خۆشیان گازەندەیان هەبوو لە دادگا، بەڵام لە خەیاڵدانی کوردی تورکیا دەوڵەت یەک دەوڵەتە بە دادگاشەوە و دادگاش بڕیارەکانی سیاسین.

دەبینین داد و گەشەپێدان دامەزراوە دامەزراوەی خستۆتە ژێر هەژموونی پرۆژەی خۆیەوە و لە قەڵای دادوەریشدا ڕەنگی نفوزی بەسەر پانتایی عەلمانیدا زاڵە . دەتوانێ ئەوە بۆ بەڵێندان بۆ کوردیش بەکاربێنێ نەک لەبەر خاتری خەتیب دیجلە و بەرەی ڕەنجی کورد، بەڵکو هیچ نەبێ بۆ نزیکایەتی لە وادەی دەستووری نوێ کە دەبێ پاژنەی ئەخیلی لە مەسەلەی کوردا چارەسەر بکات، دەنا ناتوانێ جاویدانی بەدەستبهێنێ.

(62)

# بۆ ئافەرینێک

رای جیاوازم هەیە لەسەر هەندێک پرس، ئەوەندەی دەرفەتم هەبێ و ئەقڵم پێ بشکێ لەسەری دەنووسم، ئەوەی کە نەمنووسیوە لەمێشکدا نەخەملێوەو باش نەکولاوە کە ڕووی مەجلیسی هەبێت، ئەمەش ئازایەتی و منەت نییە بەسەر خوێنەراندا، ئەمە وەزیفەی موحتەرەمی نووسینە و هەر نووسەرێک ڕێز لەو وەزیفەیە بگرێت دەبێ وابکات.

رای جیام هەیە و دەمەوێ پارێزگاری لێ بکەم نەک لەبەر کەللەڕەقی و پێداگرییەکی خوتوخۆڕایی، بەڵکو لەبەر هۆکارێکی سادەو ساکار: رای تایبەتی خۆم هەیەو دەمەوێ وەک ئەو خەڵکە پەیامی خۆم بڵێم و بگەیەنم.

تۆش وای خوێنەری بەڕێز، ئێوەش وان نووسەرانی بەڕێز، رای خۆتان هەیەو هەقتانە پارێزگاری لێ بکەن، هەقتانە شانازی پێوەبکەن و رمێنی بۆ پەیدا بکەن.

رای جیاوازم هەیەو دەخوازم بە چاوێکی تیژەوە لەم رەوتە کەم تەمەنەی نووسراوەی کوردی بڕوانم کە تێکەڵە لەگەڵ ئەزموونی سەدەیەک سیاسەتی کوردی ، لەناویا نەژیاوم، وەک ئێوە شتم



لەبارەوە خوێندووە، هەبوون چەپڵەیان بۆ لێدان و هەشبوون بەچاوی تیژەوە سەرنجیان دەدا، لە مامۆستا کەریم شارەزام گوێ لێبوو کە لەکۆنفرانسی مامۆستایان لەشەقڵاوە، سەرەتای شەستەکان، هەموو شیعریان خوێندەوەو چەپڵەیان بەو بۆنەیەوە وەرگرت، مامۆستا گۆران لە شیعرا کەمترین چەپڵەی بەنسیب بوو، کەچی نها کەس شیعرو چەپڵەی کەسی بیر نییە و (لەرێگادا بەرەو کۆنفرانس)ی گۆران شیعرێکی نەمرترە لەخودی کۆنفرانسەکەی زەمانی قاسم.

نووسەری ئەم دێڕانە نەشاعیرەو نە (گۆران)یش بەشاگرد قبوڵی دەکات، ئەمما دەمەوێ پێکەوە ئەم دەرسە دەور بکەینەوە: چەپڵەمان نەگەرەکە بۆ ئەمڕۆ کە سبەی بەرچەپۆکی هەڵسەنگاندنێکی شێنەیی بکەوین.

چەپڵە بۆ چەپڵەخوازان کە دوای بیری باو کەوتوون و پێیان وایە، چونکە باو مۆدێتی کە وابێ هەقیەتی.

لەبیری داسەپاو مەترسیدارتر بیری باوی بەبریقوباوە. یەکەمیان دیکتاتۆرەکان زەوی بۆ دەکێڵن و دووەمیان میلیگەراکان، تۆییەکەی پەخش و تەخشان دەکەن.

بیری باو دەیەوێت کاسمان بکات، دەیەوێ ئەوەمان لەگەڵ بکات کەبەعس بەپلایس و بورغی نەیتوانی بیخاتە مێشکی نەتەوەی ئازادی کوردەوە، بیری باو هەڕەشەیە لە بیروڕای تایبەت.

(63)

# هەڕەشەی نجێفی

(بیهێنە بەس ناوی مەبە) ناونیشانی چیرۆکێکی حەسەن قزڵجی-یە. چیرۆکەکە خۆتان لە کۆمەڵە چیرۆکی بەجێماوی ((پێکەنینی گەدا)) بیخوێننەوە، ئەمما لێرە بۆ قسەکردن لەسەر لێدوانێکی بەرێز ئوسامە نجێفی بەکاری دێنم. کە بە سیفەتی سیاسەتمەدار لە لێدوانێکی کورتدا هەڕەشەی جیابوونەوەی سوننەی کرد و بە سیفەتی سەرۆک ئەنجومەنی نوێنەرانیش، لە دیداری درێژی شەرق ئەوسەتدا هۆکاری زیزبوون و تەوەللابوونی سوننەی روونکردەوە.

ئەو داوایکرد ناوی کەرەستەکە نەبرێت، بەڵام خودی کەرەستەکە بهێنرێت. هەڕەشەی جیابوونەوەی سوننە لەبەر ئەوەی لە شەراکەتی عیراقدا بەشیان کەمە و هەست بە پەراوێزی دەکەن، باعیسی سەرەکی نجێفییە کە بە پەیوەندییە گرژەکانی لەگەڵ کوردستان ناوبانگی پەیداکردووە.

ئەگەر پەراوێز خستن و نەبوونی هاوبەشێتی فاکتەری جیابوونەوە بێت لە عیراق دەبوایە رێزدار نجێفی لە مێژە ئەمەی بۆ



کورد سەلماندبا، چونکە زوڵمێک لە کورد کراوە هی ئەوەیە حەوت دەوڵەتی لەسەر لەتوپەت بێت.

لێرە دەستخۆشی لێ ناکەم تەنها لەبەر ئەوەی هەڕەشەی جیابوونەوەی کرد و ئەمە بە بەرینبوونی هاوپەیمانێتی سەربەخۆخوازی لە عیراق بزانم. هیچ گەلێک بۆ مافی چارەنووس و سەربەخۆیی پێویستی بە تەزکیە و مۆڵەتی هیچ سیاسەتمەدارێک نییە. ئەمە مافێکە خودا داویەتی و ئەگەر بەندەکان چەند دەورەیەکیش لاساری بۆ پەکخستنی مافی خودایی بکەن سەرەنجام ئازادی بەسەر ستەمدا زاڵدەبێت.

بۆیە لێرە بە فلاش وانەکانی ئەم لێدوانە بەسەردەکەمەوە:

- وانەی یەکەم بۆ گەلی بندەستە: ئەها سوننە، چونکە سەروەر و سەربەرزبوون، لەگەڵ ئەمە راهاتوون و ئامادەی بچووکترین فەرامۆشی نین .
- وانەی دووەم بۆ گەلی سەردەستە: ئەها زوڵم چەند ناخۆشە کە لە تاوی زوڵمێکی نوێدا خەریکە وڵاتێک بەش دەکەن کە بە دڵی خۆتان نەخشەتان کێشاوە؟
- وانەی سێیەم بۆ هەردوولا، بندەست و سەردەستە: لە جێی گرژی پەیوەندی، بۆ ویستی یەکتری ناسەلمێنن لە سەردەمێکدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووی لە بەهارە.
- وانەی چوارەم بۆ شیعەی زوڵملێکراوی جاران و سەردەستی ئەمڕۆیە : بۆ لەگەڵ کورد و سوننە تەگبیرێکی باشتر لە یەکێتیی ئارەزوومەندانە ناکەنەوە پێش ئەوەی وانە بۆ کەس کەڵکی نەبێ؟

(64)

# خەمەکانی بڕەوێنینەوە

با بەتەنیا خەمەکانی شار نەلاوێنینەوە، با چاپیشی بکەین.

دەزانم لاواندنەوە کوڵی دڵ دادەمرکێنێ و سەبووریمان دەدا، بەڵام بۆ ئەوەی خەم و پەژارەمان لەسەر ئەم هاوڕێ دێرینەمان ئازاد سدیق، جاویدان بێت گەرەکە خەمەکانی شار بڕەوێنینەوەو پێویستە چاپی بکەین.

هیچ شتێک وەک سپیارەی چاپکراو نەمری و جاویدانی بەدوێنێ و ئەمڕۆی ژیان و خولیاو خەمەکانمان نابەخشێت، مرۆڤ نووسینی هەر بۆ دەربڕینی ئەمڕۆ دا نەهێناوە. وشە، چونکە سیحری هەیە هەر جارەی لەخوێندنەوەدا مانایەک دەبەخشێت و دیوێکی پەنهانمان بۆ کەشف دەکات، با ئەم وەفادارییە بۆ نووسینەکانی ئازاد سدیق نەمرو جاویدان بکەین، دوای لەچاپدانی (ئاسۆی رۆژ وخەمەکانی قەڵەمێک) کە هەڤاڵانی دێرین لە خەندان وئاسۆ چاپیان کرد وچاکیان کرد. با (خەمەکانی شار)یشی بۆ چاپ بکرێت.

لەوڵاتێکدا رۆژنامەو رۆژنامەنووس خەریکە چاو دەردەکەن، لەزەمانێکدا رەخنەو خەمخۆری لەشارو نیشتمان یەکسان کراون



بەتەشهیر و هەڵکێشانی شمشێری دۆنکیشۆتی، چەند پێویستمان بەکۆی ئەو نووسراوانە هەیە کە رەخنەن، بەڵام لەدڵەوە بۆ دڵن، خەم و پەرۆشی و پەژارەن، بەڵام بێ فیزو ئیدیعای پاڵەوانێتی. گۆشەی خەمەکانی شار لە تەرزی ئەو نووسینانەن کە ئەگەر کۆبکرێنەوە باشتر ئەدگاری شارو چاکتر سیمای دەردو ئازاری ژیانی هاووڵاتی کوردستانیمان بۆ روونەدەبێتەوە.ئەو نووسینانە دەتوانن رۆمانێکی راستەقینە بن لەسەر دیرۆکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردەواری لە(10)ساڵی رابردوودا . مانەوەی پەرش و بڵاوی لەنێو ژمارە زۆرو زەوەندەکانی رۆژنامەدا غەدرە لەئازاد، غەدرە لەئەندێشە و خەیاڵدانی کۆمەڵەکەمان لەدەیەی رابردوودا .

با ئەم چیرۆکە پەرتەوازە بێ نازکەوتووانە کۆبکرێنەوە تا لەیەکێتی بابەت و دەربڕیندا ببنە رۆمانێکی واقیعی، ئاوێنەیەکی روون بن مرۆڤی ئاسایی و پاڵەوانە لەگۆشت و خوێن پێکهاتووەکان خۆیانی تێدا ببینەوە.

رۆژنامەنووس پرۆلیتاری توێژی خوێندەوارانن، چونکە نەهەنگی میدیا رۆژانە رەنجیان قوت دەداو کەچی هێشتا هەر دەڵێ (هل من مزید؟) ئەگەر ئەو پشکۆو بریسکەی رۆژانەیە کۆبکەینەوە ئاگرێکی گەورەمان بۆ رووناکی و گەرمکردنەوە بەنسیب دەبێ و رەنج و بەرهەمی کارگەرانی قەڵەم و غەزەتە لەفەوتان و فەرامۆشی دەرباز دەبن.

ئێمە لەکوردستانی نوێ دەمانەوێت وا بکەین بۆ ئازاد.
خەمەکانی بڕەوێنینەوە، خەمەکانی لەچاپ بدەین . (خەمەکانی شار)
تێکستێکی جاویدان دەبێت بۆ نەسلی نوێی ڕۆژنامەنووسان



(65)

## قیستی خوێن

شۆڕش سەری کوڕەکانی دەخوات، ئەدی ڕاپەڕین؟ ڕاپەڕین لەنموونەی میسردا سەری کوڕو کچ و کچەزاکانیش دەخوات و هێشتاش دەڵێ کەمە، خوێنی ترم بۆ خەڵات بکەن.

خەسڵەتی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانەی دنیای عەرەبی وابوو کە بێ خوێن و فرمێسکە، بە ئاشتی و هێمنی گۆڕانکاری سیاسی دەکات و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان قاو دەدات، ئەمە لەو گوزارشتەی مەحمود دەوڵەت ئەبادییەوە نزیکە: هەموو مافەکانمان دەوێت و خوێنی دیکەشمان نییە بۆ بەخشین.

سەرەتای ناساندنی شۆڕش لە میسرو تونس وابوو، مافی زەوتکراومان دەوێت و خوێنی کەس ناکرێتە کاسەوە. ئێستا لەوەدەچێت شۆڕشەکە بەسیستمی قیست سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، سیستمی قیست ئەوەیە کە لە لوبنان و لە ئەورپاش هەیە، لە یەکەم مەعاشەوە دەتوانیت خانوو و سەیارە و جلوبەرگ بەقیست بکڕێت و دەست بە بەکارهێنانی بکەیت، ئینجا ماتەبەقای عومرت لەدانەوەی قەرزدا سەرف بکەیت، ئەم فەرهەنگە خەریکە قەڵەمباز بۆ کوردستانیش دەهاوێت.هەموو

شتێک بەقەرز بێنەو خۆشی ژیانت لەسەر خەڕکردنەوەی پارە پەک مەخە.

میسر لەسیاسەتدا وەک لوبنانیان کرد، بەقیست شۆڕشیان کرد، وەک بڵێی ئێستا کاتی ئیستحقاقی دانەوەی قەرزەکە هاتبێت، مەسەلەکە وەک سووریێژە وایە بەمندالّی بیگریت، زوو چارە دەبێت، بەگەنجی هەر نەیسە، بەپیری ناخۆشترە.

بەدوو هەفتە چەپڵە موبارەک جانتاکەی پێچایەوە، لەوە دەچێ بەدوو دەیەی تر ئینجا پشێوی دەستبەرداری دایکی دونیا بێت، نرخی خوێنی رژاو لە شۆڕشەکەدا بەشی گرتنی رەبایەیەکی مەحکەمی دوژمن ناکات، کەچی حکومەتێکی پێ رووخا.

ئێستا هەرچەندی لێ ورد دەبمەوە لەوە دەچێت نرخی دواخراو وەک قەرزێک و فەرزێک بێت پێویستە میسر لە مەودوا بیداتەوە.

فیرعەون لەوێ یەک فیرعەون بوو، لێ سەد کەس خۆی بە موسای شۆڕش دەزانێ و شەڕە لەسەر خاوەنداریێتی لە میسری نوێ، کێ عەسای سیحری پێیە بە کەمترین ئازارو نرخەوە ئەم دۆخە بگۆڕێت؟ ئەوە فریاد رەسە.

کە ئەم سەرنجە رەخنەییانە دەڵێم زۆر دۆستی ناو یەکێتی، بەر لەنەیارەکانی، دەڵێن بۆ وا چاویلکەکەت رەشە؟ میللەتێک رابۆتەوە لەدژی فیرعەونەکەی، تۆ بۆ ڕاست و ڕاسترەو بوویت؟

لەبەر ئەوەی خەڵکی کەرکوکم چەند دەستەواژەیەکی تورکمانی دەزانم، لەوەڵامی پرسیاری وادا دەڵێم: ئاخرە باخن، سەیری کۆتاییەکەی بکەن.



(66)

## دراما

بەموعەدەل رۆژی چوار سەعات بەدیار زنجیرە دراما تورکییەکانەوە دادەنیشم، یان راستتر رۆژی چوار سەعات بەدیار منداڵەکانمەوە دادەنیشتم کە سەیری دراما تورکییەکان دەکەن، لەئەندێشەی مندا رووداوەکان تێکەڵن، چونکە لەبەرخاتری وان بەپچڕپچڕی سەیری دە دەقیقەی ئەم دراماو پێنج دەقیقەی ئەویتر دەکەم، ئەگەر رووداوەکان بەپێوانەی ئەندێشەی من بپێورێن فانتازیایەکە بۆ خۆی. چونکە بینەرێکی بەوەفا نیم لام وایە ئەم کیژ حەزی لەو کوڕی دراماکەی تر و ئەم پیاوەش لەزنجیرەیەکی درامی دیکەدا بەدوای دایکە ونبووەکەیدا دەگەڕێت، لەم فانتازیایەدا دەرهێنەرو سیناریستەکانیش کارەکتەرەکانی خۆیانیان پێ جیا ناکرێتەوە.

من هەر ئەوەندە لەماڵم، ئەی دەبێ منداڵەکان چەند سەعاتی تر سەیر بکەن؟ تۆ بڵێ بەلانی کەمەوە هەشت سەعات، ئەویتر بۆ خەو و لاساری کۆڵان و هەندێک یاریی منداڵان.

شتێکی نوێ ناڵێم کە درامای تورکی دونیای داگیرکردووین، ئەوە نەتەوەی سەردەستی عەرەبە کە بەدەستی ئەم داوەوە گیری خواردووە، جا کوردی بندەست چ بێژێ؟

سالانی نەوەد درامای لاتینی باوی بوو، هەر نەیسە، ئەوان هی دنیایەکی تر بوون، لاسایی و ئاماژەکانی کەمتر کاریان لە ئێمە دەکرد. مەگەر لە مۆدێلی جلی خانماندا! درامای ئاسیایی، کۆری و چینی و ژاپۆنی درامای دەرس و پەندی ئیمپراتۆرییە دەوڵەمەندەکانی دێرین و کەلتووره دەوڵەمەندەکەیانە. ترس لەدرامای تورکییە کەدەڵێی حیکایەتەکانی لەماڵە دراوسێ دەقەومێت، کاریگەری زیاترو دەرفەتی لاسایی و چاولێکەری هیچ ئینکاری ناوێ.

نامەوێ لەخۆوە بڕیاری نەرێنی بدەم، وەک خەڵکی تر لەولاوە چێژی بینینی لێ وەدەستخەم و لە کۆڕی گشتیشدا تەشەری لێبدەم، بەڵام دەپرسم کێ لێکۆڵینەوە لەکاریگەری ئەم درامایانە لەسەر کەلتوورمان دەکات ، ئەگەر بەشی ئەوەمان هەبێ کە لەفەوتانی بترسین! کاریگەری باش و خراپی ئەو درامایە چییە؟

ئایا بەشەکانی کۆمەڵناسی و راگەیاندن لە زانکۆکان ، دەتوانن قەزاوەتێکی شێنەیی تر لەسەر ئەمە بکەن؟ ئێمە چەند توێژەر هاندەدەین لەم پرسە بکۆڵنەوە، راپرسی و رووپێوو شرۆڤەی ئەکادیمی لەسەر بکەن؟

ئەمانە بەشێک نین لە ئەرکی نێوەندەکانی ئەکادیمی بۆ ئەوەی جەدوایەک هەبێ بۆ خەرجی لەو کایانەدا؟

ئەی ڕۆژنامەکان، لەکوێدا شرۆڤەی جدی رەخنەی تەلەفزیۆنیمان کردووەو کێ پسپۆڕێتی لەم مەیدانەدا پەیدا دەکات؟



(67)

## لەگەڵ هەیکەلدا؟

ساڵی 2003 محەمەد حەسەنێن هەیکەل تەمەنی بووە هەشتا ساڵ. بەو بۆنەیەوە رۆژنامەیەکی عەرەبی دۆسێیەکی شایانی لەسەر بڵاوکردەوە. هەیکەل خۆشی شتێکی نووسی و گوتی: ئیزن ئەخوازم و دەستبەرداری نووسین دەبم، لەسەر ئەمە کەناڵی جەزیرە دیداری لەگەڵ هەیکەل کرد گوایە بۆچی مامۆستا لەبەهاری هەشتا ساڵیدا یاریگا جێدەهێڵێت؟ لەوێ تیشکی بلاجکتۆرو سیحری کامێرا هەیکەلی کێشکرد. لەو ساڵەوە هەشت ساڵە هەیکەل لەجەزیرەوە بەرنامەی (لەگەڵ هەیکەل)نمایش دەکات. فانتازیای شاشەی زیوین گەورەترین رۆژنامەوانی عەرەبی دا بەعەردا! کێ ئەتوانێ بەرخودان لەگەڵ سیحری کامێرا بکاو تەسلیمی تەلیسمەکەی نەبێت؟

دوای هەژدە ساڵ هاوپەیمانیی هەیکەل لەگەڵ عەبدولناسر کە بەو هۆیەوە سوار چاکی گۆڕەپانی رۆژنامەوانی بوو، لەو هەشت ساڵەدا ناوبراو دەرفەتێکی دیکەی هاتنەوە کایەی بۆ خولقا. ئیتر وەک دەستەواژە باوەکەی کورد دەڵێ (ئەسپی خۆی تاودا).

هەیکەل نەمردو کەوتنی موبارەکی بەچاوی خۆی دی. ئەم کەوتنە لای هەیکەل و نەوەی یەکەمی شۆڕشی 23ی یۆلیۆی 1952 وەک هەڵسانەوەی خۆیان تەرجەمەکرا. هەرچی مودەعی هەبوو بەسەر موبارەکەوە عەریزەی زوڵمی خستەڕوو. هەیکەل یەک لەوان بوو بەدەستڕێژی لێدوان و کۆڕ دەورانی موبارەکی دایە بەر تیشکی رەخنە. وەک بڵێی دەورانی موبارەک وەک دیکتاتۆر و وەک بەفیرۆدەری موقەدەراتی وڵاتەکەی، کوڕی دەورانی تر نەبێت؟ هەیکەل بەیادی زەمانێک کە هەرچی دەگوت وەک کیتابی مونەزەل مامەڵە دەکرا، رەقەمی لێداو رەقەمی لەبارەی سامانەکەی موبارەکەوە وت. سەرۆکی دەزگای رزقی نارەوا فەرمووی لێکرد داخۆ دەتوانیٚ بەڵگەکانی بۆ دادگا بسەلمێنیٚ؟ هەیکەل بیٚ رەچاوکردنی پرەستیج و ئەزموون قسەی خۆی قووت دایەوەو گوتی: ئەمەم لە میدیا بێگانەکان خوێندۆتەوەو ئەوە من نیم کردوومەتە مانشێت، ئەوە ئەهرام بوو. ئەمەش وەک گوللەی رەحمەت وا بوو بۆ مێژووی هەیکەل، وەک چۆن گوللەی وێڵ بەر ناوبانگی موبارەک و ئەهرام کەوت.

دەمێک هەیکەل لە2003دا ماڵئاواییکرد. نە مەزەندەی کەوتنی راستەقینەی موبارەک و نەخەیاڵی کەوتنی مەجازی خۆی دەکرد. بەمجۆرە رەنجی چەند دەیە پرەستیج بووە قوربانی فڕێدانی قسەی بیٚ بەڵگە و رەقەم لێدان.

ئەمە دەبێتە پەند بۆ رۆژنامەوانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی حەزیان لە نموونەی میسرییە؟



(68)

## سەربەخۆیی

سبەینیٚ باشووری سودان دەوڵەتی خۆی رادەگەیەنێت، مەراسیمێکیان پێکهێناوە کە لە مێژووی نەتەوەکەدا بەوردودرشتییەوە بەئاوی زێڕ تۆماردەکرێت.

سەدان کامێراو دەزگای میمۆری ئەم سەروەرییە دەگوازنەوەو بۆ دواڕۆژ هەڵیدەگرن، پاش دەیان ساڵی تر باشوورییەکان سەیری دەکەنەوەو بۆ تیفتیفەی شانازی بەدیارییەوە دادەنیشن، سبەی چ رۆژێکی خۆشەو چ رۆژێکی مێژوویی دەبێت؟ بۆ نموونە ، بەراورد بکەن، چەند وێنەی رەشوسپی و تەڵخی مەراسیمی دامەزراندنی کۆماری مەهابادمان ماوە؟ چەند گرتەی ڤیدیۆیی وتاردانی قازی سەرۆک کۆمارو فەرماندەو وەزیرەکانی ئەو دەمە لەئارشیفدا پارێزراون؟

دوێنێی چلەکانی سەدەی رابردوو ئێمە وابووین، سبەی باشوورییەکان چرکەو هەناسە نابوێرن ئەگەر تۆماری نەکەن، خۆ هەموو رۆژێک رۆژی سەربەخۆیی نییە، ئەو ئەمریکا گەورەیە کە هەموومان ئامۆژگاری دەکات دەست بەکڵاوی دیموکراسی و

هاووڵاتییوونەوە بگرین تا با نەییا، یەک رۆژی بۆ سەربەخۆیی هەیە : چواری حەوت.

بۆ ئەوانەی ئەم رۆژەیان لەیاد نییە چواری حەوت رۆژی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەم بۆنەیەوە رۆژی 2003/7/4 بۆ یەکەم جار لە کوردستان یادی سەربەخۆیی ئەمریکا و یادی سەربەرزکردنەوەی حکومەتی کوردستان پێکەوە کرایەوە، لەمەراسیمەکەدا ئاڵای کوردستان و ئاڵای ئەمریکاو ئاڵای عیراقی بێ حکومەتی ئەو دەمەش هەڵکرابوو.

لە مێژووی کوردستانی جنوبیدا، رۆژی ئیعلانی سەربەخۆییشمان هەیە، رۆژی (1918/11/17) کە بە ئامادەبوونی ساحیب، ئەبو ناجی، شێخی نەمر خۆی وەک مەلیک راگەیاند.

ئەوکاتە نە پادشای عیراق لەحیجازەوە تەشریفی هێنابوو، نەمام سام، ئەمریکا، بەخۆی و جەژنی سەربەخۆییەوە، قاچی کردبووە رۆژهەڵات. ئەوکاتە سودان و باشوورەکەی بندەستی ئینگلیزبوون. باسی سەربەخۆیی سودان و جیابوونەوەی لەمیسر نەهاتبووە گۆڕێ چ جای باسی جیابوونەوەی باشوور لە سودان، ئەو کاتە کورد پادشایەکی هەبوو کە چونکە ژینی ئەسارەت و عومری گومرەهی نەدەویست ، بۆیە نەیانهێشت حکومەتەکەی درێژە بکێشێ، پادشای کوردستانیان کردە مەشقپێکەری هێزی ئاسمانی بەریتانیاو تا ئێستاش هاوڕەگەزەکانی لە هەڕەشەو مەترسی دەربازیان نەبووەو دەستکەوتەکانیان دەڵەمەیە. جا کوردەکانی



شێخ لەجێی ئەوەی کراسێ لەڕیفراندۆمی باشووری سودان دابدڕن، ویستیان کراسی تەسکی میسر لەبەر بکەن.

دوێنێ کورد وابوو، بزانین سبەینێ باشوور چۆن دەبێت؟ پیرۆزە لەوان دەرەنگە بۆ ئێمە.

(69)

## مایکرۆ دیکتاتۆر

هاوەڵەکەم پێی وتم لە سەر ناعەدالەتی بنووسە. لەسەر ئەوانە بنووسە کە دەبنە میراوی گوندێک وەک بوون بە ئیمپراتۆرِی ژاپۆن دڵیان پێ خۆشە،

بۆچی؟

چونکە ئەمە دەرفەتێکیان دەداتێ چەند کەسێک بچەوسێننەوە جا بەقەدەر دانیشتوانی کەمی گوندێکی لاچەپ یان بە ژمارەی مێرووله ئاسای چین و هیندستان بێت.

ئەم دونیایە ئاوسە بەو جۆرە ناعەدالەتی و زوڵموزۆرەی رەنگە لای ئێمە بچووک و کەم بایەخ بێت، بەڵام لای ئەوانەی زوڵمەکە بەر تەپڵی سەریان دەکەوێت گەورە و کارەساتبارە.

تۆ لە سەحرایەکدا قومێک ئاوت گەرەکە و رێبواری رێیەکی دووریت، یەکێک بەری کانیاوی لێ گرتوویت و ئامرونـاهی قوڵپدانی کانیاوەکەیە، لە تەنانەی وادا بە تۆ و بە من چی کە ئاوی دیجلە و فورات خورِەیان دێ و خورماش لە خاڵیس زۆرە؟ تۆ دیلی دەستی میراوێکی کە دڵرِەق بێت؟



هەر ناوی دیکتاتۆرە گەورەکان بەدە دەنا خوای گەورە بۆ ئەوەی بەشەرەکانی خۆی دەرەقەتی ژیانی تاڵی سەرزەمین بێن و لەگەڵ بارە نالەبارەکەی هەڵبکەن، زۆر دیکتاتۆری لەبێخەوە هەڵکێشاو نەیهێشت سەردەر بکەن. زۆری تریش لە گوندێک یان دائیرە و ماڵێکدا قەتیس کرد تا زەرەر و زیانەکەیان لەجێیەکی بەرتەسکدا دامرکێتەوە. زەوی لەو دیکتاتۆرانە بێزار کە هەر یەکێکیان پاڵێوراو بوون هیتلەر یان سەددام بن، خودا خۆی لوتفی کرد ئەو قەزاو قەدەرە لە بازنەیەکی بچووکدا گەمارۆ بدرێت.

دیکتاتۆری وا هەیە بەمیکرۆسکۆبیش ناونیشانی لەدەفتەری زاڵمەکاندا نییە، کەچی کە دەستی رۆیی خشتە بۆ هەوا هەڵمژین دادەنێ و هەناسەدان دەکاتە ناو قوتووی موعەلەباتەوە.

وا لەسەر ناعەدالەتی نووسیم. لەسەر ئەوانەی نمایشی قوربانی دەستی ناعەدالەتی و بێدادی دەکەن کەچی خوا حیکمەتی نواندووە وەختێک پاوەر و پایەو پارەی نەخستۆتە بەردەستیان دەنا حەشرێکیان پێ دەکردین، رووی ئەو پیاوە زەریفانەی ناوم هێنان، سەددام و هیتلەر، سپی دەبوونەوە.

ئەوانەی ئەم مەیلە لە ناخیاندا رەگی داکوتیوە چاریان نییە کە دەستیان برِوا. دەبێت حیکمەتەکە رەچاو بکەین ، نەهێڵین دەوروزەمانە دەسەڵاتێک بەم پاڵێوراوانەی یانەی دیکتاتۆری ببەخشێت و دەستیان بەسەر هیچدا بشکێت.

(70)

# شەمەندۆفێری حکومەت

لە کوردستان زیاتر لەقسە، خەریکە بڵێم تەنانەت زیاتر لە قسەی خێریش، کردەوەمان پێویستە. با کردەوەکە هەنگاوێکی بچووکیش بێت. چونکە لە وڵاتی ئالودە بە گەنگەشە و ململانێی خەستی سیاسیی، وەک کوردستان، کردەوە دەروازەیە بۆ پێشکەوتن و دەربازبوون لە چەقبەستوویی نێو بزاوتی گشتگیری وڵات.

لەم رووەوە بڕیاری حکومەتی هەرێم بە بڕینەوەی بیمەی بێکاری بۆ گەنجانی دەرچووی پەیمانگا و زانکۆکان، کردەوەیەکی پراکتیکی ئەوتۆیە شایانی دەستخۆشی و هیواخوازییە. هەنگاوێکی گەورەیە لە ڕێی دابینکردنی ئایندەی گەنجانی خوێندەوار لە وڵاتەکەماندا.

کردار شەرتە، کردار لە قسەی بێحاسڵ و بێ سەمەر باشترە. قسە بۆ کورد و بۆ کوردستانییان ناچێتە گیرفانەوە و شەرتێکی سەرەکی گەشەکردن دابین ناکات، کە شەرتی بینینی شتەکانە بە بەرجەستەکراوەیی لەسەر زەمینی واقیع تا مرۆڤ راستگۆیی و پێچەوانەکەی تاقیبکاتەوە. شتی بەرجەست هەر بە حکومەت دەکرێت ئەوەش دروستی ئەو دیدە تەئکید دەکاتەوە کە دەگوترێ



چاکسازی بە حکومەت دەکرێت نەک بە کەس و لایەنی تر. بە تایبەتی چاکسازیەک پەیوەندی بە سەرمایەگوزاری لە ئایندەی وڵاتەکەمان و ئایندەی گەنجەکانی کوردستانەوە هەبێت کە بڕیارەکەی حکومەتی هەرێم رێک ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات.

نها دەشێ بڵێین ئەم بڕیارە لە پاڵ بەرنامەی تواناسازی بۆ خوێندکاران وەرگۆڕانێکی گەورەی زانستی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە . ئەمە کە ئێستا ئەسەرەکەی ئەم وەرگۆڕانە دەرنەکەوتووە هی ئەوەیە هەموو بەرنامە وەرچەرخێنەرەکان درەنگ کاریگەریان دەردەکەوێت و بەرهەم دەدەنەوە.

جا ئەم بازدانە لە ژیانی ئایندەی گەنجانی کوردەواری و خزمەت و گەشەکردن لەهەموو بوارەکاندا بەراورد بکە بە دوا هەواڵی ئۆپۆزسیۆن کە لە هێکرا بێ ئاگاداری پێشوەخت گفتوگۆی ئاشتەوایی نیشتمانییان هەڵپەسارد، ئینجا دەزانین کوردستان بە تەمای چی و رووی لە کوێیە و ئۆپۆزسیۆنیش خەریکی چییە؟

بەرنامەی چاکسازی و گەشەپێدانی حوکمداری روو لە ئایندەیە و هەنگاوی دیکەش چاوی لە جەدەلی بێزەنتییە. وا ئێستا ئەم دیمەنە دەریدەخات حکومەت و کۆمەڵانی خەڵکیش دۆخی جەدەلی بێزەنتییان تێپەڕاند و تەفاعولی نێوانیان جۆشدراوەتەوە بە جۆرێک کە دەبێ خەڵکی تر فریای قۆناغی نوێ و شەمەندۆفێری حکومەت بکەون.

(71)

## نەورۆزی سەربەخۆیی

وەک پێشتر ئاماژەیەکم پێدابوو، دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە عیراقەوە دەستپێیکرد، وەختێک دەستپێیکرد عەرەب لە دۆخێکی سەیری چەقبەستوودا بوون، دەرەتانێکیان بۆ هەناسەدان نەبوو، لەبەر ئەمە وەلید جونبلات، یەک لەسەرکردە لوبنانییەکانی دروز رایگەیاند: لە پێشدا دژی ماجەرای عیراق بووم، بەڵام کە ئەو هەموو ملیۆنان عیراقییانەم بینی تەحەدای تیرۆر دەکەن و دەچن بۆ دەنگدان، ئەو دیمەنانە هەژاندمی، بنۆڕن ئەم لێدوانە لە لوبنانەوە هات کە تا رووخانی سەددام تاقە دەڤەری دیموکراسی بوو لە جیهانی عەرەبیدا، ئەو کاتە دیموکراسی عیراق پێش ئەوەی لوبنانیشی دابۆوە، لێ ململانێی شیعەو سوننە جۆرێک لە جەمسەرگیری سیاسی و ئەمنی دروستکردووە کە تامی ئەم دیموکراسییە شیرینەی لە زاری عیراقییەکان کردە ژاڵەیەکی تاڵ.

ئێستا بەهاری عەرەب ژانی دیموکراسییەکی نوێ لە ناوچەکە گرتوویەتی، ئەوی عیراق بە هۆی ئەم ململانێ قووڵەوە لەجێی خۆی چەقیوە، چونکە یاریزانەکانی لە ململانێی تایفیدا چەقیون.



زۆری نەبرد بەهاری عەرەبی نەورۆزی سەربەخۆییەکیشی تێکەوت، باشووری سودان بووە دەوڵەت و لە عەرەب تەوەللا بوو، جیابوونەوەکە ئەوەندە نۆرماڵ و نەرمونیان بوو کە بەشیر، ئەوی پانزەساڵێک شەڕی نەمانی باشووری کرد، خۆی لەگۆڤەندی سەربەخۆییدا ئامادەبوو، لافیتەیەکی باکوورییەکان بەڕیتمێکی دیموکراسی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی نوسیبووی (خواحافیز باشوور، بابەشی دراوسێیەتی تێدا بهێڵینەوە) ئەوی لە سودان روویدا پێشی لێکجیابوونەوەی ئاورشمینی (چیک) و (سلۆڤاکیا)ی دایەوە.

کەچی لە عیراق وەک دیموکراسییەکەی چەقی بەستووە، سینگفراوانی حکومەتی ئیتیحادیش جێی خۆی داوە بە مەرکەزییەتێکی بابانوێران، مەرکەزێتێکی لە بابەت ئەوەی عیراقی بەو رۆژەگەیاند کە هەموومان چیرۆکەکەی دەزانین.

ئەمڕۆ کە کۆمەڵگەی عیراقی هەراش بووەو هەرێمەکانی پێدەگەن و ئارەزووی سەربەخۆیی زیاتر دەکەن و کەڵکەڵەی لە قاودانی ناوەندێتی حوکم لەکەللەی داون، دەنگ و سەدای وا پەیدا دەبێت کە ئەم ویستە دەستوورییانەی حەزیان لە فیدرالییە تەپەسەر دەکات و هەڕەشەیان لێدەکات. یانی لەوەختێکدا دونیا مەستی سەربەخۆیی تازەیە لە کیشوەری ئەفریقا، لەعیراقی پێشەنگی دیموکراسی و فیدرالی و نا ناوەندێتیدا، پاشەکشێ دەکات.

ئەگەر دۆخەکە وابڕوات و هیچ شتێک بەری پێ نەگرێت، عیراق دەبێتە گۆڕەپانی داهاتووی بڕیاردان لە چارەنووس.

(72)

## گرێی 17ی شوبات

ئۆپۆزسیۆن کۆششێکی زۆری پێویستە تا قەناعەت بە خەڵک بێنێ ئەوی کردی لە هەڵپەساردنی دانوستاندنەکان شتێکی باش بوو، کەچی بە سێ لێدوان لە دوو لایەنگری خۆیانەوە پێیان وایە ئیتر هەموو کوردستان دەستخۆشانەیان لێ دەکات کە تاڵە دەزووی مەعاویەیان پساند. لە (هەڵپە)ی هەڵپەساردندا تووشی پەرچەکردارێکی (سارد) هاتوون. رێک لەم دۆخەدایە پرۆسەی ئاشتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی تووشی مەنگی و پێکوتە بووە.

کەس نکوڵی لەوە ناکات وەک چۆن دەستپێشخەری گفتوگۆ هەقێکی شەرعی هەموو بکەرە سیاسییەکانە، ئاوەهاش هەڵپەساردن و تەنانەت کشانەوەی یەکجارەکیش هەقێکی سەلمێنراو و رێزلێگیراوە. بەڵام دەبێ هەموو هەقێک پاساوی مەنتیقی دابین بکەن تا خەڵک و دەستەبژێری سیاسیی ئەم وڵاتە ئەشهەدومابیلای بۆ بکەن. چەند هەفتەی بەری دانوستاندن ئاسایی بوو، وەڵامدانەوە و نزیکایەتی هەبوو. جا چونکە دۆخەکە نزیک بوو لە رێککەوتن، باڵی هەڵۆی ناو ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی هەڵۆ رەنگ



مۆرەکانی ناو گۆڕان، لە هیکرا هەموو شتێکیان گێڕاوە بۆ پەیژەی یەکەم. بزاوتی هەڵپەساردن ئەوەندە بە پەلەبوو میدیا دۆستەکانی ئۆپۆزسیۆنیش فریانەکەوتن بۆیاخێکی هارمۆنیکی بۆ دروست بکەن. دەبوو جارێ خۆیان قەناعەت بکەن ئینجا خوێنەرەکانیان.

ئەمجۆرە بزاوتە کە دوورە لە حەریفی سیاسییەوە زەرەری زیاترە لە قازانج. بۆ ئۆپۆزسیۆن خۆیان و لەوەش گرنگتر ، لای ئێمەمانان، بۆ پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان کە هەموو لایەک دەخوازن بچێتە سەر شەمەندۆفێری چاکسازی و نوێبوونەوە و ئاوەدانی و گۆڕان و هەموو دروشمێکی دیکە کە بەدڵدا دەکا ختوور. هیوا لە دانووستاندن بۆ ئەوە نەبوو هەموو شتێک لە کونفەیەکونێکدا چاک ببێت. ئومێدمان بەوەبوو ئیتر ئەزموونی دیموکراسیی کوردستانیش نۆرماڵ بێتەوە وەک دیموکراسیی خەڵق و خوای ئەم دونیایە: کەمێک ململانێ و کەمێک هاوکاری، دەمێک هەڵکشان و تۆزێک پشووی جەنگاوەرانە. دونیا هەمووی گرژی و هەڵپساردن و خۆراپسکان نییە.

لە کۆتایدا ئەو قسەیەی ئۆپۆزسیۆن راستە کە دەبێ یەکێتی و پارتی بزانن کوردستانی دوای (2/17) کوردستانی پێشوو نییە. بەڵام ئەوەش هەر راستە کوردستان هەر ئەو بەروارەی تێدا نییە و هەق نییە ئەوانیش بکەونە داوی گرێی دەروونی (2/17)ەوە. کوردستان شتێکە لەو نێوانە.

(73)

## خاڵی کوردستانی نوێ

مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق چ وەک پەروەردەکار، چ وەک رووناکبیرو ئەدیبێک دریغی لەخزمەت و جێبەجێکردنی فرمانی سەرشان نەکرد، وەک رۆژنامەنووسیش قەڵەمەکەی لەخزمەت کوردو کوردستان، ئاشتی و ئازادی و بیری پێشکەوتنخوازی بوو، قەڵەمەکەی وەک رەفتاری جوان و جوامێری کەسایەتی خۆی، قەڵەمی راستبێژی بوو، رەخنەی بەویژدان و ئافرینیشی لەجێی خۆیدا بوو. قەڵەمی مامۆستا قەڵەمی منمنۆکێ و خۆبەزلزانی نەبوو. قەڵەمی رەسانەیەتی و رەوایی بوو، چ ئەو کاتەی گوزارشتێکی سیاسی دەداو چ ئەوکاتەی رازێکی رووناکبیری یان دیاردەیەکی ناو کۆمەڵی رەخنە دەکرد.

لەهەموو حاڵەتەکاندا قەڵەمی مامۆستا حەمە نوری رێک خودی مامۆستا حەمە نوری بوو: کوردپەروەرێکی دڵسۆزو تێکۆشەرێکی سەنگەر ئاوەدان.

بۆ زۆرێک لەیارانی، مامۆستا هاورێ و دۆستێکی وێستگەیەکی ژیان بوو، بەڵام بۆ ئێمە لەکوردستانی نوێ، مامۆستا محەمەد نوری یادگاری سەر لەبەری تەمەنی ئەم کاروانە نزیک بەبیست ساڵەی



کوردستانی نوێیە، بەشێک لەئێمە رێبواری راگوزەرو لەهاتوچۆی بەردەوامدابووین، بەڵام مامۆستا لەدامەزراندنی کوردستانی نوێوە، لەژمارە سفری رۆژی (1992/1/12)ەوە بۆ ژمارەی (5500) لەرۆژی 2011/6/8، رۆژی ماڵئاوایی یەکجارەکی لەژیان، بۆ یەک رۆژ سەنگەری کوردستانی نوێی چۆڵنەکردو ئەو زیاتر لەهەر کامێکمان شەریکە بەشی ئەم مێژووە دوورودرێژەی رۆژنامەنووسی کوردییە، شانازییە بۆ کوردستانی نوێ و مەکتەبی راگەیاندنی (ی.ن.ک) کە هاوسەنگەرێکی وا بەوەفاو پێداگرو خۆڕاگری هەبووە، لەساردی و گەرمی کاروانی رۆژنامەنووسی ئەم رۆژنامەیەو راگەیاندنی یەکێتیشدا، قاڵبووی ئەزموونەکەو بەشدارێکی کارای سەرخستنی ئەرکەکانی بووە.

یادی چلەی مامۆستا بۆنەیە کەتا مۆمی تەمەنی جاویدانی بۆ هەڵبکەین و پابەندی وەفاو عەهدی دێرین بین بەرامبەری، یادی لەدڵ و دەرووندا بپارێزین و ناوی لەئاسمانی رووناکبیری و رۆژنامەنووسی کوردستانیدا وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە بگەشێنینەوە.

بیرەوەری و قسەی خۆش و رەفتاری نەجیب و تەگبیرو ئامۆژگاری برا گەورەیی و خاڵۆیەتی راستگۆیانەی مامۆستا حەمە نوری، عەهدی جەنتڵمانی لەئێمە دەخوازێت تا هەمیشە لەیادمان بێت کەوەک هەمیشە لەیادمانە.

یادی بەخێرو گۆڕی پڕ لەنوورو مەزاری پڕ گوڵوگوڵزاری نەمری بێت.

(74)

## میوانەکانی سەربەخۆیی

هەواڵێکی جێی سەرنج بوو کە لەبۆنەی سەربەخۆیی باشووری سوداندا نوێنەرایەتی چەند بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی میللی ئامادەبوون. لەناویاندا نوێنەری کۆماری بیابانی مەغریب، بەرەی پۆلیساریۆو بزووتنەوەی بەورەکانی تامیلیش لەوێ بوون. بەداخەوە نوێنەری کوردستان، هی هیچ کام لەکوردستانەکان، لەوێ نەبوون.

بەورەکانی تامیل سێ ساڵ پێش ئێستا تووشی گورزێکی کوشندە هاتن، وەختێک رژێمی سریلانکا بەیارمەتی هەواڵگریی بیانی سەرکردەی بزووتنەوەکەیانی کوشت و بۆ ئەتککردنی ناوبانگیشی چەند وێنەیەکیان بڵاوکردەوە گوایە وێنەی سەرکردە فیلوبیلای برابهارکرانە لەدەمی ژیانی هایلایفدا. هەڵمەتی ئەتککردنە میدیاییەکە لەسەر شێوەی هەڵمەتە فاشیستەکانی بەعس بوو کەسەرکردایەتیی کوردی بەژیانی ناو هۆتێلەکانی ئەورووپاو دەستخستنی جانتای پڕ دۆلار تۆمەتبار دەکرد.

بەورەکانی تامیل توندوتیژبوون لەخەباتی چەکداریاندا، بەڵام ئەمە پاساو نییە بۆ پێشێلی مافە نەتەوەییەکانیان. ئێستا وا بەم



بەشدارییە هەواڵی خۆشی بەورەکان کەوتەوە نێو تۆڕی میدیاو ئەمەش باسێکی جێی خۆشحاڵی سریلانکا نابێت.

هەمان شت بۆ مەغریبیش راستە، بێگومان پادشای مەغریب هەنگاوێکی شاهانەی نا کەدەستووری بەڕەسمی ناساندنی زمانی ئەمازیغی دەردەکرد، بەڵام بۆئەوەی ببێتە شاهەنشا، گرنگە مافی چارەی خۆنووسینی بیابانی سەربەخۆخواز بسەلمێنێ و ئەم لاپەڕە پڕ رەشنووسی جێبەجێنەکراوە بپێچێتەوە. بۆئەوەی دواجار مەغریب لەلیستی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەربچێت.

میوانەکانی سەربەخۆیی باشووری سودان هیوایان بەڕۆژێکی وەک ئەوەی جوبایە، ئەوان ناویان لەلیستی چاوەڕوانیدا تۆمارکردووە کە قەرەباڵغییەکی زۆری لەسەرە.

میوانی تریش هەبوون وەک بزووتنەوەکانی دارفۆر کەئەوانیش گێمێکی ململانێی مافی چارەنووسیان لەگەڵ دەوڵەتە کەرتکراوەکەی باکووری سودان ماوە. ئەوانیش لەقسەکانیان ئۆخەیان بۆ ئەم چارەنووسە دەخواست.

لەوانەی ئامادەنەبوون باسی کوردمان کرد، ئەمما ئەوی جێی توانجە فەلەستینییەکان، بەحەماس و فەتحیانەوە ناویان لەهەواڵەکاندا وەک میوانی سەربەخۆیی، نەهات. ئایا لەوێ بوون یان هەر بانگ نەکرابوون؟

فەلەستینییەکان ئەمساڵیان ناوناوە ساڵی راگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستینی- ئەگەر هاتبن مانایوایە هەمان مافیان بۆ خەڵکی تریش دەوێت و ئەگەر نەهاتوون یانی مەیلی شۆڤێنی بەری نەداون.

(75)

## چۆنن لەگەڵ کوردایەتی؟

وا وردە وردە ئەدگاری سەرکردەو نوێنەرانی شۆڕش و گۆڕانکاریی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی دەردەکەوێت. چ لەشێوەی کەسایەتی وتەبێژو داکۆکیکارو چ لەچوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی و شەپۆلی سیاسی و فیکریدا، بۆیە جێی خۆیەتی لەو ئەدگارە دەرکەوتووانە بپرسین داخۆ هەڵوێستتان لەمەسەلەی نەتەوایەتی کورد، لەپرسی کوردستان و لەکێشەی کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی چۆنە؟

ئێوە کە هێندە دیموکراتین و دەستتان خۆش بێت کەشۆڕشی دیموکراتیتان بەکەمتر لەگۆڕانکاریی رادیکاڵی و لابردنی حوکمڕانەکانی وڵاتی خۆتان رازی نەبوون و نابن داخۆ چ قسەو بەڵێنێکتان پێیە لەسەر دۆزی نەتەوایەتی هی کوردو هی ئەمازیغ و تورکمان و ئاشووری و سریان و دروزو ئەرمەن و قبتی و مەسیحییەکانی ئەم دونیا پان و پۆڕەی رۆژهەڵاتی ناوڕاست؟ چۆن دەڕوانـنە دیموکراسی ئەو کاتەی دەگاتە قەراغ مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی وڵاتی خۆتان؟



هاوڕێیان زویر مەبن، ئەو پرسیارە بەردێکی ئەنقەست نییە کە لەڕێی خەباتی مەدەنی خۆپیشاندەرانی پایتەختە عەرەبییەکان دابنرێت تا ئیشی پەلەتان پەکبخرێت و خەباتی دیموکراتیتان چەند چرکەیەک دوا بخرێت. ئەم پرسیارە پرسیارێکی جەوهەرییە بۆئەوەی رادەی دیموکراسی بوونتان بزانین و بۆمان روونبێتەوە شوێنی ئێمە لەشەمەندۆفێری ئایندەتان کوێیە؟ ئایا هەر کورسییە شکاوەکانی جاران و کابینەی دەرەجە دووە؟ یان نەخێر لەپلەی نایابدا نیشتەنیمان بۆ دابین دەکەن؟

ئەمە پرسیارێکی ماتماتیکی نییە کەبۆ زاخاوی مێشک و تیژکردنەوەی ژیری و داناییتان مەترەحی بکەین. ئەم پرسیارە بۆ نەتەوەی ئێمە پرسیاری مان و نەمانە.

نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو ئەم پرسیارەمان لەچەپەکانی نەتەوەی سەردەست کرد هەندێکیان نیوەی مافیان سەلماندو هەندێکیشیان مافی چارەنووسی سەرکاغەزو برێکیشیان وتیان ئەمە لەسەلاحیاتی حکومەتی پرۆلیتاریایەو ئێمە ناتوانین ئێستا بڕیاری لێبدەین.

نیوەی دووەمی سەدەی بیست پرسیارەکەمان لەئیسلامییەکان کردو ئەوانیش بەلاغەی زمانی شیرینی عەرەبیان خستەگەڕ بۆ دیزە بەدەرخۆنەکردنی، ئەمما چونکە مافەکەمان رەوا بوو ئەم ناڕەوانییە لەگەڵ ئەو رەواییەی ئێمە یەکی نەدەگرتەوە.

نها لەم سەرەتای سەدەی بیستویەکەمینە دەپرسین: دیموکراسییەکەتان مافی ئێمە قووتدەدات یان دەیسەلمێنێ؟

(76)

## رای بەڕێزیان چییە؟

ئەی باشە، رای بەڕێز نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لەم بارەیەوە چییە؟ ئەو خۆی لەبارەی ئەم پشتگیرییە لەسەر یەک و بێ بەرامبەرە چی دەڵێت؟ ئەگەر پێی ناخۆشە تاوانبارێکی تیرۆرو تۆقان لە کوردستان پشتگیری حزبەکەی دەکات بۆ ئەو جۆرە لێدوانانە لە قاو نادات؟

مەگەر ئەوان داخوازی ئاشکراگۆیی و دەرخستنی هەڵوێستەکان ناکەن؟

ئەگەر لەم میدیا یان ئەو میدیا بپرسی چۆنە وا لە میدیای ئەمریکا دیموکراتی ترن و تیرۆریستێک دەدوێنن هەر نەیسە، پاساوێکیان هەیە: ئەمە میدیایەو میدیاش بەدوای رووداو و (پاڵەوانەکان)ی رووداودا دەگەڕێت، لێ ئەوەی هەروا بە نارۆشنی ماوەتەوە هەڵوێستی بەڕێز مستەفایە. ئایا پێی خۆشە مەلا کرێکار پشتیوانی لێدەکات و هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازێت؟ ئایا دۆخی گۆڕانە وا شڵەژاوە کە منەتباری دوعا و ئەشهەدومابیلای مەلا کرێکار بێت؟ حزبێک گوایە بۆ دیموکراسیی و خەباتی مەدەنی



هاتۆتەکایەوە و ئەمەی کردۆتە پاساوی جیابوونەوەی لەیەکێتی، چۆنە لە غەزەلی تیرۆریستان خۆی نەبان دەبات.

لە وێستگەی یەکەمی پێکهاتنی قەوارەی گۆڕاندا وەک لیستێک لەهەڵبژاردنی تەمموزی 2009 دا مەلا کرێکار لە ژوورێکی لاچەپی ئینتەرنێتدا ئەم پشتیوانیەی راگەیاند، هەڵسوڕاوە دیارەکانی گۆڕان بەشەرمەوە حاشایان لەمجۆرە پیاهەڵدانەی کرێکار کرد. لەشوێنی تریشدا ئەمیری ئەنسارولئیسلام هەمان بیروڕای وتەوە، تا دوو رۆژ پێش ئێستاش لەنەواوە تیلەی چاوی لە سەرکردەی گۆڕان داگرتەوەو تا ئێستاش گوێمان لێ نەبووە عەجەبا بەڕێز نەوشیروان چۆن جوابی ئەم سەلامو عەلیکە دەداتەوە.

راستیەکەی ئەم پرسیارە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی داهاتوو نییە کە جارێ زۆری ماوە کات و رێوشوێنی دیاری بکرێت، بەڵکو پرسیارە بۆ ئەوەی لەپێگەی رێبازی فیکری هەنووکەی بەڕێز مستەفاو بزووتنەوەکەی بپرسین؟ ئایا هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسلامییەکان، هەموویان دەگرێتەوە بە وانەی تۆمارێکی وەک ئەوەی مەلا کرێکاریشیان هەیە یان ئەولەویاتی بەڕێزیان لە هاتنە جواب و روونکردنەوەی سیاسەت و رێبازی گۆڕاندا بەشی لە قاودان یان پێشوازی لێدوانی میری تیرۆری تێدا نییە؟

پرسیار لەوەیە ئایا بەڕێز نەوشیروان لە گۆڕانی سیاسیدا تا ئەو رادەیە وەرگۆڕانی کردووە کە پێویستی بەدوعاو ئەشهەدو مابیلای مەلا کرێکارە؟

(77)

## کێ وەکالەتی پێداون؟

پێویستمان بە میانەیەکە، میانەیەک بە ئۆپۆزسیۆن بڵێت جەمسەرگیری ئێوە بەرامبەر دەسەڵات جەمسەرگیری نێوان دوو تێزی بیرکردنەوە و دوو تەرزی سیاسییە نەک جەمسەرگیرییەکی مۆراڵی نێوان خێر و شەڕ، راستە ناونیشانی سیاسیی دوو لایەنی جەمسەرگیرییەکە ئۆپۆزسیۆن و حوکمڕانە یان وەک ئەوان ئێژن ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتە، بەڵام لە بنچینەدا هەردوولا نوێنەرایەتی چەند حزب و لایەنێک دەکەن.

بەشێکیان حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنن (گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) و بەشێکیان حزبەکانی حوکمڕانن (یەکێتی – پارتی)، بوونی ئەوان بە جەمسەرگیرییەکی ئۆپۆزسیۆن هیچ پیرۆزییەک نادات بەوان، بەڵکو وەک خۆیان دەیانهێڵێتەوە کە حزبی جیاوازن لە حزبی حوکمڕان و تەواو مەسەلە مەتەڵێکی دژوار نییە هەڵهێنانی خەڵات و بەراتی گەرەک بێت، لە هەر کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا حوکمڕان بەرنامەی حوکمڕانی خۆی جێبەجێ دەکات کە خەڵک لەسەر بنچینەی وی تەکلیفی حوکمڕانیان لێکردووە. ئۆپۆزسیۆنیش ئۆپۆزسیۆنی خۆی بکات لە چوارچێوەی ئالیاتە دیموکراتییەکاندا.



هەر کەس مافی ئەویتری پێشێلکرد دەبێ دەستوور یان عورفی سیاسیی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات. لەوەش گرنگتر دەنگدەران لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لێپرسینەوە گەورەکە دەکەن.

ئەمە ئەلفابێتایە، بەڵام برایانی گۆڕان پێچەبەدەورەی لێدەکەن. خۆیانیان کردووە بە وەکیلی سەرتاسەری جەماوەر بە لایەنگرانی حزبی حوکمڕان و حزبە هاوپەیمانە ئۆپۆزسیۆنەکانیشیانەوە.

لە کاتێکدا بزاوتی دیموکراسیی لە کۆمەڵێکی یاسامەند و پەرلەمانداردا بایەخەکەی ئەوەیە کەس ناتوانێت وەکالەتی موتڵەقی کەس بکات. بەناوی جەماوەرەوە خۆی شین و مۆر بکاتەوە، ئینقلاب بکات، خۆپیشاندان بسازێنێ و رایبگرێ و موفاوەزات بکات.

لە دیموکراسیدا شەڕ لە سەر لایەنگرانی یەکتری ناکرێت، شەڕ لەسەر بازنەی خۆڵەمێشییە کە بریتین لەو جەماوەرە بەرینەی خۆیان لەسەر حزبەکانی حوکمڕان و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن ساغ نەکردۆتەوە و لەو ململانێ دیموکراسییە چاویان لە خزمەتی زیاترە.

ئێستا کە حزبەکانی حوکمڕان بە موتڵەقی بە ناوی سەرتاسەری جەماوەری کوردستانەوە قسە ناکەن و دەستەواژەی زۆرینە بەکار دێنن، خێرە گۆڕان دەخوازێت فەرهەنگی کەمینە زاڵ بکات و ئەو کەمینەیە وەک جەماوەری سەرتاسەری کوردستان وێنا بکات؟

کێ ئەم وەکالەتەی بەوان داوە؟

کام قانوون و کام رێسای دیموکراسیی و کام مۆدێلی کام وڵاتی پێشکەوتوو؟

(78)

## ئاگری دۆستانە

لەچەند لاوە ئاگری دۆستانەمان تووش هاتووە. لەسەر سنوورەکان ئەوە هەر مەپرسە: دۆستانمان لە دراوسێتی و دۆستەکانمان لە کوردایەتی ئاگر بارانیانە. لەو دیو ئەتڵەسی دۆستەکانمان لە پرۆسەی رزگاری عیراق بۆ هەموو شتێک لە گەڵمانن، کەچی کە باس دێتە سەر کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان داوای ژیری و عەقڵانییەتی سیاسییمان لێ دەکەن. لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دۆستەکانمان کێبڕکێیانە لەگەڵ نەیارەکانمان داخۆ کامیان زووتر و چاکتر پشتمان تێدەکەن یان راستتر بێژین پشتمان بە عەردا دەدەن.

بەس ئەمرۆ دەخوازم بە گشتی لە (کوردستان )نەدوێم، دەمەوێ بەتایبەتی تر لەسەر (یەکێتییە نیشتمانییە)کەی بدوێم.

لە مێژە گوتومە نەیارەکانی یەکێتی ئەم حزبەیان لێ بۆتە کیسی بۆکسێن، هەر کەسێک بخوازێ فێری بۆکسێنی دیموکراسیی و رەخنەگرتن بێت لەگەڵ یەکێتی بە شەڕ دێت. رەخنە تا سنووری تەشهیر دەبات و هێشتا باقی گەرەکە. رۆژنامە ((سەربەخۆ)یانەکان بێ باسی یەکێتی رۆژیان لێ هەڵنایە و هەر گلەیی کەمی



دیموکراسیش دەکەن. هەڤاڵەکانی دوێنێشمان وا لە چاکسازی گەیشتوون پاچکاری لەگەڵ رابردووی خۆیاندا بکەن و پێیان وایە رێگای رزگاری کوردستان بە تووڵەڕێی نابووتکردنی یەکێتیدا گوزەردەکات.

ئەوانە هەر نەیسە لێ ئەوەی خەمە ئەم نیران سەدیقەیە کە ئەم رۆژنامە و ئەوی دیکەی هەولێر دەستدرێژی پێ دەکەن. ئاگرێکی دۆستانەیە ئەگەر جواب نەدەیەوە وا دەزانن لە غەفڵەتدا پێمان نەزانیوە و ئەگەریش جواب بدەیەوە زوویر دەبن و ئاگری دۆستانە سەر دەکێشێ بۆ نەمانی ئاگربڕ قەت خوا بەو رۆژە نەکا و سەد وتاری ((دۆستانە))ی دۆستانی بە قوربان بێت.

ئەمانە هەمووی لەولاوە بوەستێ، یەکێتی واش هەیە بۆ نمایشیی دیموکراسیی حەشرێک بە یەکێتی دەکات کە هەر دەبێ سەیری فۆرمە تازەکانی مەکتەبی رێکخستن بکەین داخۆ هەر ئەندامەکەی جارانە یان ئەویش لە جوملەی زیزبووەکانە.

بە خودای منیش رەخنەم هەیە لە یەکێتی کە دەزانم رەخنە لەم حزبە باج و سزای لەسەر نییە، بەڵام با تۆزێک ئەم ئاگری دۆستانە کپ ببێتەوە. هیچ نەبێ بەشی ئەوە کات بدەنە ئێمەش دوو رەخنە بگرین.

(79)

## تورابی کەوتەوە قسە

میسرییەکان پەندێکیان هەیە دەڵێ (أن غاب القط العب یافار) کە پشیلە دیار نەبوو، مشکە گیان بە کەیفی خۆت گەمان بکە.

بتی موبارەک لە گۆڕەپانی تەحریری میسر لابراوە، هەموو موددەعییەکانی جاران دێنەوە سەرخەت، یەک لەوانە دکتۆر حەسەن تورابی ئەمینداری گشتی کۆنگرەی میللی سودانە کە بیرمەندێکی گەورەی ئیسلامییە، بەڵام لە سیاسەتدا ڕێوییەکە دەرسی بە سەد گورگ و ڕێوی تر داوە. ئەو لە ساڵی 1989دا هاوپەیمانی سوپاو ژەنەراڵ عومەر حەسەن بەشیر بوو تا لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا بە کودەتا دەستیان بەسەر خەرتوومدا گرت، تورابی کە بەتۆمەتی هەوڵی تیرۆرکردنی حوسنی موبارەک لەئەدیس ئەبابا تۆمەتبار کراوە، میوانی میسری بێ موبارەکەو دوای (23)ساڵ لەقاچاخی، دەرفەتێکی هەیە لە ناوجەرگەی قاهیرە زمان لەموبارەک دەربێنێ و چەمۆڵە لەرژێمە رووخاوەکەی بدات.

تورابی لەڕێوە لێدوانی فەرموو، بێ پێچوپەنا ئەوەی وت کەچەند مانگە ئیسلامییەکان سوێندو قورئانی دونیا دەخۆن کە نایانەوێت



شتی وابقەومێنن. تورابی وتی: (حوکمی ئیسلامیی بەڕێوەیە لەدنیای عەرەبدا).

تورابی قسەشی ناخۆش بێت دەبێ مرۆڤ ڕێز لەڕاشکاویی و بێ پێچوپەنایی قسەکانی بگرێت، بە پێچەوانەی قسەی راشد غەنووشی سەرۆکی حزبی رابوونی تونس کە بەمیدیای رۆژئاوای راگەیاندبوو باوەڕیان بەمەی و شەراب هەیە، یانی لەمن پێشکەوتنخوازترە کە دۆستی مەی و شەراب نیم.

ئەگەر زۆری بپشکنی قسەی خۆش هەمیشە لەناو تراژیدیاشدا خۆی مەڵاس داوە، لەو تراژیدیایەی چاوەڕێی دونیای عەرەب دەکات کە دراوسێی دنیا بچووکەکەی کوردە، تورابی قسەی خۆشی پێیە: نەهاتووم تەجرەبەی حوکمی ئیسلامیی لەسودان بۆ میسر بگوازمەوە، وەک بڵێی ئەوەی سودانی حوکمی دووقۆڵی بەشیر و تورابی بەهەشتی خوا بێت لەسەر زەوی کە هێناویەتی لەجێی دۆزەخی ئێستای میسر جێگیری بکات.

باشە ئەگەر تەجرەبەی سودان شایانی چاولێکردن بوایە بۆچی تورابی پێش جنوبییەکان لێی جیابۆوە، جیاوازی نێوان جیابوونەوەکەی تورابی لەوەی باشووری سودان هەر ئەوەبوو تورابی ئاهەنگی سەربەخۆیی بۆ سازنەکردو بەکەمترین دەسکەوتەوە لێی دەرچوو.

هەنووکە تورابی بەم دەستو دیارییەوە چۆتە قاهیرە و ئەوێ دەبێتە تاقیگەی دووەمی. خوا رەحم بە میسر بکات.

(80)

## خانەقین و ئەڵوەنی

ساڵی 2003 بە شێنەیی شاری خانەقینم بینی. ئەڵوەن و رەز وباخی خانەقین و گیانی گەرمەسێری و ئەدگاری گەشەکردنێکی سروشتی کە بەعس چنگی تەعریب و دواخستنی لێ گیرکردبوو. بیستبووم و ئینجا خوێندمەوە لە سییەکاندا چی دیاردەو دەسکەوتێکی شارستانین پێش زۆر شوێنی تری کوردستان و عیراق لە خانەقیندا هەبوون.

لە هەر کوێ نەوت هەبێ لەوێش ئاوەدانی و شارستانی و بزاڤێکی کۆمەڵایەتی گەشەکردوو سەر هەڵدەدا. ئینجا ئەگەر نەوت هی نەتەوەی بندەست بێ ئەوا دەبێتە ئاگرو گڕ لەجەستەی ئایندەیان بەر دەدات. لە نیعمەتەوە دەبێتەوە لەعنەت، لە نەفتەوە دەبێتە نەفرەت، وەک لەخانەقین قەوما: ئیتر سامانی ژێر زەوی بەتاڵان دەچێ و سامانی سەرزەوی کە مرۆڤە سەرگەردان و ئاوارە دەبێت.

خانەقین کەوتە بەر تاڵان و خانەقینییەکانیش بەشێکی زۆریان ڕاگوێزران و ئاوارەی کوردستانی ڕزگار و پەرتەوازەی بەغداو هەندەران بوون، دارو بەردی تەعریب کراو رەزوباخیشی لەنازی



وەرزێری کوردستانیی بێبەش بوون . ڕێگای ئاوریشمی جاران بووە ڕێگای دڕک و داڵی دواکەوتوویی . تا بەعس بەخۆی و تەعریب و تەرحیلییەوە سەری چووە گۆڕی بابییەوە.

چیرۆکی خانەقین تا نیوەی ڕۆمانەکە دڵخۆشە: بانمیل و جەبار فەرمان، ئەڵوەن و خوداداد علی، زۆرانەکەیان لە عروبە بردۆتەوە، بەڵام نیوەکەی تر ماوییەتی. هێشتا فیدڕاڵی ڕام نەبووە و بەدڵی خانەقینییەکان نییە، بەغدا خەریک بوو واقیعەکەی کەربەلا دووبارە بکاتەوە، نهاش نە لێ دەگەڕێ خانەقین بێتە بان کوردستان و نە خۆشی لەخەمی وشکەساڵی و تەنیابالّی پایتەختی گەرمەسێرە. رۆژێک گێچەڵ بۆ گێڕانەوەی وافیدینەکان دەکات، رۆژێکی تریش مەزەندەکات زەرقاوی لەباوە محمود خۆی حەشار داوە. ئێستاش کە ئەڵوەن بێ ئاوە و مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی باخوباخاتی دادیانە لەدەست جەوری دراوسێ، (باخی داد) وەک پایتەختی فیدراڵی خۆی نەبان کردووەو زمانی حاڵیشی زمانی سەربوردەکەی قورئانە (انهب انت وربک فقاتلا انا ها هنا قاعدون).

عەجەب بەغدا یان هەموو خانەقینی دەوێ، یان بە جارێ لەبەر چاوی دەکەوێ.

دەردی خانەقین گرانە، بەستوونێک تیمار ناکرێ، ئەم دەردە ڕۆمانێکی عەبدولمەجید لوتفی گەرەکە.

(81)

## وا ڕەز ئەسووتێ

باشوور لەسەرەوە ئازارو لەخوارەوە خەفەتێتی، ئیتر چۆن نێوەندەکەی ئۆخەی لەژیانی خۆی دەکات؟

لەسەرەوە، ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ سنووری نێودەوڵەتی دراوسێکان، لەخوارەوەش ناوچە جێناکۆکەکانی لەگەڵ عیراقی عەرەبیدا.

لەسەرەوە، ناوچە سنوورییەکانی لەتەمەنی شۆڕشی کوردستاندا تووشی گەمارۆو ڕاگوێزان هاتن. دوای نسکۆ، بەعس لەخوای دەویست تیۆری ئەمنی قەومی خۆی جێبەجێ بکات. هەموویانی لەئۆردوگای زۆرە ملێدا پەستاندی.

لەخوارەوەش، هەموو شریتی تەعریب، تووشیان بوو بەتووشی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزییەوە. بۆ جنوب و قوولایی کوردستان دەرکران، ئەوی مانەوە لەخەڵک و خاک کەوتنە بەرەنگاری تەعریب و ئەوی ڕاگوێزران بەهەر چوار کەناری دونیادا پەرش و بڵاوکرانەوە. شۆڕشی نوێ بۆیە پێشوەخت جاڕی موقاوەمەتی چەکداری دا تا فریای خاکی سوتماککراوی سنوورو خەڵکی تەعریبکراوی خوارەوە بکەوێت. بەعس بۆئەوەی ماسییەکە لەئاو



بێبەش بکات هەموو دێهاتی سنووری سووتان. ئەم ململانێیە هەموو کوردستانی کردە ئۆردوگاو لەنموونەی ئۆردوگایەکی وەکو دارەتوودا هەم سەنگەسەری و قەڵادزێی ڕاگوێزراو و هەمیش کەرکوکی تەعریبکراو دەست لەملانێی ئازارو خەفەت بوون. ئیتر چۆن شارە گەورەکانی ناوجەرگەی کوردستان دەحەوێنەوەو دەحەسێنەوە؟

کوردستان لەسەرەوە ئازاری هەیە، نەهاش ئازاری تۆپباران و باجی شەڕێکی بێ ئامان دەدات. جاڕێ PKKو تورکیاو جارێکی زۆرتریش پژاک و ئێران. شەڕی درێژ خایانەو بەمزووانە لەکورتی نادات. ئەوەی باجەکەی دەدات هەر ئەوانەن کەقوربانییان بۆ کوردایەتییەکەی باشوور داوە. هیوایان بوو لەبەرهەمی ئەوی باشوور بخۆن نەک نرخی خولێکی تری شەڕ لەسەر ئەوان ساغ ببێتەوە.

کوردستان لەخوارەوەش خەفەتی هەیە، 140 چاوەڕێی پێچانەوەی ململانێی عیراقییەو قانوونە لەکاتێکدا ئەگەر قانوون هەباو کوردیشیان بەعیراقی زانیبا دەمێک بوو ئازاری تەعریب نەدەماو دەپەڕژاینە سەر خەمی سەر سنوور.

ئەمە ئازاری سەر سنووری تۆپباران و ئەوەش خەمی بێ سنووری تەعریب. ئیتر چی باسی خەمی ناوجەرگەی کوردستان بکەین کەسیاسەتی لۆکاڵی وامامەڵە دەکات کوردستان خەتەری لەسەر نەماوە؟

(82)

## ماجەرای رۆژنامەنووسان

بۆچی رۆژنامەنووسەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو لەکۆنگرەی رۆژنامەنووسان کشانەوە؟ لەبەر ئەوەی ئەمە ئیرادەی حزبەکانیان بوو، بۆچی رۆژنامەنووسانی یەکێتی و پارتی بەردەوامبوون؟ ئەمەش ئیرادەی حزبەکانیان بوو.

بۆچی گۆڕان لە بنچینەدا وەکو گۆڕان نەهاتن ؟چونکە ئەمە ئیرادەی حزبی گۆڕان بوو.

ئایا مەبەستم لێرە ئەوەیە هیچ کام لەم ڕۆژنامەنووسانە ئیرادەی شەخسیی خۆیان نەبوو؟ نەخێر! چونکە ئیرادە و ئازایەتی رۆژنامەنووسێک پەیوەندی بە ئەندامێتی حزبێکەوە نییە، مەسەلەکە ئەوەیە ئیرادەی حزبیی رۆژنامەنووسەکان بە سەر ئیرادەی شەخسییاندا زاڵە، لەم قۆناغە ئینتیقالییەدا ململانێی ئیرادەی دەستەجەمعی و ئیرادەی تاکەکەسی هەر تاکێکی کۆمەڵ لەناو کایەی رۆژنامەنووسیشدا بەزەقی دیارە.

پێویست بەخۆسەغڵەت کردن ناکات، کوردستان لەدۆخێکی ئینتیقالیدایەو ناتوانیت پێوانەی بەردەوامیی بۆ دۆخی ئینتیقالی



دابنێیت، جا ئیتر با ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆو نائەندامی حزبەکان هەر بڵێن وا نییە.

لەکوردستان پابەندێتی بۆ جەماعەت بە هێزترە لەپابەندێتی بۆ تاک، مەعلومی جەنابیشتانە تاک کۆڵەکەی سەرەکی دیموکراسییە ئینجا جەماعەت و گروپەکان کە خۆیان لەسەندیکاو رێکخراو و حزبدا رێکدەخەن.

ئێوە تەماشا بکەن ئایا رێککەوتە کە یەکگرتوو و کۆمەڵ وەکو دوو حزب کشاونەتەوە لە گفتوگۆ لە پەیوەندی دۆستانەی جارانیان لەگەڵ یەکێتی و پارتی، هاوکاتی ئەوەش رۆژنامەنووسەکانیان دەکشێنەوە؟

هەواڵەکە زەق و دیارە: نەگوترا چەند رۆژنامەنووسێک کشانەوە، گوترا رۆژنامەنووسانی یەکگرتوو و کۆمەڵ کشانەوە، کە وابێت ئەمەشیان ئیرادەیەکی حزبییە کە کشانەوە بە بەرژەوەندی دەزانێت بە پێچەوانەی ئەوی یەکێتی و پارتی کە نەکشانەوە بەبەرژەوەندی دەزانێت. بێگومان بەرژەوەندیی رۆژنامەنووسان خۆشیان و بەرژەوەندی حزبەکانیان. ئەگینا پێویستی بوونی رێکخراوێکی ناحزبی بۆ هەشت ساڵ پێش ئێستاو هەشت ساڵ دوای ئێستاش هەر راستە. ئەدی بۆ دوو دەورەی پێشوو یەکگرتوو و کۆمەڵ ئەم وەحییە دیموکراتییەیان بۆ نەهاتبووە خوارەوە؟

سێبەری سیاسەت سەنگەربەندی لە نێو رۆژنامەنووسان دروستکردووە، سبەی ئۆپۆزسیۆنیش رێکخراوێک دروست

دەکـــات و نـــاوی "ئـــازادی" لـــێ دەنێـــت. ڕۆژنامەنووســـە "ســـەربەخۆکان"یـــش دەچـــنە نـــاوییەوە. هەمـــوو ئەم نـــاوانەش گوزارشتی مەجازین لە پابەندییەکی حزبی لەناو ڕۆژنامەنووسـانی ئۆپۆزسیۆنیـــشدا، بەڵام بە نـــاوی ئـــازادییەوە. کۆنـــدالیزا ڕایـــس جارێکیـــان بە تەوســـەوە گوتبـــووی: شـــایانی باســـە بە ئەڵمانیـــای ڕۆژهەڵاتیان دەوت ئەڵمانیای "دیموکراتی".



(83)

## جیهادی نەفس

خەباتگێڕانی فیدراڵی لە عیراقی عەرەبی، خەباتگێڕانێکی ڕاڕان، هێشتا قاڵبووی ئەو بیروباوەڕە نەبوون کە بانگەشـەی بـۆ دەکەن. بۆیە تا ئێستا خەباتەکەیـان بەری نەداوەتەوە. ئەگەرچـی بـژارەی فیدراڵی لە دەستووری وڵاتدا هاتووە و پێش ئەوەش بـۆ نـزیکەی دوو دەیە دەرسودەور کراوەتەوە.

خەباتگێڕەکانی فیدراڵی لە شیعە و سوننە هێشتا ماویانە بـگەنە قۆناغی تەجەلی عەشـقێکی ڕاسـتەقینە لەگەڵ چەمـکەکەدا . لەوانەیە ڕاستگۆبن لە داخوازییەکەیاندا و خەباتگێڕانێکی ئامادەی گیانبازی بن، بەڵام هێشتا نەبوونەتە کۆڵنەدەر. خەباتگێڕ دەشێ گێڕ بگۆڕێ لە بەردەم هەڕەشەی نەیاران و سەرما و گەرمـای ڕۆژگـاردا ، بەڵام کۆڵنەدەر کۆڵنادا و کول نابێ. خەباتگێڕانی فیدراڵی هەشت سـاڵە سەددام رووخاوە کەچی ویستی فیـدڕاڵی خۆیـان بەسـەد بەرگ و ڕەنگ دەپێچنەوە کە هەنـدێک جـار پیـاو نایناسـێتەوە. جـاری وا هەیە شتێکە لە بابەت لامەرکەزییەکـی بـێ ڕۆح و گیـان کە عەرز و حاڵی هاووڵاتییەکیش دەگێڕێتەوە بۆ بەغدا. جاری واش هەیە (9) پارێزگا دەدەنە دەم یەکەوە.

خەباتگێڕانی فیدڕاڵی لە ئەندێشەدا خەیاڵی جوانیان هەیە، بەڵام لەسەر زەمینی خەبات هێشتا لە دواوەی کاروانەکەن، ئەمە لە کاتێکدا لە ئاسمانی عیراقدا هەر پارێزگایەکی عیراقی بۆتە خاوەن کەناڵی ئاسمانی سەربەخۆ و لە ڕووی میدیاوە جیابوونەوەی خۆی جاڕداوە.

خەباتگێڕانی فیدڕاڵی زۆرجار عیللەتی سەرنەکەوتنی هەوڵە فیدراڵییەکانیان بۆ حکومەتی ئیتحادی دەگێڕنەوە. لە ڕاستیدا عیللەتە گەورەکە لە خۆیاندایە.

بەشێک لەمانە فیدرالی وەک چاولێکەری کوردستان تەماشا دەکەن، بەشێکی تریان وەکو حەسوودی، بەشێکیشیان لە داخا. بەشێکیان لە ترسی مەزهەبی. لەکاتێکدا ویستی فیدراڵی ویستێکە بۆ خێر و خۆشی، بۆ ئاوەدانی و گەشەی دیموکراسیی و پێشکەوتنی ئیداری، ویستێکە بۆ تەکامولی نەتەوەیی و نیشتمانی، نەک ویستێک بێت لە داخی ئەوانی تر وەکو جاران پەرلەمانتار وائیل عەبدوللەتیف لێی حاڵی بووبوو، لە لایەک فیدراڵی بەسرەی دەویست و لە لایەکی تریش دژی فیدڕاڵی کوردستان بوو.

فیدراڵی داوایەکە بۆ هەمووان نەک داوایەک لە دژی ئەوانی تر.

بۆ ئەوەی سەربگرێت خەباتگێڕانی فیدراڵی لە بەسرە و رومادی و موسڵ، سەرەتا پێویستیان بە جیهادی نەفسە.



(84)

# 28ی تەمموز

چی لەو هەلومەرجە گۆڕاوە کە هاندەری کورستانییان بوو لە کەرکوک خوێن بۆ کوردستانێتی شارەکەیان ببەخشن؟ دۆخێکی شۆڤێنی دژوار و پیلانگێڕانێکی زۆرینە لە دژی بژارەی دیموکراسیی خەڵکی کەرکوک کە چەندین دەیەیە لە شێوەی تەعریب و، لە دوای کەوتنی دیکتاتۆری بەعسیشەوە، لە شێوەی گەلەکۆمەکێی جیاجیا، وەک ئەوەی لە22ی تەمموزی ساڵی 2008دا گەیشتە ترۆپک، خۆی دەنوێنێ.

گەلەکۆمەکێی (22)ی تەمموز و پەرچەکرداری شۆڕگێڕانەی کورد لە 28ی تەمموزدا وێستگەیەکی چۆنایەتییە لە داستانە دوور و درێژەکەی ململانێی کوردستان لەگەڵ شۆڤێنی و داگیرکەرانەدا. لە 22ی تەمموزدا بەناوی دیموکراسیی زۆرینەوە، لەبەرچاوی کامێراکانی دونیادا، تەعریب ویستی نمایشێکی نوێ بکات، نمایشێکی جیاواز کە لە جێی کەرەستەکانی بلدۆزەر و زیلی سەرنگومکردن و لۆری گەورەی تەرحیلی ماڵ و حاڵی کوردستانییان، کەرەستەی دەنگدان و ئاماژە مۆدێرنەکان بۆ هەڵلوشینی مافی خەڵکی کەرکوک بەکاربێنێت. لەو رۆژەدا مینبەری

پیرۆزی پەرلەمان خرایە خزمەتی هەقخواردنەوە وەک بڵێی هەر ئەوان پەرلەمانیان هەیە و هەر ئەوان ئەتوانن دیموکراسی بخەنەگەڕ بۆ ماف و داوا و دادوەری.

لە 28ی تەمموزدا کورد وتی مادام دیموکراسییە، بۆ ئێمەش هەروایە. ئێوە دەستبژێری خەڵکن لە پەرلەمان کە دەخوازن فەرهەنگی سەددام و پاشماوەی سیاسەتەکانی درێژەپێبدەن، ئێمەش خودی خەڵک، راستەخۆ و بێ فلتەری نوێنەرایەتی پەرلەمان، دێنینەوە دەنگ.

مەسەلەکە تا ئەو شوێنە زۆر نۆرماڵ بوو: دیموکراسییە بۆ تەعریب دەست ئەدات و هەر ئەو دیموکراسییە بۆ بەرپەرچدانەوەی تەعریبیش دەست ئەدات. کەچی بەشە دیموکراسیەکەی کورد لە خوێندا گەوزا و رۆژی نواندنی ئیرادەی کورد کرایە رۆژی قوربانیدانی کورد.

ئەمە چیرۆکەکەی 22ی تەمموز بوو کە تایتڵی (لێرە نارۆین) دەیگرێتەوە.

کوردستانییان لێرە نارۆن ، نە کەرکوک نە سلێمانی و نە هەولێر و مەخمور و خانەقین و هیچ بستێکی خاکی سەرتاسەری کوردستان جێناهێڵن.

ئەم ململانێیە سەد وێستگەی تر و لەژێر سەد تایتڵی تردا خۆی بنوێنێتەوە هەر یەک دەرئەنجامی دەبێت: سنووری پارێزگاکانی عیراق پیرۆز نین، ئەوی پیرۆزە ماف و دادپەروەری و راستییە مێژووییەکانە، لە زەمانێکدا کە سنووری دەوڵەت و ئیمپراتۆرەکان پیرۆز نین، دەبێ باسی پیرۆزی سنووری ئیداری هەر شەرم دایبگرێت.



(85)

## ئەم وانەیە

عیراقییەکان بە کورد و عەرەبەوە دەبێت تین بدەنە بەر خۆیان و چیان بە دڵە و چی بە بەرژەوەندی دەزانن بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان ئەوە رابگەیەنن و ئەوەش بکەن. هەتا لە دەربڕین و لە دانانی ستراتیژدا شەرم بکەن و حیساب بۆ دەوروبەری ئیقلیمی و لە ناوەوەش هەر گروپە و حیساب بۆ توانج و رەخنە و پەلاماری ئەوی تر بکات، ژینگەی سیاسیی و ئاسۆی ئایندەی عیراقییەکان پێکەوە و هەر گروپەش بەجیا، ژینگەیەکی تەندروست و ئاسۆیەکی گەشی نابێت. چیتر سیاسەت وەکو جاران هەر پیلانگێڕان و کەمەندی تەدبیر و هۆنینەوەی تەگبیری شەوانە نییە، ئێستا بەشێکی زۆری سیاسەت ئاشکراگۆیی و ئاشکرا وتنی هەڵوێست و تێڕوانینەکانە، عیراقییەکان دەبێ ئەم دەرسە سیاسییە باش ئەزبەر بکەن و بۆ یەکتری دەوور بکەنەوە.

بۆچی ترس لە داخوازی مانەوەی ئەمریکا؟ لە ترسی دەوروبەری ئیقلیمی کە ئێستا سیاسەتە رەسمییەکەی نوقمی خەزانی مردن و سیاسەتە میللییەکەشی مەستی خەیاڵی بەهاری راپەڕینەکانێتی؟ سەیری ناوچەکە بکەن چۆن حکومەتەکان و

تەوژمی راپەڕیویش لە هەوڵی بەدەستهێنانی هاوپەیمانێتی ئەمریکان بۆ ستراتیژەکانیان؟ ئەدی عیراقییەکان بۆ شەرم لەوە دەکەن کە دۆخی ئەمنی وڵاتەکەیان هێشتا پێویستی بە هاوکاری هێزەکانی ئەمریکا هەیە؟

چەند ساڵ پێش ئێستا تەوژمی ناسیۆنالیستی عەرەبی لە میسر تا لیبیا و تونس، لە یەمەن تا سوریا توانجیان لە عیراقییەکان دەدا گوایە چۆن بەو شێوە زبرە دادگایی (سەرۆکەکەیان) سەددام، دەکەن؟ دە ئێستا خۆیان لە دادگایی موبارەکدا داوای پەخشی راستەوخۆ دەکەن و دەخوازن عەلی عەبدوڵڵا ساڵح پەت بکەن یان وەکو جاران لە عیراق دەوترا سەحلی بکەن. لە کاتێکدا موبارەک و ساڵح لە چاو سەددام بە فەرخە دیکتاتۆریش قبوڵ ناکرێن.

دونیایان لە عیراق تێگەیاند گوایە دەستەی ریشەکێشکردنی بەعس عیراقییەکانی لە بەین برد، کەچی ئێستا خۆیان لیستی عار و لیستی مار بۆ ریشەکێشکردنی بەڵتەچییەکانی خۆیان دروست دەکەن.

ئایا ئەم نموونانە بەس نین تا بزانین خەڵکی چی بۆ خۆیان بەڕەوا دەزانن و لە ئێمەی یاساغ دەکەن؟



(86)

## کۆمۆنەی تەحریر

کۆمۆنەی پاریس 72 رۆژی خایەند، بەڵام رەنگە بەزمانە جیاجیاکانی دونیا زیاد لە (72) هەزار باسولێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێ. دیارترینیان ئەوی خودی کارل مارکسە. ئەو خاوەنداریێتی فیکری لێکرد بۆیە تێبینی ئەوەی دا دەبوایە شۆڕشگێڕەکان بەرەو ڤەرسای بڕۆن و دەستبەسەر بانکی نیشتمانیشدا بگرن. کە شۆڕشەکە لە پاریس قەتیس کرا، کۆنترۆڵکردنی ئاسان بوو.

باشە من بۆ لەم زەمانە راسترەوەی رەفیقە دێرینەکانی مەلا کرێکار شۆڕش دەکەن، فیکری کۆمۆنەی پاریسم کەوتەوە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە جەماعەت لە میسر ، لە ئامانجدا، خەریکە لە داوای راشکاوانەی حوکمی ئیسلامی نزیک دەبنەوە، وەک لە دوا هەینیدا جاڕیاندا، ئەمما لە رەفتاردا ئەوە دەکەن کە کۆمۆنەی پاریس کردی (کۆمۆنە لە 18ی مارتی 1871 دەستی پێکرد و لە 28ی مایسدا سەری تێداچوو).

کۆمۆنە لە کۆبوونەوەی گشتیدا بەرپرسانی حکومەتی دیاریدەکرد و لەسەر کار لایدەبردن. یانی شتێک بوو لە دیموکراسیی راستەوخۆ. ئەمەش جیاوازییەکی سەرەکی نێوان

ديموكراسيى كۆمۆنە و ديموكراسيى جێگيرى ئەوروپاييە، ئەوى ئەدەبياتى سۆشياليستى ناوى ديموكراسيى بورژوازى لێدەنێت.

لە ديموكراسيى بورژوازيدا دەنگدان و هەڵبژاردنێكى ئاڵۆز دەكرێت. ماوە هەيە بۆ حوكمڕانيى كە بە زۆرى چوار ساڵە، پتر لە فيلتەرێك بۆ هەڵبژاردنى پێشوەخت دانراوە كە دەكاتە لابردنى پێشوەختى بەرپرسان، ئەمەش لە تەنگەژەى گەورەدا دەقەومێت.

ديموكراسيى كۆمۆنە ديموكراسييەكى سەرەتايى و ساكار بوو، بۆ (72) رۆژى رۆمانسى باشبوو، بەڵام بۆ 70 مانگ حوكمڕانى جێگير دەست نادات، بۆيە ديموكراسيى كۆمۆنە زەفەرى پێ براو ئەوى ديموكراسييە جێگيرەكان هەروا ماوە و گەشە دەكات.

ديموكراسيى كۆمۆنە كە درێژە بكێشێ وەک ئەوى ميسرى لێ دێت كە هەر هەينييە و يەخەى كابينەيەک دەگرن. وەزير ناتوانێ بەرنامەيەک جێبەجێ بكات لە گۆڕەپانى تەحرير ناوى بۆ لابردن دێتەوە.

سۆشياليزم كە بووە سۆشيال ديموكرات مەبەستى بوو رۆحى يەكسانى كە كۆمۆنە رۆمانسيانە سەيرى دەكرد بباتە ناو دەزگاى ئاڵۆزى دەوڵەت و ديموكراسيى پەرلەمانييەوە. ئەگەر ميسر بخوازێت لەم دڵەڕاوكێيە دەربازى بێت، دەبێ رۆحى ئازاديخوازانەى گۆڕەپانى تەحرير بەرێتە ناو دامودەزگاكانى دەوڵەتەوە نەک بڕيارى دەوڵەتدارى بگوازێتەوە بۆ گۆڕەپانى تەحرير..



(87)

## هەڵسەنگاندنى تۆمار

كە يەكێتى باسى شانازييەكانى خۆى دەكرد دەيانگوت رابردوومان پێدەفرۆشنەوە، رابردووى حزبەكەى خۆيان دوێنێيە بەحيسابى مێژوو كەچى بۆ يادكردنەوەى خەريكە چاوى خەڵک دەردەكەن.

كە يەكێتى شانازى بە شەهيدەكانى رێى رزگارى كوردستانەوە دەكرد . رووناكبيرێكى سەر بە(خۆيان) رەخنەى هەبوو گوايە يەكێتى شەهيد دەكاتە ئامراز لە ململانێى سياسيدا، ئێستا هەر وەختێک بەهانەى سياسيان لاواز دەبێت باسى شەهيدانى خۆپيشاندانەكان دەكەنە دەرفەتێک بۆ سۆز راكێشان و سازدانەوەى گرژى. نەک هەر ئەمەش بگرە رێگرى دەكەن ئەو شەهيدانە كە رۆڵەى ئەم ميللەتەن بەشەهيدى كوردستان حسێب بكرێن و هەمان تۆمارى سەربەرزى و هەمان ماف و هەقى شەرعى و شايان و يەكسانى شەهيدانى تريان هەبێت.

ئەى ئەگەر ئەمە تەوزيفى سياسى نييە ناوى چى لێ بنێين؟

يادكردنەوەى شەهيدان بۆ حزبى شەهيدان خەوشە بەمەرجێ يەكێتى ماف و پێويستى كەسوكارى شەهيدانى بەهيچ تەوزيفێكى

سیاسییەوە گرێنەداوە و مەرجی کەسوکاری شەهیدان لەسەر سەر دادەنێ تا ئەوەی مەرجباریان بکات.

دەشیانەوێ کەسوکاری شەهیدانی خۆپیشاندانەکان لە هەق و پێویستی بنەماڵەکانیان نەپێچنەوە تا زامەکانیان هەمیشە بەسوێ بێ و ئەم مافە بەمافی رەوای دادگایکردنی سەبەبکارانی شەهیدکرانی رۆڵەکانیانەوە گرێبدەنەوە. بەمەش پێویستی ئەمڕۆی کەسوکار دەکەنە بارمتەی دەورانێک کە دەرفەتی لێپرسینەوەی یاسایی دەرەخسێت. لە کاتێکدا رێکەوتن و ئاشتی چاکترین دەرفەتە بۆ چارەسەرکردنی دەرهاویشتە ناخۆشەکانی رووداوەکان.

نهاش یادی جەولەیەکی ململانێی دیموکراسی (7/25) دەکەنە وێستگەیەکی حزبی رووت کە لەچاویا بۆنە حزبییەکانی تر کەمتر حزبایەتی تەسک و داخراویان پێوە دیارە.

هەرچی لەخەڵکیان نەهی دەکرد خۆیان بە دەقاتەوە کردیان. حزبایەتیان لەناو کایەی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی قەدەغەکرد کەچی بە کوڵ چوونە ناو ململانێی پیشەییەوە. بگرە رێکخراوی مەدەنی و میدیای ئازاد و رۆشنبیری سەربەخۆ وا پێناسە دەکەن کە هیچ نەبن جگە لەباخچەی پشتەوەی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان لە جێی ئەوەی کارەکتەری دیموکراسی و مەدەنی بن و لەیەک مەسافە لەنێو هێزە سیاسییەکاندا بووەستن.

بەو حاڵەشەوە دەخوازن ئەشهەدو مابیلا بۆ ئەم دونیابینییە هەڵەیە بکەین کە باگراوندێکی "رووخان"ی هەیە وەک بەهەڵەو بەرێککەوت لەدەمی چالاکێکیان کەوتە خوارەوە.



(88)

# بە موافەقەتی بەلشەفیک

ئەگەر دەمانەوێ نەتەوە بین بەر لەهەموو شتێک گەرەکە خەیاڵمان خەیاڵی نەتەوە و نەفەسمان نەفەسی نەتەوە بێت. گەرەکە نەتەوانە لێبخوڕین. باسی "نەتەوەییانە" لێخوڕین ناکەم، چونکە زۆر کەس ئەم چەمکە بە مانایەکی فیکریی سیاسیی لێکدەدەنەوە، وەک گوزارشت لە ئایدۆلۆژیایەک لە چەندین ئایدۆلۆژیا کە لە کۆمەڵدا ململانێ دەکا و رمێن بۆ رێبازی خۆی پەیدا دەکات.

نەتەوانە لێخوڕین و خەیاڵکردنەوە یانی تۆ دەشێ کۆمۆنیست یان ئیسلامی ، چەپ یان لیبڕاڵ و دیموکرات بیت، بەڵام ئەمانە هەمووی بۆ قازانجی نەتەوەکەت تەوزیف بکەیت. رێبازی سۆڤێتیزم چییە جگە لە رێیەکی لینینی بۆ خزمەتکردنی روسیا، ئۆرۆکۆمۆنیزم مەیلێکی ئەوروپایی نییە بۆ خۆجیاکردنەوە لە فەلەکی روسیا بێ کەوتنە باوەشی سەرمایەدارییەکی ئەمریکاییەوە. ئەی شیعەگەرێتی بۆ دۆزینەوەی تولەرێگای گەڕانەوە نییە بۆ ئێرانیزم لە دەمی زاڵی عروبەیەکی رەنگ سوونەدا.

نەتەوانە خەیاڵکردنەوە لە ساتە مێژووییەکاندا دەردەکەوێت.

ساتێکی وا کە بریار لە مێژوو دەدەیت لە جێی ئەوەی مێژوو بریارت بۆ بدات. ساتی وا کە دێت شەرم لە کەس ناکات، تیژ تێپەڕیشە، کە ڕۆشت بەسەد پاڕانەوەو پەشیمانی نایەتەوە. مەگەر لە کتێبەکانی مێژوودا بە ئەگەر و نەگەر خەمی بۆ بخۆی و هەڵیبسەنگێنی، گوایە: بریا وامان کردبا و نەکردبا.

ساتی مێژوویی نەتەوە گەورە دەکات. لە ئاماژەکانی خۆپیشاندانە بۆ سڵاوکردن لە سەربەخۆیی باشووری سودان نەک قۆستنەوەی هەلی سڵاوکردن لە میسر و تونس بۆ کودەتا بەسەر قەوارەیەکی نەتەوەیی و لاساییکردنەوەی گۆڕەپانی تەحریری میسر. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ئەوی لە میسر قەوما بەهاری دیموکراسیی نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە بەهاری دیموکراسی میسر خۆشتر، نەورۆزی سەربەخۆیی باشووری سودانە.

بنۆرنە ساتێکی وەک ئەمڕۆ کە دیموکراسی کوردستان لە جێی ئەوەی بەرهەمهێنی هێڵێکی نەتەوەخوازبێت لە ناو ئۆپۆزسیۆندا تا ئەوە تەبەنی بکات و بەرەو پێبدات کە حوکمڕانی بە حوکمی پابەندێتییە رەسمییەکانی ناتوانێت برەوی پێبدات، کەچی لە سایەی گەورەنەبووندا ململانێی ئۆپۆزسیۆن نوقمی ناوچەگەرێتی وشارچێتییە و شانازیشی پێوە دەکرێت.

چەند دەیە خەباتمان کرد بۆ ناسینی کورد وەک نەتەوە، راستێکەی نەتەوە لە ساتە مێژووییەکاندا دەردەکەوێت، نەک بە موافەقەتی بەلشەفیک!



(89)

## کێ لەبیرێتی؟

هیتلەر لەپاکانەی قەتڵوعامی جولەکەدا وتەیەکی بەناوبانگی هەیە: کێ قەتڵوعامی ئەرمەنەکانی لەبیرە؟

ئەمە تەنها رازی هیتلەر نییەو لەدۆخی قەتڵوعامی گەورەشدا قەتیس ناکرێت. هەموو جەلادێک هیتلەرێکە بەقەبارەی خۆی و قەتڵوعامی بچووکیش جینۆسایدە. گرنگ نیەتی لەڕەگوڕیشە دەرکردنی توخمێکی مرۆییە.

سبەی (8/4) بیرەوەری قەسابخانەی سوپای عیراقە لەدژی ئاشوورییەکان لەسیمێل. ساڵی 1933 عیراقی پادشایی لەئاستی تەواوی وڵاتدا قۆناغی رۆمانسیی باوکە دامەزرێنەرەکانی تێپەڕاندو وەک دەوڵەتێکی سەرکوتکەری رووت دەرکەوت. راستە بەر لەوە سوپا بەهاوکاری ئینگلیز کەمیان بەکوردی شێخ مەحمود نەکردبوو، بەڵام پەلاماردانی ئاشوورییەکان لەئاستی سەرتاسەری وڵات و ناوبانگی دەرەوەی مەملەکەتیش ژاوەژاوێکی زۆری نایەوە. ئەوی لەکورد قەومابوو لەخانەی دۆخێکی تایبەتدا دادەنرا گوایە هێشتا تەنی کوردستان لەگەڵ عیراقی عەرەبی ڕانەهاتووە، بەڵام کوشتاری ئاشوورییەکان ناوبانگی عیراقی زڕاند.

زرِانـدی، چـونکە ئاشـوورییەکان رۆڵیـان بـۆ دانرابـوو لەنـاو مەملەکەتـی عیـراق و ئینگلیـزیش هیـوای بەوە بـوو عیراقـی شـا فەیـسەڵ قەرەبـووی ئـاوارەیی ئەوان بکـاتەوەو ببێـتە نیـشتەنی تازەیان، لەناکاو ئەو هاوکێشەیە قلًپبۆوەو سوپای عیراق وزەیەکـی شـەرِانگێزی سـەیری لەخـۆی نیـشاندا، لەجێـی ئەوەی عیراقێتـی دەوڵەت لەگرتنە باوەشـی ئاشـوورییەکاندا بەکـردەوە تـاقیبێتەوە، کوشتارەکە دەریخست هەرچی فەیسەڵ و نوری سەعید کردبوویان لە مۆدێرنکردندا ماڵەباجێنە بوو.

تـا پـێش قەسـابخانەی سـیمێل مەمـلەکەت پاسـاوی هەبـوو کە نەیتوانیبوو کوردستان بگرێتە خـۆی، چـونکە کێـشەی کـورد لەوە ئالۆزتر بـوو عیراقـی تـازەهەراش لێـی تێبگـات، مەمـلەکەت هەروا پاساوی هەبوو کەشیعەی پێ رام نەکرا، چونکە زۆریـنە بەئاسـانی نـاتوێنەوە، بەڵام ئاشـوورییەکان ئامـادەی عیراقێتـی، ئامـادەی هاوکاری لەبیناکردنی دەوڵەت و مانەوە لەنیـشتەنی نـوێدا بـوون، کەچی سوپا قەلاچۆی کردن و عمومی مەملەکەتیش سوپاکەیان نایە سەرسەر وەک بڵێی داگیرکەرێکی بێگانەی قاوداوە.

قەتڵوعامی ئاشوورییەکان سـەرەتای هەڵوەشـانەوەی ئەفسانەی مەملەکەت بوو کە رێی بۆ کەڵەگایی ئەفسەرەکان خۆشـکرد. ئیتـر عیراقێتی وەک خەونی ناو وەسێتنامەکەی فەیسەڵ نەیتـوانی ببێـتە چەمکی کۆکەرەوە. هەن ئەم حیکایەتە دەخەنە ئەستۆی بەکر سدقی کوردەوە. راستێکەی سدقی لەنەتەوەی سوپا بوو با بە رەچەڵەکیش کورد بێت. قەتڵوعامی ئاشـوورییەکان وێـستگەیەکە لە عـومری ئەم مەملەکەتە کە دەمـی سـەددام گەیـشتە ئەنفـال. ئایـا وانەکە رەچـاو دەکرێت؟



(90)

# سۆماڵی برسی

بچین بۆ سۆماڵ؟ بۆ سەرزەمینی برسێتی و لێقەومان و فەوتانی مرۆڤەکان؟

لە هەرزەکـاری هەر یەکێکمـان، وەختێـک سـەرەتاتکێمان لەگەڵ هەواڵ و رووداوەکان دەستپێکرد، وێنەی منـاڵێکی برسـی، وێـنەی ریزێک ژن و منداڵ کە بە قاپومەنجەڵی دەستەوە سەرِەیان بۆ ئـاو پرِکردن یـان ئـازوقەو نـان وەرگـرتن گرتـووە، وێـنەیەکە نەمـر ، وێنەکە وێنەیەکی رەشوسپی چەند ئەدگـارێکی نـامۆیە بە ئـێمە کە لەیەک کاتـدا حـوزنێکی راگوزەرمـان بە زەینـدا دێنێـت بـۆ ئەو مرۆڤانەی هیچیان نییە بیخۆن و هیچیان نیـیە رووتـی و رەجـاڵی خۆیانی پێ دابپۆشن، زیاتر لەوەش سووکە بزەیەکیشمان دەهـاتێ کە ئێمە سەرەرِای گەنمرەنگی و سەرباری بەلەنگازی و لێقەومـاوی کورد لە بندەستی داگیرکەراندا، بەڵام گوایە هێشتا لەوان باشترین، وەک ئەوان رەشپێست و رەنگ دەرپەرِیـوو و چـاو دەرتۆقیـوو و رووتوقووتی بەر فلاشی کامێراکـان نـین. زەمانێکمـان لە بیـرە کە دڵـی خۆمـان بە پـلە بـاڵایی خۆمـان دەدایەوە لە چـاو سـودانی و سۆماڵی و ئەسیوپایی.

ئەم وێنانە لەگەڵ هەراشی و گەورەییشمان هاوسەفەر بوون. هەر گۆڤارێک دەکەیتەوە، هەر راپۆرتێک لەسەر نانوگەنم و برسێتی دەخوێنییەوە مۆدێلی وێنەکانی وێنەی ئەدگاری چوون یەکی ئەو سودانی و سۆماڵی و بەگشتی ئەفریقاییانەن کە لە دەمووچاوی ساردوسڕی مردوانێک دەچن هاکە لەگەڵ فلاشی وێنەگرتندا بەلایەکدا کەوتن. دەڵێی وەقتێکیان لەبوولوەقتێ وەرگرتووە تا بە تەوس و سەراسیمەوە گاڵتە بەم چەرخە نوێیە بکەن کە گەنمی هەیە بۆ نەهەنگی دەریا و نانی نییە بۆ برسییەکانی.

با بچینە سۆماڵ ، سەرزەمینی شکستی هەموو ئایدۆلۆژیا و تەگبیرەکانی حوکمڕانی. لەوێ ئیسلامییەکان حاکمن کە وەختیان هەیە بۆ رێگرتن لە کاروانەکانی فریاگوزاری لێ وەختیان نییە بۆ نوێژە بە بارانەیەک تا خودا رەحمی خۆی بۆ بەندەکانی بنێرێ و غەزەبی خۆی لە بازرگانانی شەڕ لە عەوامی خەڵک دوور بخاتەوە. ئەوێ سەرزەمینی دۆڕانی دەوڵەتی مۆدێرن و تیۆری گەشەپێدان و سیاسەتی بێلایەنی و سەربەخۆیی قەوارەی سیاسیی پۆست ئیستعمارە. لەوێ سەرگەردانی یوئێن و ئەمریکا و ناسیونالیزمی عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامی و یەکێتی ئەفریقا، وێنەیەکی خەمناکە وەک وێنەی لە زەیندا ماوی برسییەکانی جاران.

لەوێ خەزانی عەرەبییە لە زەمانی بەهاری عەرەبیدا، لەوێ وشکەساڵییە لە ژیان و لە سیاسەتدا.



(91)

# میراتی ئاگر

کتێب ! ئەم گوشراوەی بیری مرۆڤایەتی و ئەم خەستکراوەی ئەزموونی ژیان لە دوو توێی پەڕەو کاغەزدا چ گەنجینەیەکی پەنهانە کە مرۆڤ لە تەنگانەدا بایەخی دەزانێت یان لەتەنگانەی دەوروبەردا حەزی لێیە دەوری بکاتەوە؟

بەری چەند ساڵ ئەم کتێبەم کڕی (میراتی سوریا- تاقیکردنەوەی بەشار بەئاگر). چۆنم کڕیبوو وام دانابوو. رووداوەکانی سوریا ئەم بەرهەمەی فلانیت لیڤریتی هێنایەوە یادم ، چی ببینم؟ گەنجینەیەک زانیاری و شرۆڤەو دەرەنجام کە بەڕاشکاوی پێت دەڵێ هیچ لەسەر سوریا و بەعسەکەی و بەشارەکەی نازانی.

پێنج فەسڵ و بیوگرافیایەکی رووداوەکان لەوەتەی ئەسەدی کوڕ جێی باوکی گرتۆتەوە لەدوو توێی زیاتر لە سێ سەد لاپەڕە کە هەر نازانیی چۆن ئاودیویان دەکەیت؟

سوریا نهێنییەکە ئەم کتێبە دەیناسێنێ، دەورانی میراتی حافز و زەمانی کورتی چاکسازییەکانی بەشار، کەرەستەی شرۆڤەو هەڵێنجانن بۆ لیڤریت: بەهاری کورتی دیمەشق، کە هەموانی لە

سەرۆکی تازە بێ ئومێد کرد، لەو مەنزڵگایە نیشتەوە کە لە بەهاری بەردەوامی عەرەبدا وەرزێکی خوێناوی کردە دیاری ،دابەشکردنی گۆترەی وزە و هێز لە نێوان سوننەو عەلەویدا بە جۆرێک حوکم و دەسکەلاکانی بۆ عەلەوی و توانایەکی دیسپلینکراوی ئابووری بۆ سوننەکان بێت ، دوانەی عەلمانیەت و دین و ناسنامەی فەرامۆشکراوی کورد لەو نێوانەدا. پەنای کەمینە ئاینییەکان لە پەنای عەلمانیەت و گێمی خۆڕاپسکانی سوننە تا قودرەتمەندی پەیدابکەن. لەتەوەرە سەرەکییەکانی کتێبی میراتی سوریان.

تاقیکردنەوەی بەشار یاری ئاگر بوو لەو میراتە مەحکەم و لەهەمان کاتدا بیرۆکراتییەی بۆی مابۆوە. چانسەکە گەورەو تەحەدداکەش هەروا. هۆنینەوەی ئەم کتێبە دەزووی بزاوتی بەشار لە ناوخۆوە بە دەرەوە گرێدەدات. دەرەوە هەمیشە گۆڕەپانی گرەوی عەرابەکەی سوریا بوو وەکو کتێبەکەش ئاماژەی بۆ دەکات . ئەسەد هەمیشە لە مەودای ئیقلیمیدا قەرەبووی چەقبەستوویی تەگبیری دۆخی ناوەوەی دەکردەوە . ئەگەر چی ئەم کتێبە لێکۆلیارێکی سوریایی کردوویە بە عەرەبی، بەڵام لەوەناچێ وەرگێڕ دانەیەکی دابێتە بەشار. دەنا بەشار بیخوێنییا پێش بن عەلی دەیگوت نها لە پەیامەکەتان گەیشتم.

کات مابوو بۆ چاکسازی و کاتی زیاتریش هەبوو بۆ خوێندنەوەی ئەم میراتە.



(92)

## ناولێنان

راگەیاندن ناوی چی لەم بزاوتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنێت؟

لە بیروڕا دەتوانین بڵێین (شۆڕش و راپەڕین)ە. لەهەندێک شوێن وەک لەسەرەتاوە بینیمان بەئاشتی و خەباتی مەدەنی هات، میسرو تونس، لەهەندێکی تر چەک وەکو لیبیاو لەهەندێک شوێنی تر هەم بەئاشتی و هەم چەکیشی تێکەوتووە، نموونەی یەمەن. لەسوریا کەس نازانێ کەی خۆپیشاندەرانیش لەپەرچەکرداردا خۆیان چەکدار دەکەن؟

لەهەموو حاڵێکدا وەکو رای تایبەتی مرۆڤ دەتوانێ (شۆڕش)یان بۆ بەکار بێنێ و دەشتوانێ پێچەوانەکەشی. خۆم رام وایە ئەوی دەقەومێ شۆڕشە، چونکە ناو لێنانیانی بەشۆڕش هەم داننانە بەواقیع و هەمیش نازناوی (شۆڕش)مانای ئەوە ناگەیەنێت شۆڕشگێڕەکان لە ڕەخنەو کەموکوڕی دەبووردرێن.

ئەمە بۆ بیروباوەڕ، ئەدی لەهەواڵ و راپۆرتدا؟

ئەم گرفتە ئیعلامییە جێی مشتومڕ بوو لەڕاگەیاندندا: بۆ نموونە چەکدارەکان، چالاکەکان، شۆڕشگێڕەکان یان هەڵسوڕاوەکان، ناوی

چی لەکارەکتەرەکانی بنغازی بنێین؟ یانی ئەوانەی رووداوەکان هەڵدەسوورێنن بەچ ناسنامەیەکی ئیعلایمییەوە گوزارشتیان لێ بکرێت، ئەم گرفتە چەند گرفتێکی میدیاییە ئەوەندەش گرفتێکی سیاسییەو پەیوەندی بەسەنگەربەندی سیاسی و دونیابینی سیاسی دەرگاکانی راگەیاندنەوە هەیە.

ئەمە تووشی میدیا سەنگینەکانی دونیاش هاتووە، ئەوانە کەجاران بە پێشمەرگەیان دەوت یاخیبووان. ئەمڕۆ تووشی کێشەی ناولێنان هاتوون، ئایا کۆمەڵێک هێزو دەستە کە رووبەڕووی دیکتاتۆری عەرەبی دەبنەوە هەڵگەڕاوە یان پێشمەرگەی ئازادی و دیموکراتیان پێ بوترێت؟

کەناڵە عەرەبییەکانی وەکو جەزیرە زۆر لەئاستی ئەم کێشەیە نەوەستان. بۆ کەناڵێک مەیلی ئیسلامی هەیە ناولێنانی شۆڕشگێڕەکان لەوانەی لەلیبیا بەچەک و لەسوریا بەمەچەک و لەیەمەن بەماسک و لەمیسر بەخەباتی مەدەنی رووبەڕووی حوکمڕانەکان دەبنەوە هیچ ئیشکالێکی میدیایی و سیاسی نییە، جەزیرە خۆی دەزانێ فۆکسی کارەکانی رووی لە بینەرانێکە دەرەنجامی شۆڕشەکانیان لا مەبەستە تا ئامرازەکانی.

لە کوردستان میدیای کوردی دەقی راپۆرتەکان وەردەگرێ و ئاژانسی لێوەرگیراوە چۆن وەسفی دۆخەکە دەکات وەک تووتی دەیڵێنەوە. بۆیە لەم نموونەیەشدا دیدگای میدیامان بزرە. فاکتەری ئایدیۆلۆژیا رووداوەکان بە کارەکتەرو قەومانییەوە دەکاتە دەستکەلا بۆ جۆشدانی سیاسی وەک خەموخولیای ئۆپۆزسیۆن.



پرسیارەکە هەر دەمێنێتەوە تا رۆژگارێک کەڕووداوەکان تەواو بوون و لایەنی براوە چەمکەکانی خۆی دەسەپێنێ وەک ئاماژەیەک لە ئاماژەکانی بردنەوەی.

(93)

## له فلتەرەکە دڵنیان؟

کاری خێر لەهەر جێگەیەک بکرێت شایانی دەستخۆشییە و هەر کەسێکیش بیکات خوا خێری بۆ بنووسێت و لەدونیا و قیامەتدا ئەجر و پاداشتی بداتەوە. بەم پێیە بڕیاری بەڕێز موقتەدا سەدر بە پوختەکردن وکێۆماڵکردنی ریزەکانی سوپای مەهدی و نهاش دەستگرتن بە خەرجی و زێدە مەسرەفی لە نووسینگەکانی رەوتی سەدر کارێکی بەجێیە ، بەتایبەتی لە عیراقێکی پڕ کێشەدا کە کەس نییە لێپرسینەوە لەگەڵ لاسار و سەرپێچیکاران بکات. ئەمە بۆ رەوتی سەدر هەر زۆر شایانی سەلەوات و تەکبیرە، چونکە ئەگەر خۆیان دەستپێشخەری وا نەکەن کێ پێیان دەڵێ هەنگاوی وا بنێن و ئەوە بکەن کە هێزە دامەزراو و مۆدێرنەکانیش لە بەغدا نەیانکردووە؟ بە پێچەوانەوە حکومەت و دەزگا بەرپرسەکانی وڵات و بگرە هێزەکانی ئەمریکاش، کە بەشێکی زۆری چالاکی سوپای مەهدی ئەوانی کردۆتە ئامانج، زۆر بە هەستیاری و پارێزەوە موخاتەبەی ئەم هێزە دەکەن بۆ ئەوەی دڵی نەڕەنجێ و دڵ رەنجانیشی بە نرخێکی گران لەسەر پرۆسەی سیاسیی نەکەوێت. کورت و کرمانجی هەرچی کارێکی باش لە دەست ئەمان



بێت لوتفی خۆیانە نەک گوشاری دەوڵەت کە تازە خەریکە زامەکانی تیمار دەکات.

بەوحاڵەشەوە چەند بڕگەیەکی بڕیارەکانی سەید موقتەدا پرسیار هەڵدەگرێ.

لە بڕیارەکەدا هاتووە دەبێ هەموو ئەندامێکی رەوتی سەدر لەمەودوا فۆرمێک پڕ بکاتەوە کە بەڵێن بدات پابەندی بنەماکانی ئاین بن و لە درۆ و ئەزێت خۆیان بە دوور بگرن، باشە پرسیار ئەوەیە هێشتا تازە ئەم رەوتە ئیسلامییە تاقیبی بنەماکانی ئاین دەکات لە ریزی ئەندامەکانیدا؟ ئەی ئەوی حەوتساڵە ئەندامە و بێ فۆرمی پابەندێتی ئاینی لە رووبەری نفوزی رەوتی سەدردا حوکمی ئاین و بریاری دین و دونیای دەدا چۆن دزەی کردە ناوەوە؟ چۆن بۆی لوا بڕیار بداو سیاسەت جێبەجێ بکات؟

داخۆ چەند کەس بوونە قوربانی ئەو حوکمانەی ئەم هەڵسوراو و ئەو هەڵسوراو، بە ناوی رەوتەکە و بگرە بەناوی ئاینەوە، داویانە؟

کێ گرەنتی ئەو فلتەرە دەکات کە ئەندامان چیتر درۆ ناکەن و ئەزێتیان لێ ناوەشێتەوە کە وەک لە پەنهانی بڕیارەکەی سەییدا دەردەکەوێت پێشتر لەمانەیان لە ریزدا هەبووبێت؟

(94)

# جەلەولا و ئەوان

لە شوێنی دیکەش کورد هەیە، لەکەرکوک و جەلەولاو خانەقین و شەنگال، باسوخواسی ئەم کوردانە لەپلەی دووەمدا دێت لە میدیای ئۆپۆزسیۆن و خەموخولیای سیاسییەکانیاندا.

کوردی ئەوێش وەک هەر کۆمەڵگەیەک کێشە و پەژارەو پەرۆشییان بۆ ژیان هەیە، بەڵام دیمەنی ئەو جوگرافیا پانوپۆڕە، کە نیوەی زیاتری کوردستانی جنوبی پێکدێنێت، لە فۆکسی ئۆپۆزسیۆن ئەمەندە کاڵە نابینرێت کە بینراش لە باسوخواسی حوجەو تانەلێدان لە هەردوو حزبی حوکمڕان قەتیس دەکرێت. نیوەی کوردستانی دەرەوەی هەرێمە تەنها دەسکەلایەکە بۆ نیشاندانی (شکست)ی کورد لە ئیدارەدانی خۆی. راستێکەی کورد لەو ناوچانەش وەک هەرێمە خۆماڵییەکەی بێ کێشەو بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن وا مامەڵە دەکات وەک بڵێی خۆی کورد و کوردستانی نەبێ و بەشی لەو کەموکوڕییانە نەبێت کە لە ناوچە دابڕێنراوەکان هەیە وەک چۆن بەشی لە کەموکوڕییەکانی هەرێم هەیە.



ئۆپۆزسیۆن و میدیاکەشی کە قەومانێک لەوێ دەقەومێ و سەرەداوێکی گرێدراوی کورد بێت ئینجا خاوەندارییەکی کاتی لێ دەکات بۆ ئەوەی بێژێ خەتای یەکێتی و پارتی-یە.

پێرێ یەکێتی و پارتی کۆبوونەوەیان لەسەر تێکڕای رەوشی کوردستان کرد بەڕەوشی ناوچە دابڕاوەکانیشەوە ، بەتایبەتی جەلەولاو سەعدیە، هەفتەی بەری مەکتەبی سیاسی یەکێتیش کۆبوونەوەیەکی بە هەمان ناوەڕۆک کرد، لە رووماڵی هەردوو هەواڵدا میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن و دۆستەکانیان هەموو بایەخێکیان لەسەر یەک تەوەر بوو: باسوخواسی پێنج قۆڵی و چارەنووسی پەیوەندی نێوان ئۆپۆزسیۆن و حوکمڕان.

یانی لە چەند تەوەرەی گرنگدا هەر ئەمە بۆ ئەوان ئەولەویەتی هەیە، چونکە ئەو باسوخواسە راستەوخۆ پەیوەندی بە پرسی حزبایەتی و ئەجێندای سیاسی ئەوانەوە هەیە؟

بەم دەرکەوتە بێت ئۆپۆزسیۆن و سێیەرەکانی لە ئەولەویەتی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخی هەڵایساوی وڵات دەکەن و دەخوازن هەر ئەمەش ئەولەویاتەکانی پارتی و یەکێتی بێت.

رەنگە ئەمەش تەفسیری ئەوەمان بۆ بکات بۆچی قەت نەمانبینی سەرکردایەتی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لەکۆبوونەوەی خۆیاندا جگە لەو ئەولەویاتانە پرسی تر باس بکەن، لەوانەش پرسی بەشە تەعریبکراوەکەی کوردستان. هیچ نەبێ لەڕوانگەی خۆیانەوە کە بێگومان کەس داوایان لێ ناکات هەمان روانگەی یەکێتی و پارتیان هەبێت.

(95)

# هاوپەیمانێتی تەعریب و تیرۆر

ئەوی ئەمڕۆ کێشەیەکی ئاسانە، خۆدزینەوە لێی دەبێتە مایەی ئاڵۆزبوون و هەوکردنی، بە جۆرێک درێژەکێشانیشی ئیستحقاقی نوێ دروست دەکات لە جێی ئەوەی دۆسێی کێشەکە بپێچێتەوە. ئەمە حاڵی هەر کێشەیەکە بە کێشەی ناوچە دابڕاوەکانیشەوە.

وەختێک کورد پێداگری لە ماددەی 140 دەکات لەبەر ئەوەی نییە ئەم ماددەیە مۆرکی کوردی و موڵکی کوردستانییەکانە، بۆ کوردستانییەکان وەرگرتنەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە لەسەر بنچینەی راستییە مێژووییەکان چارەسەرە ئاڵتونییەکەیە. بەڵام چونکە لەم پرسەدا مودەعی تر هەبوو، بۆیە (140) لە دایکبوو تا بە نێو تەلبەندی ململانێکاندا بەشێنەیی کێشەکە چارەسەر بێت. یانی 140 ماددەیەکی نەتەوەیی نییە بۆ کورد، بەڵکو ماددەیەکی دەستوورییە بۆ عیراقییەکان تا کێشەکانیان بە یاسا و هێمنی چارەسەر ببێت لە جێی ئەوەی فەرامۆشی و خۆدزینەوە لەمە زیاتر ئاڵۆزیان بکات.

ئاڵۆزبوونی رەوشی ناوچە دابڕێنراوەکان رۆژێک لە خانەقین و دەمێک لە کەرکوک و نهاش لە جەلەولا و سەعدیە داخێکی گەورەیە



لە دڵی کوردستانییەکان و مادام ئەو کوردانەش عیراقین خۆ دەبێ داخێکی گەورەش بێت لە دڵی تێکڕای عیراقییەکان، بەو حاڵەشەوە ئەو داخە سەلمێنەری بیروڕای کوردە کە داوای (140)ی دەکرد بۆ ئەوەی شێواوی سیاسیی قڵپنەبێتەوە بۆ دۆخێکی ئەمنی ئاڵۆز کە لە هەندێک جومگەدا وا بێتە بەرچاو سەنگەری تیرۆریستان تێکەڵ بە سەنگەری هێزە ئەمنییەکانی عیراق بووە.

ئەم ئاڵۆزییە لە جێی ئەوەی سەنگەری خەباتی هاوبەشی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ئیتحادی و پێشمەرگە ئاوەدان بکا بەو ئیعتیبارەی هێزی پێشمەرگە بەشێکی مەنزومەی دیفاعی عیراقی نوێن، لەباریدایە ئەم دوو هێزە بەرامبەر یەک بکاتەوە وەک بەری چەند ساڵ لە خانەقین بینیمان. ساڵی 2008 سوپا بە بیانووی راونانی تیرۆریستانەوە گێچەڵی بە ئارامترین شاری ناوچە دابڕێنراوەکان کرد . ئەوە بوو پێشمەرگەش رێگەی لەوەگرت ئەو هێزە ئەرکی خۆی لە شەڕی تیرۆر لێ تێکبچێت و بیکاتە ئەرکی تەعریب و بەرەنگاری پێشمەرگەی ئازادیخواز .

تێکەڵکردنی سەنگەرەکان کەشێک دەخولقێنێ شۆڤێنی و تیرۆریستەکان کەڵکی لێوەربگرن. ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی لە عیراق خەریکە مەیلی تەعریب پێش مەیلی چارەسەری تەعریب دەداتەوە.

(96)

## جەردی حیساب

هەموو سەدەیەک ئیستحقاقی خۆی هەیەو سەدەی بیست و یەکیش دەیەوێت وا بکات.

سەدەی بیستەم بە کۆمەڵێک ئیستحقاقەوە هاتە کایەوە، ئەم ئیستحقاقە ئەدگاری ئەویان پێکهێنا و تا نیوەی نەڕۆیشت، بەدوو شەڕی جیهانییشەوە، لەسەر دۆخێک نەنیشتەوە.

سەدەی بیست دەرسە بۆ ئەم سەدەیە لە داوای ئیستحقاقی خۆیدا.

رۆژئاوا کە تۆپ مۆدێلە بۆ وڵاتانی مانەندی ئێمە. سەدەی پێشوو گیرۆدەی سێ نموونەی تۆتالیتاری بوو کە خەباتێکی بێوچانی کرد تا لێیان دەرباز بوو. واز لە ئۆردوگا رۆژهەڵاتییەکەی بێنە کە تا جەنگی سارد برایەوە چاوی بەئازادی نەکەوت، سەیری فرانکۆ کە تاحەفتاکانی ئیسپانیاش هەناسەی دا.

سەرەنجام نیوەی رۆژهەڵاتی ئەوروپا ئیستحقاقی ئازادی و دیموکراسی خۆی گواستەوە بۆ سەدەی بیست ویەک، شۆڕشە پرتەقاڵی و ئەرخەوانییەکانی ئۆکرانیا و جۆرجیا هاتنە خشتەی کاری سەدەی بیستویەکەوە. تەنانەت ئازادی وا گەیشتە رۆژهەڵات



کەچی هێشتا وڵاتانی وەکو بیلاروسیا لە جەهەنەمی دیکتاتۆریدا رۆژ و ساڵان بەڕێدەکەن.

ئایا ئیستحقاقی ئەم سەدەیە لە داخی سەدەی رابردوو ئیستحقاقی دیموکراسی دەبێت؟

وا دەبینین میللەتان خەبات دەکەن، بەڵام مەرج نییە ئاکامەکەی وا بێت دیموکراسی و پەرەپێدانی هاوسەنگ بەرپا بکات.

کەوتنی سیستمی رەسمیی عەرەبی هیوای ئازادی هێناوە، بەڵام پەککەوتنی گۆڕانکاری لە یەمەن، سوریاو لیبیاو کپبوونی لەبەحرێن جۆرێک لە چەقبەستوویی لەنێوان کۆن و تازە، رژێمە عەرەبییەکان و شۆڕشە عەرەبییەکاندا دروستکردووە، ئەمەش ئەگەر درێژە بکێشێت رێگا بۆ جەمسەرگیری تر دەکاتەوە پێچەوانەی جەمسەرگیرییەکەی ئێستای نێوان (دەسەڵاتی رزیوو و جەماوەری راپەڕیو). لایەنداری ئەم وڵاتە بۆ گۆڕانکاری لەو وڵات و کەیف نەهاتنی بە گۆڕان لەوڵاتێکی تر، دوا جار لە جەمسەرگیری زلهێزەکاندا دەنیشێتەوەو رەنگە جەمسەرگیری نەتەوەیی لە نێوان نەتەوەکانیش دروست بکات. بەمەش ململانێ لە نەبەردی بیروڕاو رێبازە سیاسییەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ململانێی نێوان دەوڵەتە گەورە ئیقلیمییەکان بەرامبەر یەک و بە پێی جەمسەرگیرییە جیهانییەکە.

ئەمجۆرە ململانێیەش هێزو قودرەتمەندی رۆڵی تێدا دەگێڕن نەک مۆراڵ و بیروباوەڕی جوان.

ئەوی تائێستا هەیە شەڕی باوەڕی دیموکراسی و دادپەروەرییە دژی ستەم. دوور نییە "چەقبەستوویییەکە" دواجار سـنفی ململانـێکە بەرەو ئیستحقاقی ناجۆر ببات.



(97)

## خەوشی گەورەکان

بە پێی شرۆڤەیەکی فۆرن ئەفێرس بێت ئیشی ئەمریکاش وەکـو ئیشەکانی جوزر ئەلقەمەر هیچی تیا بەسەر نییە.

رۆژی (2011/8/8) بڵاوکـــــراوەی (foreign affairs) راپۆرتێکی شیکاری جۆن مۆلەری پەخـشکردووە لە سـەر ئەو زانیاری و داتایانەی بن لادن و هاوەڵەکانی لە کۆمپیوتەرەکانی قاعیدە بە جێیان هێشتووە، راپۆرتەکە دەریدەخات ترسولەرزی هەواڵگرییەکان لەقەبارەی قاعیدەو توانای بەرهەمهێنانی چەکـی ئەتۆمی لەجێی خۆی نەبـووەو مەسـەلەکە تێکەڵـیـەک بـووە لە قەبەکردنـــی میـــدیایی هێــزی قاعیـــدەو مەزەنـــدەی دەزگـــا هەواڵگرییەکـــان لەســـەر هەڵکـــشانی چـــالاکی ئەتـــۆمی تیرۆریستەکانی.

شرۆڤەکەی مۆلەر ئێژێ تیرۆریستەکان لە پاشەکـشێدان. کەچـی ساڵی (2007) زانایەکی فیزیـایی بە میـدیاکانی گـوت: گریمـانەی تەقینەوەیەکی ئەتۆمی لە ئەمریکا یان ئەوروپا (87%)ە.

مایکل شویر متمانە پێکراوێکی (CIA) وتبووی: پەلامـارێکی وا بەدوور نازانرێت.

ئەمە ترسی ئەمریکاییەکان ، ئەدی لەبەرەی قاعیدە چی دەگوزەرا؟

مۆللەر دەڵێ: بەگوێرەی کۆمپیوتەرێکی دەستبەسەراگیراوی قاعیدە لە ئەفغانستان، ساڵی (2001)، ئەو بودجەیەی ڕێکخراوەکە بۆ چالاکی ئەتۆمی تەرخانیکردووە لەنێوان دوو هەزار بۆ چوار هەزار دۆلارە.یانی نەسریەی بەردەستی بەرپرسێک کە هیچ چالاکییەکی ئەتۆمیشی نییە.

فۆرن ئەفێرس دەریدەخات سەیرە لەواشنتۆن نەک لەکۆیە:

کۆمپیوتەرەکانی قاعیدە کە دوای کوژرانی بن لادن پەیتا پەیتا جفرەی زانیارییەکانی دەکرێتەوە پێمان دەڵێ: ئەوی ئەمریکا لێی ترساوە تراویلکە بووە نەک ترسێکی ڕاستەقینە. ئەندامانی قاعیدە سەرقاڵی هەڵاتن بوون لە بۆردومانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، بێ پارە بوون و ماوەیەکیشیان بە سەیرکردنی فیلمی ڕووت بەسەر بردووە!

ئەمە دوژمنەکانی ئەمریکا بوون کە ڕۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری وا وەسفی کردبوون: ئەگەری بەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و بەتایبەتیش چەکی ئەتۆمی خەوی لە چاوی هەر بەرپرسێکی حکومەت تۆراندووە!

باشە ئەمە فۆبیای قاعیدە یان یەدەکی ئامادەباشی بوو؟

ئایا گەورەکردنی وێنەی دوژمن تاوەکو ئەداروکاتی مەزنی بۆ بکرێت باشترە یان ئەمە خەرجییەکی خوتوخۆڕاییە؟



ڕاپۆرتەکە وەڵامی ئەم پرسیارانەی نەداوەتەوە، بەڵام بێگومان ئەو دەرەنجامە ئەگەر کەموکوڕیش بێت لەبواری هەواڵگریدا ، هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت کە ئەو خەوشەی بۆ دەوڵەتی گەورە دەلوێت بۆ وڵاتە بچووکەکان نالوێت!

لەوەدەچێت لە ئەمریکا (ئۆپۆزسیۆن)ێکی لێ نەبێت لێپێچینەوە لە پرسی وا بکات.

(98)

## ئۆپۆزسیۆنی بەریتانیا

خاتوو هارییت هارمان جێگری سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا بە توندی ئیدانەی پشێوییەکانی ئەم دواییەی بەریتانیای کرد و بە ئاشکرا هەڵوێستی حزبەکەی روونکردەوە: ئەم ئاژاوەگێڕییە هەرگیز ((پاکانەی بۆ نییە)). خانم تەنیا داوای ئەوەی کرد حکومەتی ئیئتیلافی پارێزگاران و لیبراڵ دیموکراتەکان ((پێداچوونەوە)) بە سیاسەتگەلێکی حکومەتدا بکەن کە دەشێ زیانی بە توێژی نێوان تەمەنی 13-17 ساڵ گەیاندبێت. حزبی پارێزگاران لە زمانی وەزیری پەروەردەوە وەڵامی داوەتەوە کە خەڵک پارێزگارانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی فەوزای بە جێماوی ((پارتی کرێکاران)) چارەسەر بکات. جا خانمی کرێکاران چی گوت؟ بۆ ئەوەی تێبینی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکەی بە هەڵە شرۆڤە نەکرێت، بە نەغمەیەکی داکۆکیکردنەوە گوتی: مەبەستی ئەوە نییە سیاسەتی حکومەت بە کردەوەی ئاژاوەگێڕییەکانییەوە گرێبدات.هیچ پاکانەیەک بۆ ئاژاوەگێڕی نییە و بە توندی ئیدانەدەکرێت.

ئیتر مشتومڕ بەوە بڕایەوە حکومەت و ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئیدانەکردنی ئاژاوەگێڕی و پێویستی بەرپەرچدانەوەی رێککەوتن.



ئەم حیکایەتە بۆ کوێ باشە، بێگومان بۆ کوردستان کە چاوی لە نموونەی پێشکەوتووی دیموکراسیی و ئەزموونی حوکمڕانییە.

بۆ کوردستان باشە کە ئۆپۆزسیۆنی هەیە و دووساڵە لەوەتەی پێکهاتووە هێشتا نەیتوانیوە لەگەڵ حوکمڕانی و حزبە حوکمڕانەکان بگاتە فۆرمێکی نێوەنجی بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی.

چ نموونەیەک لە دێرینترین دیموکراسی و یاسامەندترین مەملەکەتی رۆژئاوایی باشترە؟

کێ دەتوانێ موزایەدە بەسەر ئینگلیزەوە بکات لە تەجرەبەی دەوڵەتداری و دابونەریتی سیاسیی و دەستوورێکی جەنتڵمانی کە نەنووسراوەتەوە، بەڵام رۆح و جەوهەرەکەی ئەزبەر کراوە.

ئەم حیکایەتە بۆ کوردستان باشە کە ئۆپۆزسیۆنەکەی گوتی وەک بەریتانیا حکومەتی سێبەر بەرپادەکەم.

راستێکەی وەک بەریتانیا خواستن وەک بەریتانیا کردنی دەوێت.

ئەمە یەک نموونەیە لەسەر هاوهەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لە پرسە چارەنووسسازەکاندا.

ئۆپۆزسیۆن نەهات دۆخی لەندەن بقۆزێتەوە بۆ سەرکۆنەکردنی حکومەت.

بەڵام ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان لە هیچ شتێکدا دانووی لەگەڵ حکومەت و حزبە حوکمڕانەکاندا ناکوڵێ.

بێگومان ئاژاوەکانی بەریتانیا لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان ناچێ، هەرچەندە لەوەی کوردستان مەیلی بەلاڕێدا بردن و توندوتیژیش هاتەکایەوە.

بەڵام لێرە قسە لەسەر پەندەکە دەکەین: حکومەت چەند لێبڕاوانەیە لە بڕیاردان و ئۆپۆزسیۆنیش چۆن ڕاشکاوانە لە پرسە چارەنووسسازەکاندا دێتە سەرخەت.



(99)

## سەرۆک وەزیری بەریتانیا چی گوت؟

لەو بابەتانەی میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن بەلایدا ناچن و لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکەن بابەتی مامەڵەی حکومەتی بەریتانیا و دەزگاکانی ئەمنیەت و پۆلیسە لەگەڵ دۆسێی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەی لەندەن و شارە گەورەکانی بەریتانیادا.

دیمەنی وا لە میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن بزرە، لەوەدەچێ ئابوونەیان لەو ئاژانسانەی دەنگوباس نەبێت کە وێنەی دەستگیرکردن و ڕاونانی ((ئاژاوەگێڕەکان))یان گرتووە، بۆیە تیڤی و ڕۆژنامەکانیان بێبەشن لە نەبەردی چەسپاندنی قانون و داکۆکی لە بەرژەوەندی خەڵک و کەسابەت و کەلوپەلەکانیان.

بۆچی ئۆپۆزسیۆن و سێبەرەکانی لە میدیا(سەربەخۆیە)کانیان خۆیان لەو باسە دەدزنەوە؟

چونکە ئەوان وایان لە خەڵک گەیاندووە حکومەتە ڕۆژئاواییەکان بە گوڵ و مێخەک مامەڵەی بەلاڕیدا بردنی خۆپیشاندان دەکەن، ئەوان لە چەند مانگی ڕابردوودا جەماوەری خۆیان چەواشەکرد بوو کە حکومەتە مۆدێرنەکان

یاسا و ئیجرائات و زەبتو رەبتیان نییە و لە ئاستی لاساری و یاساشکێنی و بەلاڕێدا بردنی خۆپیشاندندا خەمسارد و نەرمونیانن. ئەوان چەند مانگێک بە خەڵکیان گوت خۆپیشاندان مۆڵەتی ناوێ و بەلاڕێدابەرانی خۆپیشاندان دەتوانن هەرچییان بوێ بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی بکەن و چۆنیان بوێت وا مامەڵە لەگەڵ سوپەرمارکێت و دوکان و بازاڕی کاسبکاراندا بنوێنن؟

ئۆپۆزسیۆن تەگبیری یاسایی و ئیجرائاتی حکومەتی هەرێم بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی خەڵک و نەزمی گشتییان وەک دیکتاتۆری و سەرکوتکردن وێناکردبوو، هەڵمەتێکی چاخپەرستانەیان لەم بوارەدا بەرپاکرد تەنانەت چەواشەکاریان لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانیشدا نواند کە لەوە دەچێت تەنها لە ڕێی وەرگێڕەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە هێڵکاری دۆخی کوردستانیان کردبێت.

خەڵکی بە ئاگا و دەستەبژێری سیاسیی و رووناکبیری کە هاموشۆی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانیان کردووە، ئەم چەواشەکارییەی میدیای ئۆپۆزسیۆنیان زانیوە و ئێستاش نموونەی حەسم و حەزمی حکومەتی بەریتانیا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە حکومەتایەتی کردن دەستەوەستانی نییە بەرامبەر بە لاساری، چونکە دیموکراسیی و ئازادی بەیان و خۆپیشاندان هەرگیز یەکسان نییە بە سووتان و تێکدان.



ئۆپۆزسیۆن خۆی لەم کاردانەوە یەکلاکەرەوەی حکومەتی بەریتانیا نەبان دەکات کە تەنانەت ئەگەری بەکارهێنانی سوپاشی تێکەوتووە.

با ئۆپۆزسیۆن لێدوانەکانی سەرۆک وەزیر دیڤید کامیرۆن بخوێنێتەوە ئینجا بزانن بەرپرسیارێتی دەوڵەتیی چەند هەستیار و گرنگە و دەوڵەتە مۆدێرنەکان چۆن لە پێناوی پاراستنی سەروماڵی هاولاتیان و ئازادییەگشتییەکاندا مامەڵەی لاساری و لەڕێ لادان دەکەن و لە مافی خۆپیشاندانی ئوسوڵی و ئیجازەپێدراوی جیایان دەکەنەوە.

(100)

## ماڵئاوا

هەموو شتێک وەک چۆن دەرکەوتنی هەیە کۆتاییشی هەیە، (نها)ش کە لە ڕۆژنامەدا خەبەرداری پەلە و هەنووکەیی دەدات بە تێپەڕینی ڕۆژگار کۆن دەبێ و دەبێتە بەشێک لە ڕابردوو، دەبێتە بەشێک لە ڕۆژژمێری ئەو ڕۆژگارانەی باسیان دەکا و توانج لەسەر بزاوت و ڕووداوەکانیان دەدات: (وتلک الایام نداولها بین الناس).

نها کە دەستپێکرد بە نیازی سەد دەرکەوتن بوو، وا ئەمڕۆ دەبێت جێ چۆڵ بکات و پانتایی (286)وشەیی خۆی بداتەوە دەست کوردستانی نوێ، تا نووسەرەکەی پشوویەک بدات، یان حەمزەتۆف وتەنی: بەچاوێکی نیمچە کراوەوە سەرخەوێک بشکێنێ.

ڕۆژنامەنووس قەدەرێتی جەنگاوەری واری خۆی بێت. هەموو جەنگاوەرێکیش ، شەڕکەر بێت یان خۆپارێز، بۆی هەیە پشووی جەنگاوەرانە بدات و لە سێبەری پابەندێتی نووسین پشوویەک بدات تا لە نۆرەیەکی تردا تێهەڵبچێتەوە.



(نها) ویستی چی بڵێ؟

ڕاستێکەی ئەگەر (99) ئەڵقە نەیتوانی بێت ڕوونی بکاتەوە چی دەڵێت؟ ئەمی ئەخیر فریا ناکەوێت. سەد ئەڵقەی ڕۆژانە هەر دەبێ ڕەنگدەرەوەی چوار مانگی ڕابردووی دۆخی گشتی بێت لە کوردستان تا جیهان، چوار مانگی ئاوس بە هەڵکشان و داکشانی سیاسەت و ململانێ لە ناوخۆو دەرەوەدا، مینبەری (نها) لەوەدا بە هەڵسەنگاندن و ڕەدوبەدەل بەشدارە، سەکۆی بیروڕای نووسەر بوو لە سەر ئەوەی قەوماوەو دەقەومێت. یانی دەرەنجام ئەمە دنیایە لە چوار مانگ و لەڕوانگەی نووسەرێکەوە کە لایەندارەو بۆ کەسێک بخوازێت تەواوی وێنەکە ببینێ دەبێ لە شوێنی تر بەدوای ڕوانینی ئەوانی تردا بگەڕێت تا بزانێت ئەوان چ دەفەرموون و لە چیدا لەگەڵ نها بنووس یەکدەگرنەوە و لە چیدا لەگەڵی موخالیفن؟

ئایا دونیاکەمان بەو شێوە بوو کە ئەم گۆشەیە وێنای کردووەو بەو شێوەیە دەبێت کە پێشبینی کردووە، ئەمە خوێنەر دەتوانێت هەڵیسەنگێنێ و دەمودەورانیش دەتوانن لە مەنگەنەی واقیعی بدەن.

بەڵام ئەگەر هیوا بخوازم هیوام وایە ئەوی لە(نها)دا پێشبینیم کردووە لە خێرو خۆشی سا خوا بەدی بێت و ئەوی بە چاویلکەی ڕەشەوە لێم ڕوانیووە خوایە فیشەکی سەرچیغ و لە نیشتنەوەشدا چروک بێت تا زیانی بۆ هیچ بنیادەمێک نەبێت.

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
## ساڵی (2010 - 2011)

| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | 2010 |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | 2010 |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | 2010 |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | 2010 |
| 329 | 2010 ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاکم قادر حمەجان عزیز | 2010 |
| 330 | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | 2010 |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | 2010 |



| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | 2010 |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | 2010 |
| 334 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | 2010 |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | 2010 |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | 2010 |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | 2010 |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | 2010 |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | 2010 |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | 2010 |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | 2010 |
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | 2010 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | 2010 |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | 2010 |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (1) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | 2010 |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (2) | خەلیل عەبدوڵلا | 2010 |
| 347 | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (3) | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 348 | گۆڤاری کەلتور | | 2010 |
| 349 | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (1970 ـ 1972) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | 2010 |
| 350 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (4) | تەحسین نامیق | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 351 | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (5) | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 352 | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (6) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | 2010 |
| 353 | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (7) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | 2010 |
| 354 | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | 2010 |
| 355 | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | 2010 |
| 356 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | 2010 |
| 357 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | 2010 |
| 358 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | 2010 |
| 359 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | 2010 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 360 | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 10 | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | 2010 |
| 361 | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 11 | فريد اسسرد | 2010 |
| 362 | گۆڤاری کەلتوور | | 2010 |
| 363 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: سالح رەحمان | 2010 |
| 364 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسية: احمد حيدر علي | 2010 |
| 365 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (12) | ڕێبین حەسەن | 2011 |
| 366 | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. 13) | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| 367 | جیهانگیری ، فاکتەرو | | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (14) | مەلا بەختیار | 2011 |
| 368 | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (15) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 369 | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (16) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 370 | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (18050-1914) | هەستیار کەمال کوردی | 2011 |
| 371 | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | 2011 |
| 372 | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن | 2011 |
| 373 | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 374 | ئاغاو شێخو دەوڵەت | ن. مارتین ڤان | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | بەرگی دووەم | برونەسن<br>و. لەئەڵمانییەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | |
| 375 | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | 2011 |
| 376 | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (1991-2005) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | 2011 |
| 377 | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (1975-1992) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 378 | سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشیاری (17) | د. نوری تاڵەبانی | 2011 |
| 379 | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(18) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | 2011 |
| 380 | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرک، ژ. ز. (19) | بەختیار جەبار شاوەیس | 2011 |
| 381 | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (20) | عابد خالد ڕەسول | 2011 |
| 382 | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی | ن. عەبدوڵلا عەنزی | 2011 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئیماراتدا، ژ. ز. (21) | و. سەردار عبدالكريم | |
| 383 | کورد و پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | 2011 |
| 384 | تیرۆریزم هەڕەشە و مەترسیەکان | عادل عەلی | 2011 |
| 385 | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | 2011 |
| 386 | کەلتور – ژمارە (3) | | 2011 |
| 387 | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| 388 | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 389 | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي | 2011 |
| 390 | کورتەیەک لەتاوانەکانی ڕژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز ڕەمزی | 2011 |
| 391 | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 392 | سیاسەت لەنێوان بیرو | و. مظفر عبدالوهاب | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | جێبەجێکردندا | | |
| 393 | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد<br>لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(1) | ئەنوەر حسێن بازگر | 2011 |
| 394 | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | 2011 |
| 395 | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (25) | ئەنوەر حسێن بازگر | 2011 |
| 396 | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ذ. ز. هؤشياری (26) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنی ويس | 2011 |
| 397 | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (27) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن<br>شاکر | 2011 |
| 398 | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (28) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | 2011 |
| 399 | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(29) | خەلیل عەبدوڵڵا | 2011 |
| 400 | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ز. هۆشیاری، ژ. (30) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 401 | دیموکراسی‌و بنەماکانی<br>گەشەپێدانی سیاسی، ژ. ز. | ن. حەمید حسێن کازم<br>ئەلشەمەری | 2011 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | هۆشیاری ، ژ(31) | و. عادل عەلی | |
| 402 | ثورة كوردستان ومتغيرات<br>العصر (طبعة ثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة و مراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | 2011 |
| 403 | ئەرکەکانی خەبات<br>لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | 2011 |